ڕەخنەی ئەدەبی

# ڕەنگڕێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کورددا

## فازیل شەڕۆ

٢٠٢٣

**ناوی کتێب: ڕەنگڕێـژیی ژینـگە لە شـیعری منـداڵانی کوردیـدا**

**بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی**

**نووسەر: فازیل شـەوڕۆ**

**پیتچن: نووسەر**

**هەڵەبڕ: هەمزە عەباس فەقێ**

**دیزاینی بەرگ: عادل زرار**

**خەتی بەرگ: نەوزاد محەمەد کۆیی**

**دیزاینی ناوەڕۆک: توانا ئەحمەد**

**شوێنی چاپ: چاپخانەی**

**نۆرەی چاپ و سـاڵ: چاپی یەکەم، ٢٠٢٣**

**تیراژ: ٥٠٠ دانـە**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی کتێبخانە گشـتییەکان لە هەرێمی کوردستان، ژمارەی سـپاردنی (٨١٨)ی لە (٢٠٢٣/٨/٢) پێدراوە.

ئەم کتێبە بە سوپاسەوە

لە بەرکی (سامان صەمەد - سامانە ڕەش) چاپ کراوە

مافەکانی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

پێشکەشە بە:

خەمخۆرانی ئەدەبی منداڵان

# پێڕست


کێ ئەم کتێبەی پێنووسیم؟........................................................٥
بەرکوڵ..........................................................................٨
ژینگە و ژینگەی منداڵ ........................................................١٢
مەبەست لە «ژینگە» چییە؟.....................................................١٣
ئایە منداڵ ژینگەی خۆی هەیە؟.................................................١٥
شـیعر و ژینگە.................................................................١٨
شـیعر و ژینگە.................................................................١٩
پەیوەندیی نێوان شاعیر و ژینگە ...............................................٢٣
تەوەرەی پڕاکتیزەکردنی بابەتەکە ..............................................٣٠
بونیاتی ژینگەی بابەتی (واقیعی)...............................................٣١
بونیاتی ژینگەی دەروونی .......................................................٣٧
بونیاتی ژینگەی هزری .........................................................٤٣
بونیاتی ژینگەی هونەری .......................................................٤٩
بونیاتی ژینگەی ئیمیجی.......................................................٥٣
بونیاتی ژینگەی پەرەوەردەیی..................................................٥٦
بونیاتی ژینگەی فەرهەنگی.....................................................٦١
بونیاتی ژینگەی ڕەفتاری.......................................................٨٢
بونیاتی ژینگەی جوانناسی .....................................................٨٧
بونیاتی ژینگەی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی......................................٩٠
شکاندنی تەیمانی ژینگە لە هێندێ شـیعری منداڵاندا ...........................٩٣
ئـاکـام............................................................................١١٠
سـەرچـاوەکـان .....................................................................١١٩

## کێ ئەم کتێبەی پێنووسیم؟

لە ١٧ی تەمووزی ٢٠٢٣، لە پانێلێکدا بە ناوی (ڕەنگڕێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا) لە یەکەمین (دیداری لەتیف هەڵمەت بۆ ئەدەبی منداڵان) لە سلێمانی بەشداریم کرد. دیدارەکە لە لایەن دامەزراوەی کەریمی عەلەکە بە هاوکاریی (ئەنجوومەنی ئەدەبی منداڵان)ی سەر بە بەڕێوەبەراتیی ڕۆشنبیری منداڵانی سلێمانی بەڕێوەچوو – دامەزراوەی کەریمی عەلەکە، لەلایەن ئەدەبدۆست دکتۆر تەها ڕەسووڵەوە سپۆنسەر دەکرێت.

دیدارەکە کە تایبەت بوو بە ئەدەبی منداڵان، (١٢) پانێلیست تێیدا بەشدار بوون و لەتیف هەڵمەتیش وتارێکی جوانی پێشکەش بە ئامادەبووان و میدیاکان کرد و هەر لەو بۆنەیەدا، ڕێکخەرانی ئەو دیدارە ئەو شاعیرە مەزنەیان خەڵات کرد.

لە هەڵسەنگاندم بۆ کۆ بابەتە پێشکەشکراوەکانی ئەو دیدارە و تێبینی و سەرنجەکانم، گەیشتمە ئەو قەناعەتە، کە ژینگە، وەک بابەت و چەمک و بایەخ، حزووری گەرمی لە شیعری منداڵانی کوردیدا هەیە، بەڵام لە درز و کەلێن و کەندڕ و زەندوڵ خاڵی نییە، بگرە لە هێندێ دەقە شیعردا، خەرەندیشی تێدەکەوێت. بۆیە لە سۆنگەی خەمخۆریمەوە، وەک ڕەخنەکارێکی خاوەن گوتار و پەیامی تایبەت بەخۆم، بریارمدا، کە ناونیشانی بابەتەکەی خۆم بکەم بە کتێبێک.

ئەم کتێبە، کە جگە لە هزر و بیری خۆم، زادەی (٥٥)

سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییە، بە دیاریی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و هاوکارەکەی دەزانم، کە بە سوپاسەوە، ناراستەوخۆیانە، پێشکەش بەمنیان کرد. ئەگەر ئەوان منیان بۆ ئەو دیدارە بانگێهشت نەکردبایە، ئەو کتێبە چاوی بە دونیا هەڵ نەدەهێنا.

جا، ڕێکەوتێکی جوانیش بوو، ئەو ڕۆژەی کتێبەکەم ئامادە دەکرد بۆ دیزانین، هاوڕێی قەدرگران، سامان صەمەد، لە هۆڵەنداوە، لە ڕێی دۆستێکی ئازیز، ئامادەیی خۆی نیشان دابوو بۆ لە ئەستۆگرتنی چاپکردنی یەکێک لە کتێبەکانم. بەم جۆرە خەرجییەکەی ئەم کتێبە بە نسیب ئەو بوو.

هیوادارم، ئەم کتێبەشم، جێگەی ڕەزامەندیی خوێنەرانی بێ.

فازیل شەوڕۆ
٢٠٢٣/٧/٢٩
کۆیە

# ڕەنگڕێـژیی ژینـگە
# لە شـیعری منـداڵانی کوردیـدا

## بەرکوڵ:

کەمنیـن ژمـارەی ئـەو زمانناسـانەی لـە تێوریـی چونیەتیـی «سـەرهەڵدانی زمـان»دا لـەو بـاوڕەدان کـە لاسـاییکردنەوەی دەنگەکانـی سرووشـتی دەوروبـەری مرۆڤـی دێریـن، یەکەمیـن مامۆسـتای داهێنـەری زمـان بـووە، کەواتـە، گـەر ئـەو تیۆرییـە بـە پەسـند و شـیاو بزانیـن، دەبێ لەدایکبوونـی شـیعر، بـۆ سـەردەمی لـە دایـک بوونـی زمـان بگەڕێنینـەوە، چونکـە دەنگەکانـی سرووشـت، خۆیـان ئـاوازی پـڕ ڕتـم و ڕزم و مۆزیـک و دەنـگ و سـەدای بـە جـۆش و خرۆشـی دڵڕفێنـن؛ چەهچەهـەی بولبـول و ورشـە ورشـی گـەڵا و چکەچکـی سـولاو و خووڕەخـوڕی جۆگەلـە و هـاژەی ڕوبـار و شـڵپوهۆڕی دەریـا و... تـاد. .

جـا لەگـەڵ گەشـەکردنی مێشـکی مـرۆڤ و گۆڕانـی گـوزەران و شـێوازی ژیانـی، سـەردەمی چەکەرەکردنـی ئەفسـانە و داسـتان و حیکایـەت و چیـڕۆک و شـیعری میللـی و بەنـد و بالـۆرە و ...تـاد.، دەسـتپێدەکات، تـا دەگەینـە ئـەم ڕۆژگارەی ئیمـڕۆ، کـە خـاوەن هـەزاران زمـان و گەنجینـەی یەکجـار مەزنـی بێشـومارین لـە فەرهەنـگ و کەلتـوور و کتێبخانـە و ئەرشـیفخانە.

کەواتـە، ئاسـاییە کـە یەکـەم سـەرهەڵدانی ئەدەبـی کوردیـش، وەک ئەدەبـی زارەکـی، سـەرچاوەکانی ئەفسـانە و داسـتان و حیکایـەت و چیـڕۆک و شـیعری میللـی و بەنـد و بالۆرە...تـاد، بـن، بەڵگـەش ئەوەیـە کـە تاکـو ئیمـڕۆ خەلـە و خەرمانێکـی جـوان و لـە قیمەتنەهاتوومـان لـە بـاب وباپیرانمـان، لـەو ئەدەبـە، بـە میـرات بـۆ بەجێمـاوە.

بەڵگـە نەویسـتە کـە مێـژووی نووسـین لـە زمانـی کوردیـدا زۆر دێریـن نییـە، کەواتـە مێـژووی ئەدەبـی تۆمارکراویشـمان زۆر دێریـن نییـە، هەرچەنـدە ئـەوە بـە واتـای نەبوونـی ئـەو ئەدەبـە نییـە، پێـش سـەردەمی نووسـین. کەواتـە مێـژووی ئەدەبـی منداڵانیـش، تەواوێـک درەنگتـر دوای تۆمارکردنـی ئەدەبی کـوردی کەوتووەتـە بەردەست. ڕەزا شـوان دەنووسێت:" مێـژووی نوێـی ئەدەبـی منداڵانـی کـورد، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی بیسـتەمی ڕابـردوو، بـە تایبەتیـش بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو. کۆمەڵێـک لـە شـاعیرە ناسـراوەکانی کـورد، لـە پـاڵ نووسـینی شـیعر بـۆ گـەورەکان، منداڵانـی کوردیشـیان فەرامـۆش نەکـردوون و بـە شـیعری ناسـک و ئاسـان، دڵـی وانیشـیان خـۆش کـردووە. لەوانـە: پیرەمێـرد، فایـق بێکـەس، گـۆران، هـەژار موکریانـی، زێـوەر، موفتـی پێنجوێنـی، جگەرخوێـن، قانیـع، کامـەران موکـری، نەجمەدیـن مـەلا، یونـس دڵـدار، نـووری شـێخ سـاڵح، کامـەران بەدرخـان، عوسـمان سـەبری، دڵـزار، تیرێـژ، قـەدری جـان، ... هتـد."[١]

کۆنتریـن کتێبـی چاپکـراو بـۆ منداڵانـی کـورد، کتێبـی (نووبەهـارا بچـووکان) ە، لـە دانانـی شـاعیری نەمـری کـورد (ئەحمـەدی خانـی: ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧) کـە لـە سـاڵی (١٦٨٢) دا، چاپکـراوە. مامۆسـتا شـاکیر فەتـاح، هەشـت چیرۆکـی بـۆ منـداڵان، لـە زمانی عەرەبییـەوە گۆڕیـون بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و لـە سـاڵی (١٩٣٥) دا، لـە کتێبێکـدا لـە بەغـدا چاپـی کـردوون. هـەر مامۆسـتا شـاکیر فەتـاح، لـە سـاڵی (١٩٤٨) دا، کتێبـی (هاوڕێـی منـاڵ)ی بـە چـاپ

1)dengekan.ca/archives/28062

گەیانـدووە.[٢]
لەتیـف هەڵمـەت (١٩٤٧ــ ) یەکـەم شـیعری بـۆ منداڵان لـە سـاڵی (١٩٧٥) نووسـیوە و لـە ڕۆژنامـەی (پاشـکۆی عێـراق) دا بـڵاوی کردووەتـەوە، یەکـەم کۆبەرهەمـی چاپکـراوی بـۆ منداڵانیـش لـە سـاڵی (١٩٧٩) بـە نـاوی (جوانتریـن دێ) چـاپ کـردووە.
دەکـرێ - لـە دیـدی منـدا، قۆناغـی نوێـی ئەدەبـی منداڵانـی کـورد، وەک قۆناغێکـی سـەردەمیانە و مۆدێـرن، بگەڕێنینـەوە بـۆ دوای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو، کـە بـە هەمـوو ڕشـتە ئەدبییەکانـەوە، هاتـە مەیـدان، هەرچەنـدە هێنـدێ لـە ڕشـتەکان کاڵ و کـرچ بـوون و کـەم بـوون بـە ژمـارە، وەک ڕۆمـان و چیرۆکـی درێـژ و شـانۆنامە. ئیمـڕۆ، (٢٠٢٣)، خـاوەن سـەدان کتێب و سـەرچاوەین دەربـارەی ئەدەبـی منـداڵان. دەتوانیـن نـاوی پتـر لـە (٧٠) شـاعیر و نووسـەر و ئەدیـب، کـە لـەم بـوارەدا بەرهەمیـان هەیـە، تۆمـار بکەیـن.

## ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوە:

جیهانـی ئەدەبـی منـداڵ گەلێـک فـراوان و فرەلایـەن و مـژارە، هاسـان نییـە، لـە یـەک لێکۆڵینـەوەی چوارچێـوەداردا ، بکـرێ هەمـوو ڕشـتەکانی بخرێنـە سـەر دەزگا و ئاسـنگەرییان تێـدا بکرێ، بۆیـە لێـرەدا مـن، لـەم لێکۆڵینـەوەدا، هـەر شـیعری منداڵانم هەڵبـژاردوە، بـەڵام! ڕووبـەر و ئاسـمانی شـیعری منداڵانیـش، بایخـۆی فـراوان و فرەڕەنـگ و فرەدەنـگ و بـوار و کایەیـە. لێـرەدا «ژینگـە لـە شـیعری منداڵانـدا“ کراوەتـە کرۆکـی تـەواوی بابەتەکەمـان، لەبـەر ئـەوەی:

---

٢ ) سەرچاوەی پێشوو.

- ژینگە بایەخێکی هێندە بەوەج و بەکاری لەسەر ژیان و بوونی ئێمە بوونەوەر و گەردووندا هەیە، کە ڕۆژ نییە، لە مینبەر و سەکۆکانی سەردەمدا قسەی لەسەر نەکرێ.
- ژینگە، ئیمڕۆ، پانتاییەکی فراونی لە شیعری منداڵاندا بە تایبەتی و لە ئەدەبی واندا بە گشتی دادەپۆشێ.
- ئەم بابەتە زۆرکەم، ڕەخنەکارانە کاری لەسەرکراوە. عەوجەیە بە دەوڵەمەندکردنی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمییانە و سەردەمیانەی پووخت و بە سوود.
- ئاگادارکردنەوەی شاعیران و نووسەرانی ئەو مژار و بوارە، لە ڕەهەند و بایەخ و ڕووبەر و سەنگ و قیمەتی ژینگە، ڕەنگبێ، بۆ ئەوان، ئەزموونبەخشێکی نوێ بێ، بە تایبەتی ئەگەر بێشەرم و شکۆ، لایەنە لاوازەکانی دەقەکان، لەم ڕووەوە دەستنیشان بکرێن و ڕووە پڕشەنگدارەکانیان ڕۆشنیان بخرێتە سەر.
- دەکرێ، ئەم کتێبە بکرێتە کانگا و ژێدەر، بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بەر فراونتر، تەنانەت بکرێتە بابەتی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە قۆناغی ماستەر و دکتۆرا لە بواری ئەدەبی منداڵاندا.

# ژینگە و ژینگەی منداڵ

## مەبەست لە «ژینگە» چییە؟

لـە زاراوە سـازیدا وشـەی «ژینگـە» کـە زۆردەمێـک نییـە کەوتووەتـە سـەر زاران و لـە هەمـوو فەرهەنگێکـی کوردیـدا نابینرێـت، وشـەیەکی لێکـدراوە لـە «ژیـن + گـە»، کـە دەکاتـە «ژیـان + شـوێن»؛ «کا» لـە بـۆ ئاسـانکاریی ئاخاڤتـن، بـووە بـە «گـە». وەک لـە زۆر وشـەی دیکەشـدا دەبینرێـت. لـە فەرهەنگـی هەنبانـە بۆرینـەدا، وشـەی «ژیـن»: بـە واتـای «زیندەگـی، ژیـان، ژێ» هاتـووە و وشـەی «ژیـار» بـە واتای «زیندەگی شارەستانیانە» هاتـووە. [3]

لـە فەرهەنگـی ئەناهیتـادا هاتـووە: «ژینگـە: جیـوار، دۆراهـی – دۆروبـەر، دوربـەر – دەورەبـەر، ژیانگـە- شـونوار، شـوێنەواری، ناوەنـد.»[4]

بـەڵام وەک چەمـک، «ژینگـە» لـە کوردیـدا، ئاماژەیـە بـۆ دوو زاراوەی جیـاواز:

یـەک: دەوروبـەر (Environment): کـە ئاماژەیـە بۆ ئـەو ناوەنـدە سروشـتییە هاوسـەنگەی کـە زینـدە بوونـەواران بـە هاوسـەنگی تێیـدا دەژیـن و پێکدێـت لـە کۆمەڵێـک هـۆکار و گۆڕانکاریـی کیمیایـی و فیزیکـی و بایۆلـۆژی لـە چوارچێـوەی جوگرافیـای بوونەوەرانـدا.

دوو: ژینگەناسـی (Ecology): کـە واتـای زانسـتی ژینگـە یاخـود ژینگەزانـی دەدات. تایبەتـە بـە لێکۆڵینـەوە زانسـتیانەی

---

٣ ) هەژار، هەنبانە بۆرینە، تاران، ل. ٣.٢ / ٤٣٢

4) https://ferheng.info/alfba/22998/

پیکهاتەکانی ژینگە، دیاریکردنی کار و چالاکییەکانی مرۆڤ لەو ژینگەیەدا. ئەم زاراوەش لە ساڵی (١٨٦٦) لە لایەن زانای ئەڵمانی ئەرنست هایکڵ داهێنراوە؛ ”Oikos“ بە واتای «خانوو» یان «ماڵ»، وە ”logos“ بە واتای «زانست» دێ.[٥]

ئیمڕۆ ئەم زانستە زۆر بایەخی پێدراوە، لق و پۆپی زۆری لێبووەتەوە. زانستەکانی ژینگە (Environment Sciences)؛ بریتییە لە هەموو ئەو زانستانەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگەوە وەک زانستی زەویناسی، کەشناسی، زیندەوەرزانی، فیزیک، کیمیا، خاک، ئابووری، دارستان، ئاو، دەریا و... هتد. زاراوەی ژینگە پەڕیوەتە نێو زۆربەی بوارەکانی سەردەم، وەک ژینگەی ئەستێرەیی، ژینگەی دەروونی، ژینگەی مرۆڤ، ژینگەی تەیروتوار، ژینگەی ڕووەک، ژینگەی پزیشکیی، ژینگەی منداڵ...تاد.. هەرچی ”ئیکۆسیستم“ە (Ecosystem) بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و بنەما و مەرجی خۆڕێکخستنەوەی تاکی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەر و ئەو شوێنەی تێیدا دەژی بە هەموو ڕووەک و بوونەوەرکانی دەوروبەر و بە دۆخی کەش و هەواوەشەوە.[٦]

ژینگەش دوو جۆرە: ژینگەی سرووشتی و ژینگەی دەستکرد. دیارە ژینگە سرووشتییەکە خوداکردەیە لە شاخ و داخ و بیابان و دەریا و دارستان و ئاسمان و خۆر و ئەستێرە...تاد، دەستکردەکەش، شار و گوند و کارگە و کارخانە و باڵەخانە و فرۆکەخانە و شتەدەستکردەکانی دیکە دەگرێتەوە.

5) zzhinga.blogspot.com/p/zhinga-chya.html

6) education.nationalgeographic.org/resource/ecosystem/

## ئایە منداڵ ژینگەی خۆی هەیە؟

زاراوەی (ژینگە) ڕووبەر و پێناسەیەکی فراونتری هەیە لەوەی خەڵکی عەوام پێی ئاشنان، وەک ئەو شوێن و دەوروبەرەی تێیدا دەژیت. ڕاستە تۆ لە شارێکی گەورە، یان لە شارەدێیەک، یان لە گوندێکی لاچەپ دەژیت و ژیان بەسەر دەبەی، بەڵام هەر ئەو دەوروبەرە، ژینگەی تۆ نییە. ژینگەی (بوون)ی تۆ گەلێک لەوە فراوانترە، سنوور دەبەزێنێت بۆ شارە دوور و مەملەکەتە دوورەکانی دەرودراوسێ، بگرە بۆ کیشوەرەکانی دیکە، تا دەگاتە هەسارە و کۆی گەردوون. جاران گەر کانی و کانیاوی گوندەکەتان وشکیکردبایە، دەبووە خەم و کێشە و دژوواریی خەڵکی ئاوایی ئەو گوندە، ئیمڕۆ لە سارای ئەفریقیا گەردەلول هەڵکات، یان لە پاکستان لافاو هەڵسێ، یان لە ئەندەنووسیا گڕکان بتەقێتەوە، کوێرەدێیەکەی ئێوەش زەرەرمەند دەبێ. شەپۆلی موگناتسی خۆر و جوولەی چەقی زەوی و ڕژانی گەلەستێرەکانی ئاسمان، ناهاوسەنگیی بەرگەی ئاسمان و ڕەنگە تیشکە سەرو وەنەوشەییەکان و خوار وەنەوشەییەکان ...هتد. کاردەکەنە سەر هەناسە و ئاو و هەوای وڵاتەکەی تۆ. بۆیە تا پتر بایەخ بەلایەنی (پارێزگاریکردن و گەشەکردنی ژینگە) بدەین کەمە و دەبێ ئەرک و چالاکی و خەونەکانمان فروانتر و تۆکمەتر و داهێنەرانەتر بکەین.

منداڵیش بوونەوەرە و وەک ئەوانی دیکە هەناسە دەدات و دەخوا و دەخواتەوە و دەبینێت و بۆن دەکات و تام دەکات .... تاد. کەواتە هەم پێویستی بە ژینگەیە و هەم ژینگەی تایبەت بە خۆشی هەیە.

دەکرێ، بڵێین، جیاوازیی لە نێوان ژینگەی منداڵ و ژینگەی مەمانانی گەورە، ئەوەیە کە ئێمە هەر یەک تاکە ژینگەمان هەیە، بەڵام منداڵ (٢) ژینگەی هەیە. چۆن؟

زاراوەی (منداڵ) لێرەدا تا دوای تەمەنی هەرزەیش دەگرێتەوە. ژینگەی یەکەمی منداڵ ئەو سرووشت و دەوروبەرەیە کە (ئێستا) تێیدا دەژی: ماڵ، باخچەی منداڵان، قوتابخانە، دەورەبەری ماڵ، ئاژەڵ، ڕووەک و سەوزاییەکان ....تاد. دەکرێ ئەو ژینگە ناو بنێین (ژینگەی کاتی، یان ژینگەی سەردەمی منداڵی). ژینگەی دووەم؛ (ژینگەی ئایندەیە) کە ڕاستەوخۆ بەرهەم و درێژەپێدەری ئەو ژینگەیە کە لەسەردەمی منداڵی پارێزگاری لێکردەوە، یان شێواندویەتی و کاولی کردوە! واتا (ژینگە هەمیشییەکەی).

کەواتە ژینگە هەمیشییەکە، بەرهەمی هۆشیاریی و کار و ئەرک و خزمەتی ژینگەکەی سەردەمی منداڵییە. جوانیی یەکەمیان لە جوانیی دووەمیاندا دەرکەوێ و تەڵخی و وێرانەییشیان بەهەمان شێوە.

لە پێشدا دەبێ، ئەوە بزانین، کە منداڵ، هیچ دەربارەی ژینگە و دەوروبەر و سرووشت نازانی. نازانی بۆ دەبێ لەو گوندە لەو شارەدێیە یان لەو گەڕەکەی ئەو شارە گەورەیەدا دەژی؟ وادەزانێ هەموو جیهان هەر وەک ماڵ و قوتابخانە و گەڕەکەکەی خۆیانە. خۆ کە سەیری ئەو جاڕنامە و بەیاننامە جیهانیانە دەکەین کە ڕێکخراوە زەبەلاحە باڵادەستەکان ئامادەیان دەکەن و دەریان دەکەن، زۆر کەم ئاماژە بە (ژینگەی منداڵ) دەکرێت. دەبێ لە نێو دێڕەکاندا، بە دوای ئەو بەند و بڕگە و خاڵانەدا بگەڕێین کە باس لە ژینگەی منداڵ دەکات. بۆ

نموونـه لـه جاڕنامـەی مافـی مـرۆڤ، کـه نەتـەوه یەکگرتـووەکان دەریکـردوه، هیـچ ئاماژەیەکـی ڕاسـتەوخۆی بـۆ ژینگـەی منـداڵ نەکـردوه، لـێ لـه بەنـدی (٦) دا، مافـی ژیـان و مانـەوه باسـکراوه، لـه بەنـدی (٢٤) دا، مافـی تەندرووسـتی و لـه بەندەکانـی (٢٨ و ٢٩) دا، مافـی خوێنـدن و بەنـدی (٢٧) ئاسـتیی ژیانێکـی شـیاو و گونجـاو. جـا چونکـێ منداڵێـش بەشـێکه لـه پێکهاتـەی خێـزان و کۆمـەڵ، دەکـرێ بڵێیـن، ئـەو مافانـه (دەبـێ) منداڵێـش بگرێتـەوه.

جاڕنامـەی (مافـی منداڵ)یـش لـه گاڵتەجاڕییەکـی پـووچ بـەولاوه، هیچـی دیکـەی تێـدا نییـه بـۆ منـداڵ. داتاکانـی جیهانـی لـه (٢٠٢٣) دەڵێـن پتـر لـه (١٦٠) مليـۆن منـداڵ کاری قورسـيان پێدەکرێـت، پتـر لـه (٦٥٧) مليـۆن منداڵـی تەمـەن پێنـج ساڵـی نەچوونەتـه قوتابخانـه، پتـر لـه (١١٨) مليـۆن کـەس ئـاواره و دەربـەدەرن لـه جيهـان، پتـر لـه نيوەيـان منداڵـن، ئـەوه لـه دەرد و نەخۆشـی و برسـييەتيی منـداڵان هـەر مەپرسـه!

# شیعر و ژینگه

## شیعر و ژینگە:

وتووێژکردن دەربارەی ئاوێتەیی نێوان شیعر و ژینگە زۆر دێرینە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون و هیبۆکرات و ئەرستۆ وە تیوفراستوس (Théophraste) کە شاگردی ئەرستۆ بووە و توێژینەوەی دەربارەی پەیوەندیی نێوان بووەنەوەرکان کردوە.[٧]

گەر بمانەوێ بە وردی کنە و پشکنینی ئەو پەیوەندییە بکەین دەبێ سەر بە ئەدەبی گریک و یۆنانی دێرین داگرین، چونکە فەیلەسوفەکانی ئەوان ڕۆژگارێکە چەمک و ئامانجی شیعرییان پێناسە و دیاری کردوە و لەوە بوونەتەوە کە ژینگە دایکی شیعرە و توانای ئاڕاستەکردنی مرۆڤەکانی هەیە بەرەو چاکە و خراپە، دەبینین ئەفلاتون هۆشداری لە شاعیران و شیعرەکانیان دەدات؛ چونکە بە بڕوای ئەو، خورافاتەکان و بابەتە نزمەکان بەرەوپێش دەبەن کە سروشتی مرۆڤەکان گەندەڵ دەکەن و ئەو حوکمەش دیارە ئەنجامی تێبینییەکی ڕەخنەگرانەی ئەفلاتونە لە واقیعی زیندووەوە سەرچاوەی گرتووە. لە بەرامبەردا، دەبینین ئەرستۆ لە ڕوانگەیەکی نوێوە سەیری پەیوەندییەکە دەکات و لە ڕێگەی هۆشیارییەوە لە سروشتی شیعر دەڕوانێت.[٨] ڕاستە، واتە لەسەر بنەمای خەیاڵ، کە مەرج نییە لەگەڵ واقیع و ڕاستییەکانیدا بگونجێت، بەڵکوو دەتوانێت لەوە تێپەڕێت، یەکەمیان بە هەوڵدان بۆ کامڵبوون لە خودی واقیعدا و دووەمیان پێوەری شیعریی شیعر خاڵی

7) zzhinga.blogspot.com/p/zhinga-chya.html

٨) أحمد المنياوي: جمهورية أفلاطون، ص ١٢٨

سەرەکی پیشەسازییەکەیەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ژینگە فیکرییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تێیدا سەرچاوەی گرتووە لە ڕێگەی ئەوەی کە لە ڕووی چەمکی شیعرەوە ئاماژەی پێدەکات، و بنەمایە لەسەر وێناکردنی ئەوەی کە مەبەست لەو دەرەوە چییە، کە تێیدا دەرەوە بە شێوەیەکی ئاوێتەیی جیاوازی هەبووە. واتە کەرەستە شیعرییەکان لە دەرەوەی خودی شاعیر دەستدەکەون، ئەو (دەرەوەیەش) بێگومان ئاماژەیە بۆ دەوروبەر کە ئێمرۆ ناویان لێناوە ژینگە. ئاوێتەبوونی توخمە دەرکییەکان لەگەڵ خەیاڵ و سرووش و هەست و نەست و زمانی شاعیر. وەک بڵێی شاعیر فۆتۆگرافەر بووە.

لە نێوان ژینگە و شیعردا، کۆڵەگەیەکی هاوبەش هەیە، ئەویش جیهانی هۆشیارییە، بە واتا فەلسەفییەکەی کە وزەیەکی خودییە بۆ تیگەیشتن لە دەورووبەر و مرۆڤ و جهانی دەوروبەر. نەبوونی ئەو هۆشیارییە، تێڕامانی ئێمە بۆ دەوروبەر یەکسان دەکات بە سفر، ئەو هۆشیارییەش لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ، هۆشیاریی تێگەیشتنیی، واتا شیتەڵکاری و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەوروبەر. وە هۆشیاریی هەستەوەرەکان، ئەو شتانەی کە بە هەستەوەرەکان تێدەگەین وەک هەنە. بەم شێوەیە هەرچی دەق هەیە دەرهاویشتەی ئاوێتەبوون و بەریەککەوتنی ئەو دوو هۆشیارییەیە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بەو واتایەی هەموو دەقێک، هەرچەند نوێ و داهێنەرانەبێ، بنج و ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ئەو دوو هۆشیارییە کەڵەکەبووەی هزری مرۆڤ. ئەگەر وانەبووایە، بۆچی شاعیرانی پێش دوو هەزار ساڵ، شیعرەکانیان وەکو هی ئەم سەردەمە نین؟ خودی مرۆڤ خاوەنی چەندین توانا

و هێـز و بەهرەیـە، کـە  لەڕێـی هۆشـیاریی لـە پراکتیزەکردنیانـدا بـە شـێوازی هەمەچەشـن، مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکات و بەرهـەم و ئەفرانـدن و داهێنانـی نـوێ دەخولقێنـێ.[9]

دەبینیـن (ئامەنۆئیـل کانـت ١٧٢٤ - ١٨٠٤) لـە باسـکردنی پرسـی هۆشـیاریدا، چەمکـی "تێگەیشـتن و خەیـاڵ" بەکاردەهێنێـت، وەک چـۆن عەقـڵ و هەسـت، تێکـەڵ دەکات و پێـی وایـە زانینـی شـتەکان پەیوەسـتە بـە عەقڵـەوە، کـە ماددەکانـی لـە ئەزمـوون و بـوارە هەسـتیارەکانەوە وەردەگرێـت. واتـە عەقـڵ داینەمـۆی تێگەیشـتنە، لـە هەمـان کاتیشـدا دەرهاویشـتەیە و دەرئەنجامـە، هەروەهـا ئـەو زانسـتەیە کـە نوێنەرایەتیـی دەرئەنجامێکـی دەروونـی دەکات، کـە دەوروبـەر ژێدەرەکەیەتـی. ئـەو دەڵـێ هـزر مەلەکوتـی تێگەیشـتنە کـە (٣) ئەرکـی هەیـە:

١) توانسـتێکی حسـییە کـە هەرچـی هەسـتپێکراو هەیـە وەریدەگـرێ.

٢) وێناکێشـی ئـەو ئیمیجانەیـە کـە خـۆی خەیاڵـی دەکا یـان وێنـای دەکا.

٣) توانـای کەشـفکردنی حەقیقەتەکانـی هەیـە و مەیلـی بیرکردنـەوەی تێڕامانـی هەیـە بەمەرجێ هزرەکـە بیگـەرد و ڕوون و پـاک بـێ.[10]

ئەمانـەش، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، میکانیزمـی وەبەرهێنانی شـیعرن لە هـزردا.

---

٩) أيمـن محمـد فتحـي عامـر، أثـر الوعـي بالعمليـات الإبداعيـة والأسـلوب الإبداعـي فـي كفـاءة حـل المشـكلات، مخطـوط رسـالة دكتـوراه، قسـم علـم النفـس، كليـة الآداب، جامعـة القاهـرة، مصـر، ٢٠٠٢ ص ٤.

١٠) حبيب الشاروني: بين برجسون وسارتر، دار المعاريف، الاسكندرية، ١٩٦٣، ص ٧٣

ئاوێتەیـی نێـوان ژینگـە و شـیعر زۆر لـەوە ئاڵۆزتـر و گرێکوێراویتـرە، وا بـە هاسـانی لـە چەنـد بڕگـە و تەوەرەیەکـدا بۆمـان یەکلایـی بکرێتـەوە. چونکـە دوو جیهـان، وەک دوو هەوری ڕەشـی بەهـاری لـە ئاسمانی هـزردا، خـۆ بەیەکـدی دادەدەن: پەڵـە هـەوری ڕەهەنـدی هونـەری و پەڵـە هـەوری ڕەهەنـدی بابەتی وەک لـە ژینگـەدا حزووریـان هەیـە، یەکەمیـان لـە هـزر و دووەمیـان لـە سرووشـت ـ دەرەوی هـزر. لێـرەدا ڕۆڵ و بایەخـی زمان و شـێوازی گوزارشـت و دەربڕیـن و داڕشـتن دەسـتپێدەکات، بێگومـان ئەمانـەش ڕایەڵـەن لەگـەڵ جیهانـی هۆشـیاری و ناهۆشـیاریی دەقنووسـدا. چەنـدان پرسـیار لێـرەدا سـەر قـووت دەکەنـەوە:

- شـاعیر چەنـد درک بـە سرووشـتی داهێنەرانـەی خـۆی دەکات؟
- چەنـدە دەکەوێتـە ژێـر کاری بابەتـە هزرییەکانـی کـە لـە ناخیـدا ئاماریکـردوون؟
- چەنـد بـەو ژینگـە ئاشـنایە کـە دەیـەوێ بیکاتە کەرەستەی خۆی؟
- ئایـە خـاوەن ئـەو زمانەیـە، کـە توانـای ئـەو دەربڕیـن و گوزارشـتە بـێ، کـە لـە ناخیـدا هەڵیگرتـوە یـان ئامـادەی کـردوە؟
- مـادام ژینگـەی سروشـت و کۆمەڵـگا و سیاسـەت و کولتـوور و مێـژوو، میراتـە، شیعر لـە کوێـوە، لەگەڵیانـدا، دەسـت بـە کارلێککـردن دەکات؟
- ئەو کارلێککردنە چۆنە؟
- پێگـەی دەقنـووس چییـە، کاتێـک هۆشـیاریی شـیعری خـۆی لـە چوارچێـوەی بازنـەی ژینگەیـی تایبەتـدا دادەمەزرێنێت؟
- گۆڕانکاریـی لـە ژینگـەدا چەنـدە گۆڕانکاریـی لـە دەقـدا

بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت؟ لـە ئاسـتی وشەسـازاییدا؟ لـە ئاسـتی هزریـدا ؟ لـە ئاسـتی داهێنانـدا؟

**پەیوەندیی نێوان شاعیر و ژینگە:**

گـەر بپرسـن وەزیفـەی شـیعر چییـە؟ دەکـرێ بڵێیـن، دۆزینـەوە و کەشـفکردنی نهێنییـە شـاراوەکانی ژیـان و گـەردوون، ئەرکێکـی سـەرەکی شـیعرە، لـە بۆتـەی زمانێکـی تایبـەت کـە پێیدەگوتـرێ زمانـی شـیعریی، زمانێـک کە هەر شـاعیر پێـی ئاشـنایە و دەیزانێ. جـا دۆزینـەوەی ئـەو نهێنییانـەی ژیـان و گـەردوون، زەحمەتـە بەبـێ نغرۆبـوون لـە جیهانـی عیرفانـی شـیعر؛ بەبـێ گەیشـتن بـە تۆقەڵـەی زمانـی پاکـی شـیعر – زمانێـک کـە فەرهەنگـی نییـە؛ بەبـێ جیاکردنـەوەی حەقیقـەت لـە خەیـاڵ؛ بەبـێ خوێندنـەوەی سـۆفیگەرانەی سرووشـت – بـە هەمـوو پێکهاتەکانییـەوە لـە نێویانـدا پێکهاتـە ڕۆحییـەکان. بۆیـە ناسینەوە و پێناسـەکردنی دەقـە شـیعری ڕەسـەن و شـاکار زۆر لـەوە زەحمەتتـرە بـە چەنـد پەیڤێـک بکـرێ چ لـە داڕشـتنی دەقـەدا و چ لـە ڕەخنەلێگرتنـدا.

ئـەم خاڵانـەی سـەرەوە هەمـوو کلیلـی داهێنـان و ئەفراندنـن لـە شـیعردا، داهێنانێـک کـە هەزار و یـەک دەرگا و هـەزار و یەک کلیلی هەیـە و قـەت هیـچ سـنوور و تخوبێکـی نییـە و نەبـووە و بـە قـەد واڵایـی و فراوانیـی گـەردوون واڵا و فراوانـە. جـا گۆڕینـی ئـەو واقیعـە بـۆ شـکڵ و ڕوخسـارێک کـە پێشـر بوونـی نەبـووە، هـەر بـە هونـەر دەکرێـت بـە هەمـوو وێنەکانیـەوە. بۆیـە جائیـزە گـەر بڵێیـن، پەیامـی شـاعیر، پەیامـی پێغەمبەرانـە، چونکـە گرنگـی بـە

ژیـان و ئایندەی مـرۆڤ و بوونـەوەر و گـەردوون دەدا.

لـە کـۆی خـر ڕشـتە ئەدەبییەکانـدا، هیـچ دەقنووسـێک بـە قـەد شـاعیر ئـازاد نییـە لـە دەربڕیـن و شـێوازی دەربڕیـن و زمانـی دەربڕینـدا. لێـرە پرسـیارێک یاخەمـان دەگـرێ: ئایـە ئـەو ئازادییـە چەنـدە پێگـە و مەقامـی شـاعیری بـەرز و باڵاکـردوە یـان بـە ئەرزیـداداوە و ملـی شـکاندووە؟ ئایـە ئـەو ئازادییـە تـا ئـەو سـنوورە ڕەهایـە و بێدەربەسـت و بێتخوبـە، کـە کـەس نییـە پێداچوونـەوەی لەگەڵـدا بـکات؟ ئەگـەر هـەر شـاعیرێک لـەو بـاوەڕەدا بـێ وایـە، ئـەوا بەهەڵـەدا چـووە، چونکـە، هـەم پەیامگـر، هـەم ڕەخنـەکار، هەمیشـە وەک ڕەقیـب و چاودێـر بەسەرسـەریەوە ڕاوەسـتاون و هەمـوو جولـە و ورتەیەکـی ئـەو وردە حیسـابی بـۆ دەکـرێ. ئـەدی کێنـە ئەوانـەی، شـاکارەکان لـە پووچـکارەکان جیادەکەنـەوە و دەیـان نرخێنـن؟

ئـا، لێـرەدا، ئـەو شـاعیرانەی، پتـر خوولیـای دەقـی ژینگەییـن - گـەر ئـەو زاراوەیـە شیاو بێ، دەبێ خۆیـان ئامادەکـەن بـۆ وەڵام دانـەوەی چەپکێـک پرسیار، کـە ڕەنگـە هاسـان نەبن، هەرچەنـدە ئێمـە هەرگیـز شـاعیر ناکەیـن بـە بەرگـدروو.

○ ئەگـەر هۆشـیاری جۆرێـک بـێ لـە بیرکردنـەوە، ئـەوا لـە دەقـدا، کاریگەرییەکـەی لـە کوێدایـە؟

○ لەسـەر ئاسـتی گۆڕانـی زمانەوانـی یـان دیـدگا؟ کاریگەریـی ژینگەیـی چییـە لەسـەری؟ و کاریگەرییەکـەی وەک ئامـراز چۆنـە؟

○ ئامانجی شیعر چییە لە تەوزیفکردنی ژینگەدا؟

○ چەنـدە ئـەو توانـای بەکارکردنـی توانسـتە هونـەری و زامانەوانـی و خەیاڵـی و دەیدەوانییـە هەیـە لـە کەشـفکردنی نهێنییەکانـی ئـەو ژینگەیـە؟

○ ئایە شاعیر بە ئاگایە کە ژینگە هەمیشە بەشێکی دەکەوێتە نێـو جوگرافیـای کەلتـووری نەتـەوە و خێـڵ و ئێـڵ و کۆمەڵگا؟ و چەنـدە پێیـان ئاشنایە؟
○ ڕووچوونـە نێـو ژینگـە، جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ خوێندنـەوەی ڕووکەشـانەی ژینگـە، چەنـدە شـاعیر لـەوە بـە ئاگایـە؟
○ لـە ناخـی شـاعیردا ئایدەلۆژیـا، هـەر ئایدەلۆژیایـەک بـێ، لـە کـوێ دەقـی ژینگەییدایـە دەردەکـەوێ؟ و چـۆن هاوسـەنگ دەکرێـن؟
○ جـار هەیـە شـاعیر دژە ژینگەیـە، چەنـدە ئـەو شـاعیرە توانـا و بوێـری ئـەو دژایەتیکـردن و بەربەرەکانـی و ئەنتـی ژینگـەی تێدایـە؟
○ بـە مۆدێرینەکردنـی دەق و ڕۆڵـی داهێنـان چییـە لـە نێـوان ژینگـە و شـیعردا؟
○ ژینگـە پێکهاتـەی تێدایـە، لەوانـەش پێکهاتـەی داهێنەرانـە و پەیوەندیـی شـیعر بـە ژینگـەوە، چەنـدە لایەنـی کولتـووری و دەروونـی و جوانکارییەکانـی کاریـان لەسـەر دەکـرێ؟
○ گۆڕانکاریـی لـە ئاسـتی شـیعریدا و لەگـەڵ گۆڕانکارییـە ژینگەییەکانـدا ئایـە هاوتەریـب دەڕوات؟
○ شـاعیر سـنووری ئیکۆلـۆژی چەنـدە لـە ڕووی جوگرافـی و دەروونـی و واقیعـدا؟ هـەر ناوچەیـی تەڕاتێـن دەکا یـان جیهـان و گەردوونیەتیشـی لەبەرچـاوە؟
○ هۆشـیاریی شـیعری، لـە جەوهـەری خۆیـدا، کیشـوەرەکان تێدەپەڕێنێـت و پەیوەسـت نییـە بـە بوارێکـی دیاریکـراوەوە، بـەو پێیـەی توانـای فڕینـی هەیـە لـە هەمـوو ئاسمانەکاندا، بـەڵام ئـەوە هۆشـیارییەکی دروسـتە، کـە لـە بازنـەی ژینگەیـی خۆیـەوە

ئارگیومێنتەکانــی دادەمەزرێنێــت. شــاعیری کــورد چەنــدە لــەو هاوکێشــە تێــدەگات و مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکات؟

پێــش ئــەوەی دەروازەی پڕاکتیکــی ئــەم لێکۆڵینــەوە بخەینــە سەرپشــت، دەقــە شــیعرێکی (گــۆران ١٩٠٤ – ١٩٦٢) شــەن و کــەو دەکەیــن کــە بــۆ منــداڵ نووســراوە و «ژینگــە» هــەم مــاددە و کەرەستەی دەقەکەیــە و هــەم هەڵگری پەیــام و دیــد و تێڕامانــی ژینگەییــە:

(بــەفــر)

ئای بابە گیان! بەفر ئەبارێ، تەماشا:
جێگا نەما پێیــەک دانێی لــە حەوشا
کلوو کلوو دێتــە خــوارێ: سپــی و جــوان
دەنــکە دەنــکەش بــا ئەیهێنێ بــۆ هەیوان
ئەڵێی وردە پــەڕی سپیی دەعبایە
یا لێشاوی پەپوولــەی ناو هەوایە
ئەهــا بابە! ئــەو ڕیشۆڵە هەژارە
کزکز نیشتۆتەوە لەو بن پاسارە
ئێستا مشتێ گەنم دێنــم ڕۆی ئەکەم
بــا بێ بیخوا و نــەجاتــی بێ لە ماتەم [11]

ئــەم دەقەشــیعرە کــە بــە ناونیشــانەوە، هــەر (٦٠) وشــە لــە خۆدەگــرێ، دەقێکــی ژینگەیــی جیهانــی منداڵانــە کــە هــەم شــاعیریەتی شــاعیر و هــەم جیهانبینیــی منداڵــی تێــدا دەبینرێــت و دەکــرێ خوێندنــەوەی شیعرییەتیشــی بــۆ بکــرێ.

هەڵبژاردنــی بابەتەکــە، ژیرانــە و شــاعیرانە و پەروەردەکارانەیــە. بــە تەنهــا وشــەی (بەفــر) کــە ناونیشــانە و (٢) جــار گوتراوەتــەوە و

١١ ) دیوانی گۆران: https://books.vejin.net/ck/text/7144

(٤) جاریش بە مەجازی ئاماژەی پێدراوە، ڕاستەوخۆ ژینگەی کوردستان - یان هەر شوێنێک لەو بچێ، دەستنیشان دەکات. تەنها گوتنەوە و بیستنی وشەی (بەفر) خەیاڵدانی منداڵ دەورووژێنێ و دەیباتە جیهانە خۆش و جوانەکەی بەفر: وەک ساتەوەختی بارینی، ڕەنگ و شێوە و جولە و سەماکردنی، کەش و هەوای ساتەوەختی بارینەکە و مەیل و حەزی ئەو بۆ ئەو دیاردە سرووشتییە جوانە. ئەمانە زەحمەت بۆ منداڵێکی بەفر نەدیتەی باشووری عێراق، بە نموونە، دێنە بەرچاو و هەستپێدەکرێن، چونکە ژینگەی بەفر، ژینگەی ئەو نییە و ئەسڵەن بەفر لای ئەو نامۆیە!

شاعیر هێندە بەهرەمەندانە دارشتنی دەقەکەی بە هەند وەرگرتوە و تەواوی "ژینگەکەی» داوەتەوە منداڵەکە، وەک بڵێی، ژینگەکە تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە خۆی بێژەری دەقەکەیە و خۆشی دایڕشتووە و بە دەوروبەری دەگەێنێ کە (باوک و ئێمەی خوێنەرین). جا زۆر شاعیرانە دوو جوانییەکەی بەفرمان بۆ وێنا دەکا، جوانی هاتنەخوارەوەی، کە لە (٤) وێنەی هونەریدا کێشاویەتی :(کلوو کلوو / دەنکە دەنکە / وردە پەڕی سپی / لێشاوی پەپوولە) و جوانییەکەی سەر زەوی :(جێگا نەما پێیەک دانێی لە حەوشا). ئێستا شاعیر دیوێکی شاراوەی دیکەی ژینگەکەمان نیشاندەدا، تا منداڵ پەروردە بکات و ڕێنمایی بکات و دەستیبگرێ بۆ خزمەت کردنی ئەو ژینگە جوانە. ئەویش بە ئاگاهاتنەوەی هۆشیارییە لە چرکەساتی نغرۆبوون لە جوانی بەفربارینەکە: ئەم ژینگە دڵڕفێنە سەرما و سۆڵ و کزەبا و بەستەڵەک و چلوورەی لەگەڵە و ژیانی تەیروتوار و بوونەوەرەکان پڕ زەحمەت و

قـورس دەکـەن. بۆیـە تـا ئەوانیـش لـەو جوانییـەدا بژیـن و ڕەق هـەڵ نەیـەن و مـردار نەبنـەوە، دەبـێ یارمەتییـان بدەیـن. ئـەو ڕیشـۆڵەیە، هەرچەنـدە بونەوەرێکـی زینـدووی تابلۆکەیـە، لـێ ڕەمزێکـە بـۆ هەمـوو بونەوەرەکانـی لـەو کەشـەدا هاوارمـان بـۆ دێنـن و داوای یارمەتییمـان لێدەکـەن. بۆیـە منداڵـە بـە بینینـی، بەفرەکـەی لـە بیردەچێتـەوە یەکسـەر دەڵێ(ئێسـتا مشـتێ گەنـم دێنـم...).

یـەک تاکـە حـەرف، لـەو دەقـەدا نابینـرێ کـە ئاماژەبـێ بـۆ «ژینگـە» کـە دەرس بـێ بـۆ «ژینگەپارێـزی» بـەڵام دەقێکـی ژینگەیـی کوردیشـە بـە ئیمتیـازا!

بەلانـی کەمـەوە، لـەم دەقـەدا ئـەو ژینگانـە – هـەر نەبـێ بـۆ ڕەخنـەکار، جێـی سـەرنج و تێڕامانـن:

- ژینگـەی فەرهەنگـی: منـداڵ فێـری ئـەم وشـانە دەکات(کلـوو کلـوو / دەنکەدەنکـە / لێشـاو / کزکـز / مشـت / ماتـەم).
- ژینگـەی جوگرافـی: (جێـگا / حەوشـە / هەیـوان / هـەوا / پاسـار).
- ژینگـەی زمانەوانـی و ئیدیۆمـی: (ئـای بابـە گیـان / دێتەخـوارێ / بـا ئەیهێنـێ / وردە پـەڕی سـپی / لێشـاوی پەپوولـە / بـن پاسـار / مشـتێ گەنـم / ڕوکـردن / نەجاتـی بێ).
- ژینگـەی پەروەردەیـی:( ئێسـتا مشـتێ گەنـم دێنـم ڕۆی ئەکـەم / بـا بـێ بیخـوا و نەجاتـی بـێ لـە ماتـەم)، خـۆ منـداڵ هەمیشـە حـەز بـە گرتـن و یاریکـردن دەکات لەگـەڵ تەیروتـوار و هێنـدێ گیانـدار، کەچـی نەیگـوت، (وادام ڕیشـۆڵەکە سـڕە و سـەرمایەتی دەچـم بـۆ خـۆم دەیگـرم... یـان دەریدەکـەم... یـاَن هەڵیدەفڕێنـم .... یـان دەیکـوژم...) ئەمـە خۆشەویسـتیی ژینگـە لـە ناخـی منـداڵ

دەڕوێنی و لە ژینگەی هەمیشەیی خۆیدا (کە ئایندەیە) لەبیری ناکات و پەیڕەوی دەکات.

○ ژینگەی هونەری جوانیی: دەقەشیعرەکە تابلۆیەکی نازداری بە وشە کێشراوە، سەروا و کێش و بڕگە و ڕتم و ڕزم و هێز و ئاوازە و مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە و ئاخافتنی پیت و پەیڤەکان هەستبزوێن و پڕ جۆش و خرۆشن. (کلوو کلوو/ دەنکە دەنک/ کزکز)، هێشوە مۆزیکن. شیعرەکە منداڵ کێش دەکا و لە باوەشی دەگرێ. وێنە هونەرییەکان لەگەڵ ئاست و هەستی منداڵ دەگونجێن و ژینگەکەی خۆشەویستتر دەکەن:(حەوشەی سپیبووە بە بەفر/ کلووی سپی و جوان/ دەنگە بەفری دەم با/ وردە پەڕی سپی/ لێشاوی پەپوولەی سپی/ ڕیشۆڵەی هەزار/ کزکز هەڵنیشتوو/ ڕووکردنی مشتە گەنم)

یەک تاقە وشە جێی سەرنجە؛ وشەی (دەعبایە): هەرچەندە شاعیر مەبەستی ئەو شێوە سەیر و سەمەرانەی پەڕە کاغەزی ورد وردی ونجڕونجڕکراو یان لەت لەتکراوە بە مەقەست، کە ڕەنگبێ لە شێوەی گیاندار و شتی دەعبا ئاسا دەرچن، بەڵام وشەکە لێرەدا شیعریی نایتە بەرگوێ و هاسانیش نییە منداڵ بتوانێت وەک ئێمە بۆی ڕاڤە بکرێ. بۆ (گۆران)ی شاعیری بەهرەمەند، زۆر هاسان بوو وشەیەکی شیاوتر و گونجاوتر بەکاربێنێ. وشەی (دەعبا) تا ڕادەیەک دیمەنە جوانەکەی بەفر و ژینگە سەرنجڕاکێشەکە دەشێوێنێ یان لێی نایە. دەعبا، بونەوەرێکی یان شتێکی ترسناک و ناشیرین و دڕەندەیە. (دەعبا؛ داعبا، جانەوەری دڕندە).[12]

---

١٢ ) سەرچاوەی ژمارە ٣ ، ل. ٢٨٢

# تەوەرەی پڕاکتیزەکردنی بابەتەکە

**تەوەرەی پڕاکتیزەکردنی بابەتەکە:**

بـۆ هاسـانکاریی و پووختەیـی، لێکۆڵێنەوەکـە بەسـەر چەنـد بونیاتێکـی ژینگەیـی پۆلیـن دەکەیـن، هـەر بونیاتـەی بنەمـا و خەسـڵەت و لێکەوتـەی خـۆی لـە ئەدەبـی منداڵانـدا هەیـە، وەک:

- بونیاتی ژینگەی بابەتی (واقیعی).
- بونیاتی ژینگەی دەروونی.
- بونیاتی ژینگەی هزری.
- بونیاتی ژینگەی هونەری.
- بونیاتی ژینگەی ئیمیجی.
- بونیاتی ژینگەی پەرەوەردەیی.
- بونیاتی ژینگەی فەرهەنگی.
- بونیاتی ژینگەی ڕەفتاری.
- بونیاتی ژینگەی جوانناسی.
- بونیاتی ژینگەی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی.

**بونیاتی ژینگەی بابەتی (واقیعی):**

شـیعری هاوچەرخـی کـوردی، دەوڵەمەنـدە بـە پێکهاتـەی بابەتـی ژینگەیـی لـە ڕێگـەی فۆرمـی جۆراوجـۆرەوە کـە پێکهاتـە بنەڕەتییەکانیـان پەیوەسـتن بـە واقیعـی زینـدوو و پێگـەی خودی شـیعری و توخمـە مرۆییـەکان لەنـاو ئـەو واقیعـەدا. ئەمـەش کایـە دەروونـی و هەسـتەوەری و هزرییـەکان ڕووماڵ دەکات کـە پێکـەوە جولـە و بزوتنەوەیەکـی ئاڵـۆز لـە ناخـی شـاعیر فەراهـەم دەکـەن و دەق دادەهێنـن.

ئەمـە کاریگەریـی ژینگـە لـە چوارچێـوەی کاری داهێنەرانـەدا ئاشـکرا دەکات، لەسـەر بنەمـای کارلێککردنێـک، کـە تایبەتمەنـدە بـە تایبەتمەندییـە سـۆزداریی و پێکهاتەیەکـی ڕەفتارییەکانـی خـود کـە لـە ژینگـەدا ئاوێنـە ئاسـا ناخـی خۆیـان نیشـان دەدەن. لـەو ژینگەیـەدا چەنـدان کـۆدی شـاراوە دێنـە ئـاراوە، کـە هەمـوو پەیامگرێـک بـە هاسـانی بـۆی دەسـتەبەر نابـن، چونکـە ئاسـتی هۆشـیارییەکان جیـاوازن. خاڵـی درەوشـاوە لێـرەدا دیـدگای دەقنووسـە بەرامبـەر ژینگـە و لـە چ گۆشـەنیگایەکەوە دەیبینێـت و دەیخوێنێتـەوە و وێنـای دەکاتـەوە.

لـەم ژینگەیـەدا دەقنـووس دەبێـت بـە بەشـێک لـە پێکهاتەکـە بـە سرووشـت و بونـەوەر و ڕووەک و ئاژەڵەکانـەوە. بۆیـە هەمـووان کارلەیەکتـری دەکـەن و ئیکۆلۆژییـەک دەهێننـە کایـەوە لـە سایەیدا بەیەکـەوە بژیـن. دەقنـووس پشـکێنەری ئیکۆلۆژییەکانـە لێـرە، چونکـە هـەر بوونەوەرێـک بـە دار و بـەرد و شاخەکانیشـەوە سـەر بـە سیسـتەمێکی ئیکۆلـۆژی تایبەتـن و کاریگەریـان لەسـەر مـرۆڤ و دەوروبـەر هەیـە.

لـەم ژینگەیـەدا، شـاعیر دەسـەڵاتی تـەواوی بەسـەر کـەش و هەواکـەدا هەیـە، دەتوانـێ ئاشـتیخواز و خێرخـۆاز و مرۆڤدۆسـت و ژینگەدۆسـت بـێ، یـان پێچەوانەکانیـان.[13]

دەقـی شـیعری ژینگـەی بابەتـی لـە جیهانـی منداڵانـدا، ڕووبەرەکـەی فراونـە و کـەم شـاعیر هەیـە، دەقنـووس بـێ بـۆ منـداڵان، کۆبەرهەمەکانیـان ڕەنگڕێـژ نەبـێ بـەو جـۆرە دەقانـە.

---

١٣ ) رشـيد الحمـد، محمـد سـعيد صباريـني: البيئـة ومشـكلاتها، سلسـلة عالـم المعرفـة، المجلـس الوطنـي للثقافـة والفنـون والآداب، الكويـت، العـدد ٢٢، أكتوبـر، ١٩٧٩، ص. ٢٢

لەپاڵ ئورگانە بنەڕەتییەکانی دیکەی شیعردا، ئەم (٣) ئەستوونگە بەهێزە، بونیاتنەر و ئامرازی داهێنانی دەقی شاکارانەن: سۆز، هزر، سرووشت. لێرەدا هەست و سۆز و سرووشت هاوبەشن لە نێوان دەقنووس و پەیامگردا (خوێنەر، بیسەر، بینەر)، چونکە هەردوولا هەمان کۆئەندامی هەستەوەریان هەیە و لە هەمان سرووشتدا دەژین و جوانی و دڵگیری یان تەڵخی و ڕەزاقورسییەکەی (ئەو سرووشتە) دەبینن، کەواتە جیاوازییەکە لە هزر و شێوازی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی (شتەکانە)، بە گوێرەی ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری و ئەقڵەمەندیی دەقنووسەکە. لە جێی خۆیەتی، گەر بڵێین، هەر شاعیر و ئەدیبێک، سرووشت وەلاوەنێ یان بایەخی پێنەدا، بەرهەمەکەی نەزۆک و زڕ و پووچ دەبێ.

لە دەقی (بەچکە چۆلەکە)، لەتیف هەڵمەت، ژینگەدۆستی و مرۆڤدۆستیی منداڵێک نمایش دەکات، بۆ خڕ منداڵانی دونیا، کە پڕە لە سۆز و خۆشەویستیی و بەرپرسیارەتی، ئەویش بە یارمەتیدانی بەچکە چۆلەکەیەک. شاعیر دەڵێ:

بەچکە چۆلەکە

دوێنێ دەمەو ئێوارێ
بەچکە چۆلەکەی سەرداری
لە لانە کەوتە خوارێ
***
گریا و کەوتە جووکە جووک
وتم چۆلەکەی بچووک

مەگری ئەی بێ باڵ و تووک
***
من بەڵێنت دەدەمێ
دەتپارێزم گشت دەمێ
دان و ئاوت دەدەمێ
***
کە دایکەکەی گەڕایەوە
منی بینی لە لایەوە
بە دەورمدا سوڕایەوە
***
وتی سوپاست دەکەم
هەزار سوپاس هاوڕێکەم
پاراستووتە بەچکەکەم [14]

دەقەکە، کە شانۆگەریی فۆڕمە و کارەکەرەکانی: منداڵێک و بەچکە چۆلەکەیەک و دایکیەتی (داکانەکە)، و تەماشاچییەکانیش خوێنەر و ئێمەن. کات و شوێنەکەش دیاریکراون و گرێ و ناوئاخنەکەش ئاشکران. لەم دەقەدا، کە ژینگەییە بە ئیمتیاز.

○ لە دەقی (بەچکە چۆلەکە)، دەبینین کە لە نێو وشەکاندا (٣) دایك وجودیان هەیە، ئەوەی دیارە و وەکو خۆمان قسە و ڕەفتاری جوان دەکات، دایکی بێچوە چۆلەکەکەیە، (٢) دایکە نادیارەکەی دیکە، یەکیان دایکی شاعیرە، کە هەمان

١٤ ) لەتیف هەڵمەت، دیوانی منداڵان. چ، ٣، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل. ٢٥٣

ڕەفتـاری بـۆ منداڵەکـەی دەکـرد، کـە تەنیـا دەبـوو و لـە باوەشـی دەکـرد و مەمکـی دەدایـە و دەیپاراسـت. دایکـی سـێیەمیش، دایکـی منداڵەکەیـە، کـە ئـەم شـتانە دەبیسـتێ، باوەشـی دایـك و نانـی دایـك و سـۆز و لاوانـەوەی دایکـی خـۆی وەبیردێتـەوە و دێتـە پێـش چـاو. لێـرەدا جگـە لـە شـاعیر (٣) کارەکتەریـش قسـە دەکـەن: منداڵەکـەی ڕووداوەکـەی بینییـوە و بۆمـان دەگێڕێتـەوە. بێچـووە چۆلەکەیەکـە کـە دەگـری و جووکەجـووك دەکا، دایکانەکـە کـە بـە دەوری منداڵەکـە دەسـوڕێتەوە و سوپاسـی دەکات.

○ داڕشـتنی دەقەکـە لـە شـێوەی کۆپلـەی (٣) بەندیـی (٧) بڕگەییـدا، مۆزیـك و هارمۆنـی و جوولەیەکـی جـوان بـە خوێنـەر دەبەخشـێ و پتـر دەقەکـە لـە گۆرانـی منـدالان دەچـێ کـە بـە زمانـی خۆیانـن:

- مـن بەڵێنـت دەدەمێ (٤ + ٣ ) دەمێ
- دەتپارێزم گشت دەمێ (٤ + ٣ ) دەمێ
- دان و ئـاوت دەدەمێ  (٤ + ٣ ) دەمێ

○ ناڕاسـتەوخۆ منداڵەکەمـان لـە لای خۆشەویسـت دەکا و بەدەسـتەخۆمان نییـە ڕێـزی لێدەگریـن، ئەمـەش بووەتـە مـۆدێل بـۆ لاسـایی کردنـەوە، بۆیـە شـاعیر نەیگـوت منداڵینـە ئێـوەش وەک ئـەم منداڵـە ڕەفتـار بکـەن. گـەر وای بگوتیایـە، دەقەکـە جوانییەکـەی  لەدەسـتتدەدا.

○ نـەک هـەر منداڵەکـە ژینگەدۆسـت دیـارە، داکانەکـەش، بـە سـوڕانەوەی لـە دەوری منداڵەکـە و سوپاسـگوزارییەکەی، نیشـانی دەدات، کـە زۆر تەیروتـوار و باڵنـدە و بوونـەوەر حـەز بـە ئاشـنایەتیی ئێمەدەکـەن و ئـەوان هەمیشـە حەزدەکـەن لـە

ژینگـەی ئێمـەدا بژیـن، ئەمـەش پارسـەنگی ژینگەیـی بـوون و بـەردەوام بوونـی ژیـان دوپاتدەکاتـەوە.
○ دیمەنـی کەوتنەخـوارەوەی فەرخـە چۆلەکـە و تەیرتـوار، لـە شار و دێدا دەبینرێت و هەوڵدان بـۆ ڕزگارکردنی ئـەو بوونەوەرە بێبـاڵ و بێتـووک و لاواز و بێزمانانـە ئەرکـی هەمووـمانـە.
○ عیبـرەت لـە ناوەڕۆکـی دەقەکـە ئەوەیـە، کـە ئـەو منداڵـە پارێـزەرە لـە ژینگـە، ئـەو ڕەفتـارە لـە ناخـی خۆیـدا هەڵدەگـرێ بـۆ ژینگـە هەمیشـەییەکەی خـۆی، کـە ژینگـەی دووەمـی ئـەوە ـ وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا.
○ دەقەکـە لیوانلێـوە، لـە مۆزێـک و وێنـەی جـوان و وشـەی هاسـانی سـەرزاری منـداڵان و وەسـتایانە داڕشـتراوە. فۆڕمەکـە بۆنوبەرامـی دەقـی فۆلکلـۆری پێوەکـراوە، کـە بـە هەمـوو دەقنووسـێک ناکـرێ.
○ دەقنـووس، لـە دەرەوی دەقەکەدایـە، بۆچـی؟ چونکـە ئـەو دەزانـێ، منـداڵ هەرچـی لـە دەوروبـەری ئـەودا هەیـە، بـە هـی خـۆی دەزانـێ حـەز نـاکات کـەس دەسـت لـە ئیـش و کاری ئـەو وەردات و هەقـی بەسـەریەوە هەبـێ.» دەروونناسـان (٢)خاڵیـان لـە ڕەفتـاری منـداڵ دەستنیشـان کـردوە: جەختکردنـەوە لەسـەر خودیەتـی خـۆی، وە گشـتگەرایەتی. ئەگـەر وابزانیـن ئـەو هەمـوو شـتێکی دەوێ چونکـە خۆویسـتە ئـەوە هەڵەیـە. منداڵ جیاوازیـی لـە نێـوان خـۆی و غەیـری خـۆی نـاکات، بـەڵام حـەز دەکات هەمـوو شـتێک بـۆ خـودی خـۆی بگەڕێنێتـەوە و بیـکات بـە هـی خـۆی، ئەمـەش کردەیەکـی بێئاگایانەیـە، کـە کەسانی دی، دەیانـەوێ ئـەو خودییـەی لـێ زەفتکـەن، ئـەو نیگەرانیـی نیشـان دەدات و پێیخـۆش نییـە. مەبەسـتیش لـە گشـتگیرییەکە ئەوەیـە

کە ئەو واقیع وەک یەک بوخچە دەبینی، نەک پارچە پارچە.»[١٥]

## بونیاتی ژینگەی دەروونی:

هەرگیز گوزارشتکردن لە واقیعدا بەرجەستە نابێ بەبێ کاریگەریی دروونیی ژینگە لەسەر دەقنووسدا. هیندێجار ئەو کارێلێکردنە لە تێڕامان و کەشفکردنی نهێنییەکان دەردەکەوێ – کۆی نهینییەکانی بوون و گەردوون و ئایندە. هیچ وێنەیەک لە خەیاڵدانی دەقنووسدا فەراهەم نابێت، بەرجەستە نابێ بەبێ حزووری زوومی دەروونی ئەو لەو چرکەساتەی دەقەکە دەچرکێنێ. ڕووچوون بە نێو بیرکردنەوەکانی خۆی و ئەوانی دیکە، تێڕامان و مدیتێشنی خودی، گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر، دیدگا و پەیام، هەموویان بەیەکەوە بارە دەروونییەکەی دەقنووس دەینە جۆش و خرۆش و دەستی دەگرن بۆ داهێنان. ژینگەی دەروونی ڕوون و بێکێشە، ئاوێنەی ژینگەیەکە کە کەمترین ساختە و فرتوفێڵ و ساختەکاری تێدا دەکرێ. بۆیە زۆر بایەخدارە بۆ ئارایشتکردن و نمایشکردنی ژیگنەی جیهانی منداڵ.[١٦]

بۆ نموونە لە شیتەڵکاریی ڕەخنەکارانەی دەقە شیعرەکانی ئەدۆنیس (١٩٣٠ - ) تێدەگەین کە بەرهەمەکانی ئەو لە بەرهەمی کەسییەوە تخوبی ڕووداوەکانی بەزاندوە و گەیشتووەتە

---

١٥ ) محمود محمد غانم، التفكير عند الاطفال تطوره و طرق تعليمه، دار الفكر، عمان، ١٩٩٥، ص ٥٩

١٦ ) سيد قطب: مهمة الشاعر في الحياة وشعر الجيل الحاضر، دار الشروق، القاهرة، مصر، ، ص . ٩١

جیهانــی ئاشــکراکردنی نهێنییــەکان و هەســتکردن بــە قــوولای لایەنــە شــاراوەکانی، بەپێــی دیــدگای کەســیی پاکــی خــۆی، بــە زمانــی شــیعریی خۆیــەوە بــە ســەرچاوەگرتن لــە گەردوونــەوە. جــا سرووشــتیش - ئــەو سرووشــتەی هەســتی پێدەکەیــن، تەڵەســمێکی ئــەو گەردوونــە بــێ ســنوورەیە. دەبــێ ئــەوەش بگوتــرێ کــە دەقــی شــیعریی، لــە تایبەتمەندییەکــی دینامیکــی کارلێککارانــە لەنــاو خەیاڵدانــی دەقنووســدا ســەرهەڵدەدات، شــیعرییەتێک کــە بــە یــەک توخــم لــە دەقــدا ڕازی نییــە بــۆ ئــەوەی تیشــک بخاتــە ســەر تایبەتمەندییەکانــی، بەڵکــوو لــە ڕێگــەی پێکهاتەکانــەوە پابەنــد دەبێــت، کــۆی پێکهاتەکانــی جیهانــی شــیعر و گــەردوون، چونکــە شــیعر بەشــێکە لــەم گەردوونــە.

عەزیــزی مــەلای ڕەش (١٩٣٦ــ ) لــە دەقــی (داربــەڕووم)دا زۆر لێزانانــە، کارتێکردنــە دەروونییەکــەی لــە داڕشــتنی دەقەکــەدا بەرجەســتە کــردووە، وەک بڵێــی شــاعیر، هــەر پێــش ئــەوەی قەڵــەم بخاتــە ســەر قاغــەز، ئــەو پەیامــەی کــە مەرامیەتــی لــە هــزری خۆیــدا هەڵگرتــووە، چونکــە گاریگەرییــە دەروونییەکــە هێنــدە ســەخت و قــورس و بەســۆ و درێژخایەنــە، دەیــەوێ، بیکاتــە دیواربەندێــک بــۆ هەمیشــە بــە بەرچــاوی نــەوەی ئیمــڕۆ و ئاینــدە بدروەشــێتەوە، بەڵکــوو عیبرەتێکــی لێوەرگــرن. داربــەڕوو بــە هەمــوو زەبەلاحــی خــۆی و بەهێــز و خۆڕاگریــی خۆیــەوە لــە دڵ و هــزر و چــاوی ئــەودا چەقیــوە بــەڵام، کــە تەماشــای لقێکــی ئــەو داربــەڕووە دەکات کــە بووەتــە کلکــی بیــور، ســارد دەبێتــەوە و ماتەمینــی دایدەگــرێ و خەفەتبارانــە دەســت لــە ئەژنــۆی خــۆی دەئاڵێنــی. جــا زمــان شــێرینی و زمانزانــی ئــەو دەقنووســە و ســەروســەودایی قاڵبــۆوەی لــە نێــو فۆلکلــۆر و کەلتــووری

کوردیـدا، هێنـدەی دی بـۆن و بەرامـەی خـۆش و ئـاوازی جـوان و تەفەنوونـی لـە دەقـەدا کـردوە، ئـەو بـۆ منداڵـەکان بـە زمانـی داربـەڕوو دەودوێ و دەبێژیـت:

داربەڕووم

داربەڕووی کێو و هەردم
هۆگری لێڕی کوردم
کۆنم ڕەگم چەسپیوە
سەدان لافاوم دیوە
بۆران و بەفر و تەرزە
بڕکان و بوومەلەرزە
گوێم بەوانە نابزوێ
هەر ڕۆژ وەچەم لێ دەڕوێ
تەنیا بەس مامە بیور
وا لێم بووە بە ئاگر
هیچ گوێ ناداتە لۆمە
چونکە کلکی لە خۆمە.[17]

«بەرپرسـیارییەتەکانی دەقنووسـی ئەدەبـی منـداڵان گەڵێـک زۆر و قورسـن، چونکـی دەقنووسـی داهێنـەر وەک مامۆسـتا و پـەروەردەکاری هەڵگـری بەیداخـی بەهـا جوانـەکان و ڕەوشـتی

١٧ ) حەمـە سـاڵح فەرهـادی، پێگـەی شـیعری منـداڵان لای شـاعیرانی کـورد، ب٢، چاپخانـەی زانکـۆ، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر، ٢٠٢١، ل. ١٥٢ - ١٥٣

بـەرز و  زانیــن و زانســتییە، دەبــێ بوێــر و ئــازا و چاونەتــرس بـێ، فەیلەسـوف و بیرمەنـد و شـوڕشـگێڕ و هونەرمەنـدی بەتوانـا بـێ، لەپــاڵ ڕۆڵــە پەروەردەییەکــەی کــە دەیگرێتــە ئەســتۆ. پێشـبینیکردن و خوێنـدوەی ئاینـدە، بیـری ڕەخنەگرانـە، خەیاڵـی داهێنەرانـە، ڕیزگرتـن لـە بەهـا مرۆییـەکان ئەرکـی ئـەون»[18]

عەزیــزی مــەلای ڕەش، هێنــدە لــە نێــو ئەزموونەکانــی ڕۆژگار قاڵبووەتــەوە، ئەوانــە هەمــوو دەزانــێ، ئــەو دەروونــی پــڕە و ئایندەشـی لـە پێشـچاوە و مێژوویشـی فەرامـۆش نەکـردوە، بـەو هیوایــەی ڕۆژێ بــێ، کــورد چیتــر لقــی ئــەو داربــەڕووە بەهێــز و خۆڕاگــرە نەکاتــە کلکــی بیــور.

عەزیــزی مــەلای ڕەش کــە بــۆ خــۆی فەرهەنگێکــی ســەربەخۆی وشـە و زاراوە  فۆلکلـۆر و کەلەپووریـیـە کوردییەکانـە، بـەو پەنـد و ئیدیۆمانـە ئاشـنایە، کـە بیرۆکـەی دەقەکـەی کردووەتـە ئاوێنـە. کــورد دەڵــێ:

- دار هۆرەی لە خۆی نەبێ، ناقەڵەشێ.[19]
- دار کرمی لە خۆی نەبێت هەزار ساڵ دەژیت.
- دار دەڵێ: تەور کلکی لە خۆم نەبێ، نامبڕێت.
- دار بە تەوری گوت: کلکت لە خۆم نەبووایە، توانای بڕێنمت نە دەبوو.

جـا دەقنـووس، لێـرەدا، دارەکـەی کـردووە بـە داربـەڕوو، چونکـە هـەم داربـەڕوو سـومبوڵی کـوردە و دارێکـی زۆر پتـە و خۆڕاگـر و تەمەندرێـژە، هـەم بـۆ منداڵـی کـوردی، شـێوەکەی لەبەرچـاوە

---

١٨ ) سـمیر عیدالوهـاب احمـد، ادب الاطفـال،  دار المسـیرة للنشـر و التوزیـع، عمـان، ٢٠٠٩، ص. ٧١

١٩) هـۆرە: پـوازی ئەسـتور بـۆ قەڵـش وێـک نەهاتنـەوەی دارێ کـە دەیشـکێنن بـە تـەور. (هەنبانە بورێنـە ل. ٩٥٤).

و پێـی ئاشـنایە. دەوڵەمەندکردنـی دەقەکـەش بـە بابەتێکـی کەلتـووری، دەقەکـە باڵاتـر و جوانتـر و دەوڵەمەندتـر دەکات.
ناڕاستەوخۆ، دەقەکـە چەنـد وشـە و ئیدیۆمێکـی نـوێ، فێـری منـداڵ دەکات کـە ڕەنگـە پێشـتر پێیـان ئاشـنا نەبـێ وەکو:هۆگـر/ لێـڕ/ بـۆران / گوێـم بەوانـە نابـزوێ/ گـوێ ناداتـە لۆمـە.
جـا بـە قسـەهاتنی داربەڕووەکـە، پتـر منـداڵ پەلکێـش دەکات بـۆ نێـو ژینگەکـە، بەمرۆڤکردنـی شـت و بوونـەوەرەکان، لـە مێـژە لـە ئەدەبـدا بەرجەسـتە کـراوە. خـۆ کتێبـی (کلیلـە و دمنـە)[٢٠] هەمـوو بەسـەرهاتەکانی بـە گشـتی لەسـەر زاری ئـاژەڵ و باڵنـدە نووسـراوە.
خۆشـئاوازی دەقەکـەش، هـەم بـۆ کێشـە (٧) بڕگەیەکـە دەگەڕێتـەوە (٤ + ٣)، هـەم بـۆ سـەروا جـوان و سـووک و ڕەووانەکانـی.

***

ئەسعەد لـوڕزادە (١٩٦٥ - )، بـۆ دەربڕینـی خـەم و گرێیەکـی دڵـی خـۆی، کـە تووشـی نەخۆشـی دەروونـی کـردوە، هانـا بـۆ کـەو دەبـات، تـا لـە ڕێـی ئازادکردنـی ئـەو سـووکنایەتی بـە دڵـی دابـێ و ئـەو تـەم و تاریکـی و خامۆشـییەی دەروونـی بڕەوێنێتـەوە، کـە هۆیەکـەی ژێردەسـتیی و دیلـی و یەخسـیرییە. دابەشـبوونی نیشـتمان و جـەور و زوڵـم و زۆری داگیرکەرانـە. ئـەو لەسـەر زاری منداڵەکەیـەوە، دەڵـێ:

---

٢٠) کلیلـە و دمنـە، بریتییـە لـەو بەسـەرهاتانەی بەیدەبـای فەیلەسـوفی هینـدی بـۆ دەبشـەلیمی پاشـای دەگێڕێتـەوە، (ابـن المقفـع) وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.

توخوا توخوا باوە گیان
تۆ دڵسۆزیی هەمووومان
ئەو کەوە بەستەزمانە
ڕاستە لە لامان جوانە
بەڵام ژینی ناو قەفەس
شادی نابەخشێ بە کەس
دەبا ئەویش دڵشاد بێ
وەکو ئێمە ئازاد بێ
بە سەربەستی بخوێنێ
سرووشتی جوان بدوێنێ
با ئیتر شەڕ و زیندان
نەمێنێ لە کوردستان

دەقەکە بە تیرێک دوو نیشانە دەپێکێ، بە ڕواڵەت، پەیامی شیعرەکە بۆ ئازادی باڵندە و تەیروتوار و گیاندارەکانە، کە نەیانکەینە دیلی بەر دەستی خۆمان و لێیان گەڕێین با بە ئازادی لە سرووشتی خۆیاندا بژین، لە لایەکی دیکە نیشتمان و زوڵم و جەور و زیندان و شەڕ، واقیعی تاڵی کوردستان نیشان دەدات، کە منداڵ بەو منداڵییەیی خۆیەوە هەستی پێدەکات و زۆرجارانیش باجەکەی دەدات. شاعیر وەستایانە و لێزانانە کاری لەو دەقەدا کردوە و جوانی داڕشتووە.

## بونیاتی ژینگەی هزری:

ئیکۆلۆژیای مرۆڤ جیاوازە لە ئیکۆلۆژیای بوونەوەرەکانی تر، تێگەیشتنە کولتوورییە جۆراوجۆرکانی مرۆڤ، ئەو دەکەنە بوونێکی جیاواز و چالاک و پاسیڤ و لە سایەی ئەو زمان و بیرکردنەوە کە خاوەنییەتی. شاعیر لە ڕێگەی ئەوانەدا هەوڵی دەدات لە خودی خۆی و دەوروبەرەکەی تێبگا. جگە لەمانە لە ڕێی ئاستی هزری جیاوازەوە، شاعیر دەتوانێ ژینگەیەکی جیاواز بۆ خۆی بەرجەستە بکات، کە ڕیخۆشکەربێ بۆ فەراهەمکردنی زمان و دید و بگرە ڕێچکە و قوتابخانەی تایبەت بەخۆشی لە دەقنووسیندا. بیرمەندیی بۆ بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانە لەو ژینگە هزرییەکەوە چەکەرە دەکات و سەرهەڵدەدات و دەگەشێتەوە.

ئاساییە لە دەقی شیعری منداڵاندا، تایبەت بە ژینگە، ئاست و ئاراستەی جۆراوجۆر ببینین، چونکە تێڕوانییەنەکانیان بۆ ژینگە جیاوازە، ئەمەش وادەکا ئەوانیش کاریگەریی لەسەر منداڵ و کۆمەڵگە بەجێبهێڵن. ئەو نیشتمانەی دەقنووسێک دروستی دەکات کە ڕەنگە جیاوازبێ لە ئەوەی کە هەیە، لە نێو خەیاڵدانی منداڵ جیهانێکی دیکە بخولقێنێ و دروست بکا، کە سڕینەوەی هاسان نەبێت. لە بونیاتی ژینگەی هزریدا، دەقنووس جیهانێک دەخولقێنێ تایبەتە بە ڕوئیا و خوێندنەوە و بیری خۆی، بەڵام دەکرێ ئەو جیهانەش، لە مێشک و هزری منداڵ ببێتە هۆی دروستکردنی جیهانێکی هزری دیکە، کە لە وجوودا بوونی نەبێت.

چونکـە پڕۆسـەی پێشـبینیکردن تەنیـا بـەو هەڵوێسـتەی کـە هـەر شـاعیرێک دەیگرێتەبـەر بەرجەسـتە دەبـێ، سـەبارەت بـە تەوزیفکردنـی ژینگـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوە و بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـتی گونجـان لەگـەڵ دەرئەنجامەکانـی بـۆ پاراسـتنی هاوسـەنگیی تاکەکەسـی و دەسـتەجەمعی و زۆرجـار دیـدگای شـاعیران سـەبارەت بـە خۆیـان هاوکات دەبن لەگـەڵ دیدگاکانیان سـەبارەت بـە نووسـین.

بڕوانـن، چـۆن ئەمیـن محەمەد (١٩٦٢ـ )، لە بونیاتی ژینگەیەکی هـزری خۆیـەوە، دەسـتی منـداڵ دەگـرێ و هانـی دەدات هەوڵبـدا جیهانێکـی هاوشـێوە، بـە خـۆی و بـە لێکدانـەوە و بۆچونـی خـۆی، درووسـت بـکا. ئـەو ڕەخنـەکارەی بـە وردی دەقەکانـی ئـەم شـاعیرە بخوێنێتـەوە، هەسـتدەکات کـە ڕێچکـە و بیرکردنـەوە و داهێنانەکـەی ئـەو جـۆرە تایبەتمەندییەکـی زاتـی تێدایـە، کـە لـە زۆر شـاعیرانی دیکـەی منـداڵان جیـای دەکاتـەوە، خەسـڵەتێکی ئـەو تایبەتمەندییـەی ئـەو لـەوەدا هـەڵ دەهێنجرێـت کـە پتـر خوولیـای دەقـی خەیاڵـی زانستپۆشـە (Scientific Fiction) کـە لـە ئەدەبـی منداڵانـدا لـە ئەوروپـا و وڵاتـە پێشـکەوتووەکاندا، جێگـەی بایەخـی زۆرە تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە دەتوانـم بڵێـم نیـوەی بەرهەمـە ئەدەبییەکانیـان تایبـەت بـە منـداڵ لـەو هۆبەیـەدا کۆکردۆەتـەوە بـەردەوام خەرمانـی نوێشـی لەسـەر ئامـار دەکـەن. شـاعیر لـە دەقێکـدا دەڵـێ:

جارجارێ خەیاڵم دەڕوا
پرسیاری زۆر دەمهەژێنێ
ئەڵێم کێ بێ وا ئێواران
ئەستێرە دائەگیرسێنێ؟
مانگ بە ڕۆژ ماڵی لە کوێیە
کە بە شەوان خۆی ئەنوێنێ؟
سەرچاوەی با لە کوێوە دێ
باخچەکەمان ڕادەژەنێ؟
خۆر ئەو گەرمایەی لە کوێ بوو
وا خەریکە ئەمسوتێنێ؟
یا چۆلەکە بەیانیان زوو
ئەبێ بۆچی بجریوێنێ؟
ئینجا ئەڵێم ژیر ئەوەیە
وەڵامی ئەو پرسیارانە
لە گۆڤار و نامیلکەکان
بەدەست بێنێ.[٢١]

دەقەکە ئەوە هەڵدەگرێ، ڕەخنەکارانە ئاسنگەرییەکی تێیدا بکەین.

○ کێ لە ئێمە، لە سەردەمی منداڵییدا کە هاوینان لەسەر بانی دەخەوتین و ئەستێرەکانی ئاسمانمان دەژمارد، پرسیاری ئەوەمان نەدەکرد، ئەوان بە ڕۆژ لە کوێ بوون و چۆن ئێستا وا داگیرسان و کێ دایگیرساندن؟ کەواتە، دقنووس ڕووچۆتە

---

٢١) ئەمین محەمەد، خەیاڵی منداڵان، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، زنجیرە کتێبی منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ١٧

نێو جیهانی منداڵ و خەیاڵاوی پرسیارەکانی دەوروژێنێت.

○ پێنج پرسیار دەربارەی پێنج دیاردەیی سرووشتی، بەدەر لە ئیرادەی ئێمە، دەربارەی (ئەستێرە، مانگ، خۆر، با، جریوەجریوی چۆلەکە) دەرگای چەندان زانستمان بۆ دەخاتە سەرپشت: زانستی جوگرافیا، فەلەکناسی، فیزیک، ژینگەناسی، بایەلۆژی، گەردووناسی، بگرە زانستی لاهوتیش. ئەم بابەتانە هەمووی لە بەشی زانستیی کتێبخانەکاندا پۆلین کراون.

○ بێگومان زنجیرەی پرسیارەکان دووردودرێژە، بەڵام دەقنووس پشوودرێژی و ئارامیی منداڵی خوێندۆتەوە دەزانێ تا چەند دەتوانن لەگەڵماندا ڕێ بکەن، بۆیە بەو پێنج پرسیارە دەقەکە قوفڵ دەدات.

○ سەرنج بدە، دەقنووس بە هیچ ئاماژەیەک منداڵەکان هان نادات بچن ئەو پرسیارانە ڕووبەڕووی مامۆستا و باوان و کەسانی دیکە بکەنەوە. بۆچی؟ چونکە دەقنووس، پەیام و مەرامێکی شاراوەی دیکەی لە نێو دەقەکەدا شاردووەتەوە، ئەویش دەستگرتنی منداڵە بۆ نێو کتێبخانەکان و ڕاهێنانیان بەوەی کە بۆخۆیان بچن بەدوای سەرچاوەی ئەو وەڵامانەدا بگەڕێن و شوێنەکەشی نیشان داوان.

○ ڕەنگبێ هەبێ، بڵێ ئەو پرسیارانە قورس و ئاڵۆزن بۆ منداڵ. بە پێچەوانەوە. دەروونناسان و سۆسیۆلۆژیستەکان سەلماندوویانە کە منداڵ،»بوونەوەرێکی پرسنی تینووی پرسیارە، بە تایبەتی لە قۆناغی (٣ــ٥) ساڵیدا، کە حەمەکەریم هەورامی بە قۆناغی (خەیاڵ فراوانی) ناوی دەبات.[٢٢]

---

٢٢ ) حەمەکەریم هەورامی لە کتێبی ئەدەبی منداڵانی کورد، ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروردە، لە لاپەڕە. ٥٤ــ٦٤، تەمەنی منداڵی بەسەر (٣) قۆناغدا پۆلین کردوە: (٣ ــ٥) ساڵان، قۆناغی وەهم و خەیاڵی تەسک؛ (٦ ــ٨) سالان، قۆناغی خەیاڵ فراوانی؛ (٩ ـ ١٢) ساڵان، قۆناغی پاڵەوانیەتی.

○ دەقنوس، لە فۆڕمێکی جوان و تۆکمەدا پرسیارەکانی داڕشتوە، لەسەر کێشی پەنجە، (٨) بڕگەیی و سەڕوای خۆشئاواز، لە دواین بڕگەشدا، فۆڕمەکە دەگۆڕێ، وەک لەم هێمایانە روونکراوەتەوە.

A ++++ ++++
B ++++ ++++
A ++++ ++++
B ++++ ++++

لە دواین کۆپلە ئاوازەکە دەگۆڕێ، چونکە بابەتەکە دەگۆڕێ و دەبێتە:

A ++++ ++++
A ++++ ++++
C ++++ ++++
B +++++

○ چونکە دەقنووسانی کورد، کەمتر مژاری ئەدەبی خەیاڵی زانستی بەسەر دەکەنەوە، لەجێی خۆیەتی، کە پتر ئەدەبەکەمان بەو تەرزە دەقانە دەوڵەمەند بکەن، نەک هەر لە ڕشتەی شیعردا بەڵکوو لە هەموو ڕشتە ئەدەبییەکانی دیکەشدا. سەردەمەکە سەردەمی ئەدەبی خەیاڵی زانستییانەیە.

***

ئەسعەد لوڕزادە (١٩٦٥- )، لە قالبێکی هونەری دیکەدا، بابەتێکی هزری لەسەر زاری منداڵ و دایکدا، دەخاتەڕوو. دەکرێ ئەو خاڵانەی لە سەرەوەی ئەم بڕگەیەدا ئاماژەمان پێدا، بەبەر ئەو دەقە شیعرەشی دابکەین. شاعیر دەڵێ:

کیژ:

شەوێ پرسیم لە دایە: ئەستێرە بۆچی دوورن؟
بۆ نایەنە سەر دەستم؟ بۆچی بێ تیشک و نوورن

دایک:

ئەوانیش وەک من و تۆ چاویان لە ڕێگای خۆرە
لە تاریکی بێزارن پشتیان لە زوڵم و زۆرە
کچم چاوان بگێڕە بە ئاسمانی بەرینا
لە ئەستێران ڕامێنە هەر کامە خوێن شیرینە
لە نێو ئامێزی دڵدا ئەتۆش جێگای بۆ چاکە
ئەستێرەی من و تۆیە دڵی خاوێن و چاکە [23]

لێرەدا، جگە لە گۆڕینی فۆڕمی دەقەکە، شاعیر، دەیەوێ زوڵم و زۆرداری ببەستێتەوە بە تاریکی و خامۆشی و ئەستێرەکانیش حەز بە رووناکی دەکەن و چاوەڕوانی خۆرن.

٢٣ ) ئەسعەد لوڕزادە، بەرگی کوردی، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل. ١٣ - ١٤

## بونیاتی ژینگەی هونەری:

خۆشـبەختانە ژینگـەی هونـەری دەقـی منـداڵان دەوڵەمەنـد و فرەڕەنـگ و فرەدەنگـە، بـۆ ئـەو دەقنووسـانەی بەهـرە و توانـای کەشـفرکردنی ئـەو وێنانەیان هەیـە جا وێنەکان پەیڤـی، مەجازی، سرووشـتی، فۆڕمـی، یـان شـیعریی بـن. هـەم ژینگـەی منـداڵ و هـەم ژینگـەی سرووشـت لێوانلێـون لـە وێنـەی هونەرییانـە، ئەمـەش دەقـەکان جوانتـر و داهێنانـەکان باڵاتـر و شـاکارەکان باشـتر بەدیاردەخـات. لەبیرمـان نەچێـت، ئـەوە وێنـەی هونـەری و شـیعرییە کـە وادەکا، دەقـەکان و پەیامەکانیـان، لـە دڵ و دەروون و هـزری منداڵـدا بمێننـەوە. بێگومـان زمـان ئامـرازی باڵادەسـت و بەتوانـای بەرجەسـتەکردنی ئـەو ژینگـە هونەریەیـە. دەکـرێ وێنەیەکـی هونەریـی جـوان لـە تاقـە وشـەیەکدا بەرجەسـتە بکـرێ، گـەر دەقنـووس لـە سنعەتی شـیعری منداڵانـدا باڵادەسـت بێـت. لـە ژینگـەی هونەریـدا، دەق دەبێتـە کامێـرای فۆتۆگرافـی، داهێنانەکـەش دەکەوێتـە ئەسـتۆی کامیرامـان.

سـنعەتی هونەرکاریـی لـە شـیعردا، لەسـەر دوو بنەمـا یـان دوو کۆڵەکـە وەسـتاوە، یەکـەم، چەنـدە دەقنـووس خـاوەن ئەزموونـە لـەم سـنعەتەدا و زانیـاری و شـارەزایی لـە هەمـوو جۆرەکانـی هونـەری ڕەوانبێـژی و ڕەووانووسـی و زمانـدا هەیـە، دووەم، بەرفراوانـی و پانتایـی ئاسـمانی خەیاڵـی ئـەو، چونکـە وێنـەی هونـەری پتـر زادە و هەڵقـوڵاوی جیهانـی بێئاگایـی خەیاڵـن، ئـەو خەیاڵـەی جیهانـی منـداڵ جوانتـر و پـڕ ئەندێشـەتر دەکات و جیهانێکـی مەجـازی ئەوتۆیـی بـۆ فەراهـەم دەکات کـە نەیبینیـوە یـان پێـی ئاشـنا نەبـووە.

ع. ع. شـەونم (١٩٢٥ ــ ٢٠٢٠)، لەدەقـی (هـەور)دا، نەهاتـووە ــ وەک زۆرێـک لـە شـاعیران مامۆستائاسـا، خێروبێـری هـەور بژمێرێـت، ئـەو قەڵەمکاریـی هونەرمەندانـەی لـە دەقەکـەدا کـردووە و وەک نیگارکێشـێکی بەهرەمەنـدی باڵادەسـت، چەنـدان ڕەنـگ و وێنـە و دیمەنـی ئاوێتـەی یەکتـری کـردوە، بـۆ گەیاندنـی پەیامەکـەی، ئـەو لێزانانـە، بـە تیرێـک نـەک دوو نیشـانە، سـێ نیشـانە دەشـکێنێ: منـداڵ دەباتـە جیهانـی هـەور و بـە وردی و بـە جوانـی تێیدەگەیێنـێ کـە چەنـد بـە کەڵکـە بـۆ بـوون و بـۆ ژیانـی هەمـووان؛ وەک ئـەوەی دەسـتی منـداڵ بگـرێ و لـە پێشـەنگایەکی شـێوەکاریدا بیگەڕێنـێ، (٦) تابلـۆی نـازداری نیشـان دەدات کـە بـە پەیقـی کـوردی کێشـاویەتی؛ وە دەسـترەنگێنی و توانسـتی شـیعریی خـۆی بـۆ خوێنـەر و ڕەخنـەکاران بەیـان دەکات، تـا جیاوازیـی و بەهـرە و وەسـتایەتیی ئـەو بـەراورد بکـەن لەگـەڵ هاوقەڵەمەکانـی و پێیـان بڵـێ، شـیعر داهێنانـە نـەک وشـە ڕێزکـردن. ئـەو لـە دەقەکـەدا دەڵـێ:

(هەور)

هەور گەمییەی دەریایە
گەمییەوانەکەی با یە
هەور ئاوی لە کۆڵە
باری بەفر و سەهۆڵە
هەور جلی دەریایە
بۆ باخ و سەوەزە گیایە
هەور پەچەی هەتاوە

بێژێنگی باراناوە
هەور دەریا دەنۆشێ
تا وشکانی داپۆشێ
تا ئاوی دەریا بەشکا
زەوی و زاری پێگەشکا
هەور تەرزەی مرواری
خەڵات ئەکا بە دیاری[٢٤]

دەقەکـە، بـۆ منداڵـی سـەرووی تەمـەن شـەش سـاڵی نووسـراوە، دەقێکـی منداڵانەیـە بـە ئیمتیـاز، فەرهەنگۆکەیەکـی دەوڵەمەنـدە، پەیڤەکانـی لـەم دەقـەدا دێنـە بەرچـاو، پیشـەوەرانە هەڵبژێردراون:(گەمیـی، گەمییـەوان، کـوڵ، پەچـە، بێژێنـگ، بارانـاو، دەنۆشـێ، زەوی و زار، مـرواری).
دەقنـووس، هـەوری لـە ئاسـمان هێناوەتـە خـوارێ و بـە ئـارەزووی خـۆی، وەک قوڕیـی دەستی، چـی بیـەوێ لێیدرووسـت دەکا، جارێـک دەیـکا بـە کەشتی و جارێـک بـە کۆڵبـەر و جارێـک بـە پەچـە... هتـد. لێـرەدا توانـای هونەریـی دەقنـووس بـە دیاردەکـەوێ، چونکـە ئـەو لاسـاکەرەوە نییـە و ویسـتوویەتی داهێنـان لـە دەقەکـەدا بـکات و سـەرکەوتووش بـووە.
ڕەنگبـێ منـداڵ بپرسـێ: هـەور چییـە؟ دەقنـووس بـە وێنـەی هونـەری وەڵامـی دەداتـەوە و دەڵـێ: «هـەور گەمییـەی دەریایـە»، لێـرەدا سـێ دیمـەن، بـە یـەک چرکانـدن، دەێنـە پێشـچاوی منـداڵ: هـەور/ گەمـی / دەریـا. جـا گـەر منداڵـە کوردەکـە گەمـی و دەریاشـی بـە چـاوی خـۆی نەبینیبێـت، ئـەوا شـاعیر بـۆی وێنـا

٢٤ ) ع.ع. شەونم، دیوانی جریووەکان، ١٩٨٨، چاپخانە.؟ ل. ١٢٨

کردەوە، دووریش نییە لە ئامرازەکانی تیڤی و فلیم و سینەما... پێیان ئاشنابێ. سەیری بەراورد و پێکچوونەکە بکە؛ هەور زۆر گەورە و زەبەلاحە لە ئاسمان، گەمیش زۆر گەورەیە، هەیە بەقەد شارۆچکەیەک دەبێ، هەردووکیان دوورن و دەستی منداڵیان ناگاتێ: هەور لە ئاسمان. گەمی لەسەر دەریا، هەور جوولە دەکا، گەمیش دەڕوا، هەور با دەیهێنی و دەیبا، گەمی وزەی خۆی و گەمییەوانەکە، کە بۆ هەورەکە (با)یە. بەم شێوەیە، پێ بە پێ، دەقنووس لەگەڵ منداڵەکان هەنگاو هەڵدەگرێ و بەرەو جیهانی هەور دەڕوا... . لە دوایین دێڕدا، وێنەیەکی هونەری دەکێشی کە زۆر جوانە لە دیدی کچ و کیژۆڵان، خەڵاتکردنی مرواری، ئەوەیش لە شێوەی تەزرە، خەڵاتبەخشیش هەورە، دنکە تەزرەی سپی و بریسکەدار زۆر لە بریقەی قلە مرواری دەچێ .

## بونیاتی ژینگەی ئیمیجی:

ئەمە ژینگەیەکی مەجازییە، جیاوازی لەگەڵ ژینگەی هونەری ئەوەیە کە لە ژینگەی هونەریدا دەقنووس، بۆ نموونە، پەپوولەیەک، یان گوڵێک، یان مێروولەیەک دەکاتە بابەتی دەقەکەی. بەڵام لە ژینگەی ئیمیجیدا، لە سەرئەرزی واقیعدا «ژینگەکە» بوونی نییە، بەڵکوو، بۆ نموونە لە مێژوودا وەرگیراوە، وەک دوانزدە سوارەی مەریوان. یان لە فۆتۆیەکی کۆندا بینراوە، وەک شێوە و هەیئەتی شێخ مەحموودی حەفید، یان لە شکڵ و شوێنەوارێکدا هەیە وەک بۆراق و چیرۆکەکانی نێو کتێبەکانی ئایینی و ئەدەبی و مێژوویی و کەلتووریدا، یان لەخەیاڵدانی دەقنووسدا ئیمیجەکە حەشاردراوە.

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی لە دەقی (گەشت) لە کۆمەڵە شیعری (کۆڤین و هاوڕێکانی)دا دەڵێ:

(گەشت)

دوو کۆتری سپی و جوان
بە خۆشی و تەقڵەلێدان
ڕۆژێک ون بوون لە چاوان
چوون بۆ قوڵایی ئاسمان
دوای گەشت و گەڕانی زۆر
بوون بە هاوڕێی تیشکی خۆر
کاتێک کە خۆر ئاوا بوو
تاریکایی پەیدا بوو

گەڕانەوە دوو بە دوو
چەپکێک تیشکیان پێ بوو
دایانە دەست منداڵان
بیدەن لە سینگ و قژیان
هەتا بە خۆشی بژین
لە کوردستانی شیرین [٢٥]

ئەمە چێرۆکێکی خەیاڵاوی دروستکراوی دەقنووسە، دەیەوێ منداڵ لەگەڵ دوو کۆتر بباتە ئاسمان و بیانکات بە هاوڕێی تیشکی خۆر و ڕووناکی. وەک ئەوەی بیەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە تەیروتوار لە ئاسمان ون دەبن بۆ کوێ دەچن؟ دیاریی دوو کۆترەکە، هەر چەپکە تیشکی خەیاڵین و دەیەوێ بەوە دڵی منداڵان خۆش بکات. لێرەدا، شاعیر، هەواڵدەدا، منداڵێش وەک خۆی بگەێنێتە حاڵەتی بێئاگایی تا ڕادەی خەوبینین. دەنا خۆ بیرۆکەی دەقەکە لە ڕاستیدا بوونی نییە. جیهانی منداڵیش، پتر جیهانی خەوبینیە و ئەو واقیعەی ئەو دەیبینی زۆر جیاوازە لەگەڵ واقیعە حەقیقییەکەی ئێمەمانان درکی پێدەکەین.
ئەم جۆرە دەقە لە شیعری منداڵاندا هەیە، بەڵام زۆریش باو نین و هەموو دەقنووسێک دەستی بۆ نابات.

***

کەمال ئەسعەد چەرمەگا (١٩٤٥ - )، هەوڵ دەدا دیمەنی بووکە بە بارانێ، بە وشە بکێشێت و ئیمیجی ئەو ڕۆژ و ڕووداوە

٢٥ ) عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، کۆڤین و هاوڕێیاکانی، چاپی دووەم، چاپخانە ؟، ٢٠١١. ل. ١١

جارێکی دیکە زیندوو بکاتەوە و دەڵێ:

بووکە بە بارانێ
ئاوی بن دەغڵانێ
سەعاتی جارانێ
هەیاران و مەیاران
یاخوا داکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران
هێدی هێدی ببارێ
ڕەحمەت بڕژێتە خوارێ
زەوی ئاو بخواتەوە
دەشت و کیو بشوواتەوە
دەغڵودانی پێ شین بێ
وەرزی خۆشی پڕ نگین بێ[٢٦]

---

٢٦ ) کەمال ئەسعەد چەرمەگا، گوڵاڵەی پاش مەرگ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل. ٢٧٢

## بونیاتی ژینگەی پەروەردەیی:

لێکۆڵینـەوەکان، گەشـانەوەی شـیعری منـداڵان لـە ئەدەبـی کوردیـدا، دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی سـەرهەڵدانی ڕەوتـی شـیعری نوێـی کـوردی لەسـەر دەسـتی گـۆران و شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح، لەگـەڵ ئـەو قۆناغـە و دواتـر، (٣) گۆڕانکاریـی بەرچـاو بەسـەر شـێواز و ناوەڕۆکـی شـیعری منداڵانـی کـوردی داهـات:

١) زمـان و قالـب و پەیامـی شـیعرەکان نوێکارییـان تێداکـراوە، هەوڵـی جـددی درا لـە نزیـك کردنـەوی شـیعرەکان لـە نـاخ و دەروونـی منداڵـەکان و ئاشـناکردنیان بـەو جـۆرە شـیعرە.

٢) شـیعری منـداڵان لـە چوارچێـوەی لایەلایـە و پێداهەڵگوتـن و بـە ڕەمزکردنـی پەیامـەکان دەربـاز بـوو. ناوئاخنـی شـیعرەکان بـە بابـەت و پەیـام و ڕۆشـنبیری و زانیاریـی فرەچەشـن دەوڵەمەندکـران.

٣) هونینـەوەی شـیعر بـۆ منداڵـەکان بـوو بـە خـەم و ئەرکـی شـاعیران، هێندێکیـان نـەك هـەر کۆبەرەهەمەکانیـان بـە شـیعری منـداڵان ڕازانـدەوە، بەڵکـو بەرهەمـی سـەربەخۆیان بـۆ منـداڵان ئامـادە کـردوە. ئـەم دیاردەیـە تـا ئێسـتاش بەردەوامـی هەیـە.

لێکۆڵینـەوەکان، ئـەوە پشـت ڕاسـت دەکەنـەوە کـە ئـەو شـیعرانەی بـۆ منـداڵان نووسـراون، تـژن لـە وانـە و دەرس و ئامـۆژگاری و ڕێنمـای و ڕابەرایەتـی، وەک بڵێـی منداڵ سـوختە و فەقێـی حوجـرەی جارانـن و دەبـێ پەروەردەکردنیـان لـە ئەسـتۆی مامۆسـتا و ئەدیبـان دابـێ. بۆیـە کـە قسـە لـە پۆلینکردنـی شـیعری منـداڵان دەکـەن، شـیعری پەروەردەیـی لـە پێشـەوە نـاوی دێ. زۆر

دەربـارەی شـیعری پەروەردەیـی نووسـراوە. لەتیـف هەڵمـەت، لـە کتێبـی (چـۆن وچـی بـۆ منـداڵ بنووسـین) کـە لـە سـاڵی (٢٠١١) چـاپ کـراوە، ئەزمـوون و بیروبۆچوونـی خـۆی دەربـارەی ئەدەبـی منـداڵان و شـیعری منـداڵان بـە خەسـت و خۆڵـی شـیکردۆتەوە، دەکـرێ ئـەم کتێبـە وەك مانفێسـتی ئـەو شـاعیرە بـۆ شـیعری منـداڵان وەربگیرێـت.

بـەڵام، بەداخـەوە، لـە زۆربـەی بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی بـۆ منـداڵان ئامادەکـراون، فەرامۆشـکردنی خاڵـە بایەخدارەکانـی کتێبەکـەی لەتیـف هەڵمەتیـان تێـدا دەبینـرێ. بۆیـە ڕەخنـەکار هەسـت دەکات کـە زۆربـەی زۆری شـیعرەکانیان:

○ یەکجـۆر ناونیشـانی سـوواوی دوبـارە کراوەیـان هەیـە، هـەر دەڵێـی لاسـایی یەکـدی دەکەنـەوە. بـە شـێوەیەک هیـچ بەرهەمێکیـان نییـە خاڵـی بـێ لـە ناونیشـانی وەک: قوتابخانەکەم، ماڵەکـەم، مامۆسـتاکەم، دایکـم، هاوڕێکانـم، کـۆلارە، میزڵـدان، بووکەشووشـە، هەنـگ، چۆلەکـە، کۆتـر، باخچـە، سـەیران، میـن، .. هتـد.

○ قالـب و فـۆرم و داڕشـتنی دەقەکانیـان هێنـدە لـە نـاوەڕۆک لەیـەک دەچـن، ئەگـەر کـۆی بەرهەمـی شـیعری منـداڵان لـە یـەک کتێبـدا چـاپ بکـرێ و نـاوی یـەک شـاعیری بەسـەروە بـێ، هەسـت ناکـەی کـە ئـەو کتێبـە کۆبەرهەمـی دەیـان شـاعیرە. چونکـە زۆر بـە کەمـی جیاوازیـی لـە داڕشـتن و وشـە و ڕسـتە و دەربڕینـدا دەبینرێـت. مەگـەر هـەر چەنـد شـاعیرێکمان هەبـێ کـە جیـاوازن، ئەوانیـش ژمارەیـان لـە پەنجـەی دوو دەسـت تێپـەڕ نـاکات.

○ چاولێکەری و لاساییکردنەوەی دوور لە نوێکاری و داهێنان، خەسڵەتێکی زاڵە بەسەر زۆری ئەو بەرهەمانە.

○ به گشتی، نەک بە ڕەهای، زۆربەی دەقە شیعرەکان کرچ و کاڵی و لاوازی و ئاست نزمی زمانەوانی و ڕێزمانی و فەرهەنگیان پێوە دیارە و بە زەحمەت نیشانە دەپێکێن.

ڕەزا شـوان، دەربـارەی بایەخـی شـیعری منـداڵان دەنووسـی: «شـیعری منـداڵان کاریگەرییەکـی باشـی هەیـە لـە فراوانکردنـی ئاسـۆی ئەندێشـە و خەیاڵـی منداڵانـدا، لـە گەشـەکردنی زەیـن و هۆشـیان، لـە قوڵترکردنـی بیریـان، لـە ختووکەدانـی هەسـت و سـۆزیان، چێـژ و خۆشـییەکی زۆریـان پێدەبەخشـێت، گەلـێ گـرێ و کێشـەی دەروونـی منـداڵان چارەسـەردەکات و گەلـێ لـە ئامانجەکانـی پەروەردەیەکـی دروسـت دێنـەدی.. شـیعری منـداڵان هۆکارێکـە بـۆ فێرکـردن و فێربـوون.» [٢٧] بـەڵام لـە پڕاکتیزەکردنـی ئـەو دەقـە تیوریيانـە، لەسـەر ئـەرزی واقیعـدا، کەمتـر دەقـی شـاکار و ئەزموونـدار و جیـاواز دەبینـی. لـە نێـو چەنـدان کۆبەرهـەم، ئەوجـا یـەک دوو دەقـت وەدەسـت دەکـەوێ کـە وەک نموونـە شـیاو بـێ.

ئەلند مزووری (١٩٦٩ـ ) لە دەقی(ژینگەهـ)، وەک پەروەردەکارێک ئەم بەرهەمە پێشکێش بە منداڵان دەکات:

(ژینگەهـ)

ب پارێزن ژینگەهێ
خەمل و ڕەوشا وارگەهێ
دڤێ پیسنەکەین ئاقاری
داگەش بیت ڕوویێ واری

27) www.khaktv.net/alldetail.aspx?jimare=2073&type=farhang

جهێ سەیرانا و گەشتێ
خۆشکەین وەکا بەهەشتێ
دا هەر پاک و بژین بیت
پڕی ژین و ئەڤین بیت

ژینگەهەک پاک و هەردەم
گیان پێ دەببت ساخلەم
خەملا وێ هەر بۆ مەیە
پیرۆزیا وارێ مەیە

نەبڕن دارێت چیا
نە بەزینن کۆیڤی یا
شینکاتی و گیاندارا
ب پارێزن وەک جارا [٢٨]

***

خالید عەبدل (١٩٦٠ــ )، وەک زۆربەی شاعیرەکان، لە دەقێکدا منداڵان ئاگادار دەکاتەوە لە مین و پاشماوەی تەقەمەنی بەجێماو لەو دەشت و دەر و شاخ و داخانەدا. دەقەکە دەچێتە نێو کۆمەڵەی شیعری پەروەردەیی و دەڵێ:

---

٢٨) ژینگەی کوردستان، هاوبەش، شیعر بۆ منداڵان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢٠، ل.١٨

(مین)

هەرکات حەزت کرد لە گەشت
هات و چوویتە دەر و دەشت
چاک و جوان بڕوانە ڕێت
سەرنج بدەرە بەر پێت
هەندێ سەیر و سەمەرە
دیارن لەم دەشت و دەرە
سێگۆشەی سوور، لەوحی شین
نیشانەن بۆ بوونی مین
نەکەی خەیاڵی بکەی
لە ڕاستە ڕێ لابدەی
واتە بەولاوە نەچی
چون بێ قاچ و دەست دەبی.[٢٩]

لـە زۆربـەی باخچـەی منداڵان و قوتابخانـە بنەڕەتییـەکان، ئـەو جـۆرە دەقـە، چ وەک پەیـڤ، چ وەک سـروود و ئـاواز پێشـکێش بـە منـداڵان دەکرێـن. لـەم دەقـەدا دەقنـووس، هێماکانـی مینـی، وێنەکێشـاوە بـۆ ئاگادارکردنـەوەی منـداڵان بـۆ دوورکەتنەوەیـان لـەو شـوێنانە.

٢٩) خالید عەبدل، یاریی شەڕەبەفر، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٦، ل. ٣٢ - ٣٣

## بونیاتی ژینگەی فەرهەنگی:

زمان ئاڵۆزترین داهێنانی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو، دەزانین کە ئەزموونی شیعریی بەبێ زمان بوونی نییە، کەواتە ژینگەی فەرهەنگی نەک هەر سەنگ و پارسەنگی دەقە، بەڵکوو خولقێنەری دەقەکەشە. لێرەدا بایەخی فەرهەنگی زمانەوانی شیعریی و واتاسازی و گوزارشتکردنی بە دیاردەکەوێ. زۆر جێگەی مەترسیدارە دەقنووس کلۆڵ و هەژار و دەستکورت بێت لە زمان و زمانەوانی، دەست بۆ نووسینی دەقی منداڵان بەبات. چونکە زەین و هزری منداڵ ڕوونە و باشتر شتەکان ئامادەکەن، بە شتە نادرووست و ناتەواو و سەقەتەکانیشەوە.

چونکە زمانی شیعری، زمانی دژایەتی و دزەکردن و کەشفکردن و داهێنان و گۆڕین و فەراهەمکردنی جیهانی نوێیە، جیهانێک کە پێشتر بوونی نەبووە. ژینگەی فەرهەنگی یەک فەرهەنگە لێ چەندان بەرگ لەخۆ دەگرێ، بۆیە دەبێ دەقنووس لەخۆی بپرسێ چەندە باڵادەست و دەوڵەمەندە بەو بەرگانەی ئەو فەرهەنگە، وەک:

- **فەرهەنگی زاراوە ڕووەکییەکان:** ناوی گیاوگۆڵ و گوڵ و گوڵزار و چیمەن و باخ و دارودەون و دارستان و جەنگەڵ و ڕووەکی ماڵی و درەختی کێوی و جۆر و ڕەنگ و تام و بۆن و شێوەکانیان و قۆناغەکانی شینبوون و گەشەکردن و بەرگرتن و سیس و ژاکاوبوون.... تاد.

(محەمەد بەرزی)، بە (٤١) وشەی ناسک و نازدار و جوان، جگە لەوەی منداڵ فێرە ناوی چەند درەختێک دەکا، ئاشناشی دەکا بە ژینگەی سمۆرە و ڕیشۆڵە و پاساری و ئاماژە بە

دیارییەکانــی دارودرەخــت دەکا کــە ســەیرانگای بەهەشتئاســا  و دیلانێیــە. دەقەکــە زۆر ئــاوازدارە، ســەرواکان ســووک و دڵگــرن و خاڵییــە لــە وشــەی زیــاد و قــورس و قەپــۆز ناشــیرین و خێڵوخــوار و دەقێکــی خــۆش و  ژینگەدۆســتانەیە:

درەختـــم زۆر خـــۆشـــدەوێ
بۆم دەگرێ سێو و هەرمێ
هــەڵوژە و قــۆخ و قەیسی
ئای چەند خۆشە گێلاسی
هەنار و گوێزی زۆرە
لانــەیــە بــۆ ســمۆرە
بۆ ریشۆڵە و پاساری
بەهەشــتێکە پڕ یاری
بــۆ ئێمــەی بچـــکۆلانە
خۆی دەکات بە جۆلانە
مەرجـە تاکـو  بمێنم
لق و پۆپی نەشـکێنم [٣٠]
***

گوڵاڵـە سـتاوەند (١٩٨٠ - )، ڕیزبەندێـک نـاوی گـوڵان بـە منداڵان ئاشـنا دەکات و لـە فۆڕمێکـی دڵگیـر پەیامەکـەی دەگەێنـێ و دەڵێ:
لالی لالی، گوڵی سووری
هەتاو و مانگە بەرمووری
لالی لالی، گوڵی زەردی
تۆ دەرمانی هەموو دەردی

30) http://dengekan.ca/archives/2806)

لالی لالی، گوڵی یاسی
سەنیر و لیفە ئەتڵەسی
لالی لالی، گوڵی شیلان
ماڵت بۆ بکەم بە ئەستێران
لالی لالی، گوڵی ڕەیحان
خەونەکانت لە نێو هەوران
لالی لالی، گوڵی لیمۆ
خەوی لێکەوتوو و نوستۆ [٣١]
***

ئازاد عەبدولعەزیز مزووری (١٩٧٥ - )، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ درەختێک، زانیاریی بە منداڵ دەدات، ئەم شیوازە زۆر دڵکێشە بۆ منداڵ، ئەو دەڵێ:

ناڤێ تە چییە؟
ناڤێ من دارە
دارا چ بەری؟
دار، دارهەنارە
ڕەنگی تە چییە؟
ڕەنگی من سوورە
دناڤ دلێن من
دندکین هوورە
ڤیناتە چییە؟
ڤینا من خاکە

---

٣١) گوڵاڵـە سـتاوەند، باغچـەی بـە گـوڵ و ڕەیحـان، بـڵاگا، سـنە، شـەمیم سـنە، ١٣٩٠ ف. ل. ١٣

خاکا کوردستان
ژبۆ من چاکە [٣٢]

## - فەرهەنگی زاراوەی ئاژەڵان:

بە نێر و مێ و بێچوو و فەرخە و ناوی لانە و هێلانە و کون و شوێنی حەوانەوەیان و ڕەفتار و شکل و شێوەیان و ناوی بەخێوکار و سەرپەرشتکارەکانیان و ناوی ئەندامەکانی لەشیان یەکەیەکە......تاد.

هاوژین سلێوە (١٩٧٩ـ )، لە دەقی (پیرەتەگە)دا دەڵێ:

(پیرەتەگە)
کە هاتە ژیان کاریلەیە
ژیکەڵە و زۆر وردیلە
دوای ئێژن جیسکە نێرە
داهاتووی پڕ خێر و بێرە
گەورەتر بوو دەبێتە کوڕ
سمکۆڵ دەکا خۆی دەکا کووڕ
گەورەتر بوو دەبێتە خرت
دەردەپەڕێ بە چرت و پرت
قۆناغی تر نێری و تەگە
هەردوو ناویش لە تەک یەکە
دوای ئەو دەبتە پیرەتەگە
قەساب گۆشتی وی گەرەکە [٣٣]

٣٢ ) ئازاد عەبدولعەزیز مزووری، سترانێن ڤارینێ، بڵاوەکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩. ل. ٢٦
٣٣) هاوژین سلێوە، تابلۆی پەپوولان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩ ، ل. ١٧

دەقنــووس، لــە یــەک دەقــی (٤٣) وشــەیدا، منــداڵ دەباتــە ســووری ژیانــی گیاندارێکــی ڕۆحســووکی هاوڕێــی منــداڵان و چەنــدان وشــەی نوێیــان فێــر دەکات، کــە ڕەنگبــێ بــۆ هێنــدێ لــە گەورەکانیــش پێــی ئاشــنا نەبــن ـ بــە تایبەتــی شارنشــینەکان. وشــەی :(کاریلــە، جیســکە نێــرە، کــوڕ، خــرت، نێــری و تەگــە، پیرەتەگــە) گەنجینــەی فەرهەنگــی منــداڵ دەوڵەمەنــد دەکات. دەقەکــە چەنــدان وشــەی دیکەشــی تێیدایــە کــە کــوردی خۆشــئاوازن وەک:(ژیکەڵــە، وردیلــە، ئێــژن، خێــر و بێــر، ســمکۆڵ، کــووڕ، چــرت و پــرت، قۆنــاغ).

- **فەرهەنگی زاراوە کەلتوورییەکان:**

هەرشــتێ پەیوەســت بــێ بــە کەلتــوور و فۆلکلــۆر و کەلەپــوور و کەرەســتە و ئامێــر و ئامرازەکانــی بەکارهاتــوو لــە ژیانــی کوردەواریــدا. پێشــکەوتنی خێــرای تەکنەکۆژیــا، دێ هەرچی شتی کــۆن و دێرینــە هەڵیلوشــێت، بۆیــە بایەخــدان بــەو فەرهەنگە زۆر پێویســتە بــۆ منــداڵ، کــە لــە قۆناغێکــی تەمــەن دایــە، دەتوانــی زانیــاری وەرگرێــت و فێــری بــێ. بەداخــەوە، بــە گشــتی دەقــی شــیعری منــداڵان لــەم ڕووەوە هــەژار و موســکینە.

ئەمیــن ســەپان (١٩٤٧ــ )، جــێ پەنجــەی لــە زیندووڕاگرتنــی فەرهەنگــی کەلتووریــی کوردیــدا، لــە شــیعری منداڵانــدا دیــارە، بــۆ نموونــە لــە دەقــی (پۆشــاکی کــوڕان)دا دەڵــێ:

سەیری ئەم بەرگە جوانە
جێی شانازیی کوردانە
پەستەکی جوان و پشتوێن
شاڵی دەڤەری بتوێن

کۆتی باریکی دەگمەن
پیشەی خۆماڵی ڕەسەن
نیشانەی هۆش و بیرە
کەلەپووری باپیرە
بڕوانە شاڵ و شەپک
چەند جوانە چۆغە و ڕانک
شەرواڵ و ستارخانی
مراخانیش لە شانی
نموونەی پۆشاکی هۆز
ڕازاوەیە بۆ نەورۆز
کڵاش و پووزەوانە
هی وەستای هەورامانە
کەوا و سەڵتەش هەروایە
بەرگی شێخ و مەلایە
مشکی و جامەنە و کڵاو
کوڵەباڵیش لە بەرما
دەمپارێزێ لە سەرما [34]

دەبێ ئەو مامۆستایەی ئەو دەقە دەخوێنێتەوە یان یەکێک لە منداڵەکان بەو پۆشاکە کوردییانە بهێنێتە پۆل، یان بوخچەیەک لەو جلوبەرگانە لەگەڵ خۆی بێنێتە پۆلەکە:(پەستەک، پشتوێن، کۆت، شاڵ و شەپک، ڕانک و چۆغە، شاڵ، شەرواڵ، ستارخانی، مرادخانی، کڵاش، پووزەوانە، کەوا، سەڵتە، مشکی، جامەنە، کڵاو، کوڵەباڵ.). دەقەکە کە فۆلکلۆرئاوازە، چەندان

٣٤) ئەمین سەپان، شار و لادێ تێکەڵ بوون، چاپخانەی کەکۆن، ٢٠١٤، ل. ٣٦-٣٨

وشــه و دەســتەواژەی دیکــه فێــره منــداڵ دەکات وەک :(بــەرگ، جێــی شــانازییە، دەڤــەری بتوێــن، دەگمــەن، پیشــەی خۆماڵــی، کەلەپــوور، پۆشــاک، وەســتای هەورامــان، بەرگــی شــێخ و مــەلا). هەرچەنــد دەقەکــە شــێوەی بــن زاری ســلێمانی پێــوە دیــارە لــە وشــەکانی وەک (پشــتوێن، جامانــە، مراخانــی) بــەڵام لــە نرخــی دەقەکــەی کــەم نەکردووەتــەوە. کێشــی دەقەکــە فۆلکۆلۆرییــە و دەچێتــەوە ســەر زۆر ئــاوازی کــوردی:

A ++++ +++

A ++++ +++

بەرهەمەکانــی ئەمیــن ســەپان ڕازاوەن بــە ناونیشــانی وەک: (چێشــتە قوڵــێ، کفتــەی ســابوونکەران، یاپــراخ، پۆشــاکی کچــان، هەڵمەقــۆ، خەتخەتێــن، یــاری کوردەواری...تــاد.)، کــە هەموویــان دەچنــە نــاو فەرهەنگــی کەلتــوور و فۆلکلــۆری کــوردی.

***

محەمــەد داریــاس، ڕۆژانــی جەژنــی دەوروزەمانــی چــەرخ و فەلــەک، دەهێنێتــەوە پێــش چــاو منداڵانــی ئــەم ســەردەمە، کــە پتر ئــەوان بــە گەمــە و یارییــە تەکنەلۆژیــا ســەردەمییەکانەوە ئاشــنان و ئــەو بــەزم و ڕەزم و هــات و باتــەی ڕۆژانــی جەژنــی جارانیــان نەبینیــوە. دەقەکــە دەچێتــە خانــەی بــە زیندووڕاگرتنــی کەلتــوور و کەلەپــووری نەتەوەیــی، کــە لــە ڕۆژگارێکــدا زۆر خزمەتیــان بــە کۆمەڵــی کــوردەواری کــردوە. ئــەو دەڵــێ:

چەرخ و فەلەک بەرناکەوێ<br>
کەس لەبەر کەس لاناکەوێ<br>
یەک دێتە دەر، یەک بەرەو ماڵ<br>
هەر کەس بەدوای شتێ عەوداڵ

سێ چوار ڕۆژان ئا بەم شێوە
ناوی جەژن لەسەر لێوە. [٣٥]

***

ئیبراهیم ئەحمەد شوان (١٩٥٠- )، لانک دەکاتە بابەتی شیعری و لەسەر زاری منداڵان بەم شێوەیە دێتە گۆ:

لانک چەندە پیرۆزی
کانی هەست و دڵسۆزی
ئۆقرەگاهی منداڵی
لایلایەکی زوڵاڵی
ژیرم دەکەی لە گریان
دەمپارێزی لە زریان
نە هۆڕەی گەرما و سەرما
ناهێڵی بێتە سەرما
نم نمەی خۆشەویستی
سەربەستی و خۆ نەویستی [٣٦]

- **فەرهەنگی زاراوە و ئاو:**

ناوی ئاو بە هەموو شێوەکانی ئاسایی و بەستوو و گازی و کەف و ڕووبار و بەفر و باران، و چەم، و لافاو و شەونم و ئاونگ و کانی وکانیاو و گۆم و تاڵاو و دەریا و زەریا.. هتد. . هەروەها دەنگەکانیان، چکەچک، خورەخور، هاژەهاژ، شڵپوهۆڕ...تاد. هەرچی وشە و زاراوەیەک کە بچێتە نێو ئەو

---

٣٥) خونچەی منداڵان، محەمەد دارياس، چاپی وەزارەتی کشتوکاڵ، ٢٠٠٦، ل. ٢٢

٣٦) ئیبراهیم ئەحمەد شوان، پێشەکی خەرمانلۆغە، شیعر بۆ منداڵان، ١٩٨٥، ل. ٥

فەرهەنگەی تایبەتە بە ئاو بایەخی زۆریان هەیە. دەقنووسی باڵادەست و زمانزان، لە هەڵبژاردنی وشەکانیدا، کارامەیی خۆی دەنوێنێ و دەزانێ چۆن دەقەکانی پێ دەوڵەمەند و جوان دەکات.

لە دەقەشیعری (ئاو)، جگە لە شێوازی فۆرمی شیعرەکە کە درامایەکی سەرنجڕاکێشەرە و کارەکتەرەکانی ئاو و منداڵێکە، لەتیف هەڵمەت، وەستاکارییەکی زۆر پەنجەڕەنگینی تێداکردوە و زیرەکانە دەمانباتە ژینگەی منداڵێکی پۆلی دوو و سێی بنەڕەتی،- کە لە قۆناغی پرسیار و پرسیارکردنە تا ڕادەی بێزارکردن، ئەوجا لە وەڵامی ڕووبارەکە ئاشنا دەبین بە ناوی دیجلە و وان و چاوگە و وڵات و سنوور و مشتێ وشەی خۆشی دیکە. لە کۆتایی دەقەکەدا، سنووری ژینگەپارێزی بەزێندراوە، بۆ تخووبی هیوا بە گەیشتن بە خەونەکانی منداڵێکی کورد و نەتەوەیەک و ئاماژەش بە داگیرکەر و دوشمن کراوە. لەتیف هەڵمەت تابلێی مەعلانە لە هەڵبژاردنی وشە و بڕگە و دەنگ و واتا و چنینەوەی حەڕفەکان و دەزانێ بۆ کێ دەنووسێ، ئەو دەڵێ:

به دیجلەم وت: تۆ خەڵکی کوێی
ڕەنگت وا ڕوون و ڕەوانە؟
وتی: خەڵکی وڵاتێکم
کە تۆش هەر خەڵکی ئەوێی
دایکم ناوی چاوگەی وانە
وڵاتیشم کوردستانە
منیش وەك تۆ هەموو هیوا و ئاواتێکم
یەکبوونەوەی نیشتمانە

منیش وەکو تۆ بێزارم
لەم سنووره دەسکردانە
منیش وەکو تۆ بێزارم
لە سێبەرەکەی بێگانە. [37]

مـنـداڵان هەمیشـە حـەز لـە گفتوگۆکـردن و ئاخاوتـن و پرسـیارکردن دەکات، ئەوانـەی شـارەزاییان لـە دەرووناسـی منداڵانـدا هەیـە پتـر لـەو نهێنییـە سـاکارانە تێدەگـەن. دەقنـووس ئەمـەی کردووەتـە تەکنیکێکـی شـیعری تـا باشـترین گاریگەریـی لەسـەر مێشـك و دەروونـی منـداڵ هەبـێ. بەڕاسـتی دەقنـووس لـەم دەقـەدا مەبەسـتی خـۆی پێـکاوە و زۆرتریـن زانیـاری بـە پەیامگـر دەدات:

- ئاو لەباوەشی خویدا هەمووومان کۆدەکاتەوە (من، تۆ، وڵات، ژیان).
- ڕووباری دیجلە بەشێکە لە وڵاتی خۆمان.
- ئاوی ئەو ڕووبارە ڕوون و سازگارە.
-سەرچاوەی ڕووبارەکە دەریاچەی (وان) ە.
- وڵاتەکەمان ناوی کوردستانە.
-ئاواتەکان هاوبەشن لە نێوان (دیجلە و منداڵە کوردەکەدا).

***

تەها بیلال (١٩٤٥ - )، فەرهەنگۆکەکی قشت بۆ منداڵ، لە دەقێکی سووک و خۆشئاواز، دەربارەی ئاو دەنووسێتەوە و دەڵێ:
جۆرا و جۆری ئاوم
ئەی کە جوانە ناوم

٣٧) لەتیـف هەڵمـەت، دیوانـی منـداڵان. چ. ٣، چاپخانـەی کاردۆ، سـلێمانی، ٢٠١٣، ل. ٢٦٩

ڕووبار و باراناوم
بیرم لە قوولیا ماوم
کارێز و کانیاوم
یا بەفر و سەهۆڵاوم
منی گەورە دەریام
فراونتریش زەریام [38]

دەقنووس چەند وشەیەکی فەرهەنگی ئاو فێرە منداڵ دەکات:ڕووبار، باراناو، بیر، کارێز، کانیاو، بەفر،سەهۆڵاو، دەریا، زەریا.

**- فەرهەنگی زاراوەکانی شوێن و جوگرافیا:**

لەسەر ئاستی دەوروبەر و ناوچەیی و هەرێمی و جیهانی و گەردوونی. ئەمە ڕووبەرێکی زۆر دەگرێتەوە لە فەرهەنگی شوێنە ناوخۆییەکان، ناوی شار و شوێنەوارەکان یا دەگاتە مانگ و ئەستێرەکان کە بە سەدان و هەزاران وشە لە خۆدەگرێ.

لە دەقی (پۆستی کوردستان)، لە کۆمەڵە شیعری(چۆلەکەی سەر دارەکە)، لەتیف هەڵمەت، هەم پیشەیەکی کۆن بە منداڵان ئاشنا دەکات و هەم ناڕاستەوخۆ بە چەندان شاری کوردستاندا دەمانگەڕێنێ و بیرۆکەی یەکپارچەیی نیشتیمان لە دڵ و دەروونی منداڵ دەڕووێنێ. ناوی قامیشلی و مەهاباد و دیاربەکر و کەرکووک لە پاڵ ئاماژە بە برا و خوشک و مام و باوک، منداڵ بە جیهانی کوردستانی گەورەدا دەگەڕێنێ

٣٨) تەها بیلال، بووکە شووشە، بڵاوکراوەی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٧. ل. ٤٥

وەک ئـەوەی لـە سـەفەری سـەردانی خێزانەکـەی دابـێ. لێـرە، بـا نەبێتـە دووبـارە، باسـی سـنعەتی هۆنینـەوەی دەقەکـە ناکەیـن، کـە جوانـی و ئـاواز و هونـەری لێدەچۆڕێتـەوە. دەقنـووس دەڵـێ:

(پۆستی کوردستان)

ئەی پۆستەچی
ئەی پۆستەچی
لە کوێوە دێی بۆ کوێ دەچی
بۆچی نامەی براکەمم
بۆ ناهێنی لە قامیشلی؟
ئەی پۆستەچی ئەی پۆستەچی
تکایە بۆ کوێ دەچی
هاوار .... فریاد!
بۆچی نامەکەم نابەی
بۆ خوشکەکەم لە مهاباد؟
ئەی پۆستەچی ... ئەی پۆستەچی
هاوارە بۆ کوێ دەچی
چەند ساڵی تر
نامەکەی من دەگەیەنی
بە مامم لە دیاربەکر ؟
هاوارە  پۆستەچی
بۆ ئەوەندە دڵڕەقی
نامەی منداڵێکی بچووک
نابەی بۆ باوکی لە کەرکووک؟ [٣٩]

---

٣٩) سەرچاوەی پێشوو.

**- فەرهەنگی زاراوەی شتە سرووشتییەکان:**

وشەسازیی بەرگەهەوا و بەردین و ئاو و ئەو توخمانەی کە لەخۆیاندایە. چونکە هەموو گۆشەیەکی سروشت، بە زیاتر لە فۆڕم و حاڵەتێک بوونی هەیە. تا لە زەوییەوە بڕۆ نێو ئاسمان و بە ناو گەلە ئەستێرەکاندا بگەڕێ. نووسینی دەقی منداڵان زۆرلەوە قورسترە وەک هێندێک تیبگەیون!

محەمەد دارباس (١٩٥٢ـ ) لە دەقێکدا لە (خونچەی بەهاران) دا دەڵێ:

وڵاتەکەم زۆر جوانە
جێی باو و باپیرانە
هەر خۆشبێ داروبەردی
بە شاخ و دۆڵ و هەردی
جۆگە و کانی و ڕووباری
ئاوی تاڤگەی سازگاری
ڕازاوە و دڵڕفێنە
تابلۆیەکی بێ وێنە
دارستانی، کوێستانی
ڕەز و باخ و بێستانی
جێگای سەیران و گەشتە
چەشنی باخی بەهەشتە [٤٠]

---

٤٠) محەمەد دارباس، خونچەی بەهاران، چاپخانە ؟، ٢٠٠٦، ل. ٢٦

- **فەرهەنگی زاراوەی پێکهاتەکانی زەوی:**

پێکهاتەکانــی زەوی زۆرن، هەنــە ڕەقــن وەک شــاخ و بــەرد، یــان نەرمــن وەک گــرد و خــۆڵ، هەیانــە چــاڵ و کــون و قوڵتــن وەک ئەشــکەوت و کنــدر و جۆبــار و زەنوێــر و هەڵدێــر و خەرەنــد. هەیانــە دەشــت و پانتایــن وەک بەیــار و پــاوان و دەشــتایی و کێڵگە...تــاد.

- **فەرهەنگی زاراوەکانی ڕۆناکی و وزە:**

سروشــتییەکان: نــاوی ئــەو پێکهاتانــەی کــە وزە بەرهــەم دەهێنــن، وەک خــۆر و ئــەوەی گەرمــی و ڕووناکــی بەرهەم دەهێنێــت، و ئاگر و گەرمبــوون و ســووتانی دەرەنجامــی لەخۆدەگرێــت. ڕۆژ، ســاڵ، مانــگ، جــۆری کەشــوهەوا لــە ئەنجامــی یــەک لــە دوای یەکبوونــی وەرزی، لــە ڕووی پەیوەندیــدار بــە کاریگــەری و تایبەتمەندییەکانی وەکــو گەرمــاو، خۆڵەمێــش، ئاگرکەوتنــەوە و ســووتان.

دایکــی ســۆلاڤ (١٩٢٨ــ )، لــە دەقــی (خــۆر)، چەنــد ئاماژەیەک بە وزەی خــۆر و ســوودەکانی بــۆ ژیــان و بوونــەوەر دەکات و دەڵێ:

(مانگ و خۆر ئەستێرە)

مانگ و خۆر و ئەستێرە

چاوم بە تیشکیان فێرە

گەر خۆر نەبێ لە ئاسمان

لە زەوی نابێ ژیان

ئەستێرە و مانگ، ڕۆژ و شەو

لە ئاسمانا ئەکەن ڕەو

لە خۆر تیشک وەرئەگرن

بە ئاسمانا ڕێ ئەبڕن

یەک یەک ئەسوڕینەوە
کز دەبن و هەڵدێنەوە
هۆی ژیانە تیشکی خۆر
بۆ خۆراکی جۆراوجۆر
بۆ زەوی و گو ڵ و گیا
تیشک ئەبەخشی دڵنیا [41]
***

لەیـلا مسـەفا خۆشـناو (١٩٦٩ - )، ئەویـش لـەم جـۆرە دەقانـە ی هەیـە و بـە زمانێـکی شـیرین و ڕەوان بـۆ منـداڵان دەدوێ و دەڵـێ:

خۆر سەرچاوەی ژیانە
تیشکێکە لە ئاسمانە
گەرمیمان پێ دەبەخشێ
زەوی بە ئەو دەنەخشێ
دار و درەخت دەڕوێنێ
میکرۆبیش لە بن دێنێ
هەر بە تیشکی خۆرەتاو
پەیدا دەبێ هەڵمی ئاو
ئەیدا لەو گشت دەریاکان
دەبێت بە هەڵم و باران
هیچ ڕووەک و بوونەوەرێ
بێ خۆر خۆی ڕاناگرێ
ڕۆشن دەبێ گشت جیهان
بە تیشکی زێڕینی جوان [42]

٤١) دایکی سۆلاف. قاسپەی کەو، چاپی سلێمانی. ١٩٨٥. ل. ٣٩
٤٢) لەیـلا مسـتەفا خۆشـناو، خونچـە گوڵـەکان، بڵاوکـراوەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٩، ل. ٢١.

**- فەرهەنگی سیستەمی ژینگەیی:**

ئیکۆسیستەمەکان نوێنەرایەتیی جۆری ژینگەی سروشتی دەکەن بە پشتبەستن بە پێکهاتەکانی، و ژینگەی دەریایی، ڕووبار، دارستان، بیابان، کێوی، گردە... و پۆلێنکردنی دیکە لەخۆدەگرێت کە بەپێی زانستەکان تایبەتمەندییەکانی هەریەک بە جیا پۆلین و دابەش کراوە.

زەکی ئەحمەد هەناری (١٩٠٩ - ١٩٦٧)، لە دەقێکی هاوسەنگدا، هەم جوانی و هەم پاراستی ژینگە، دەکاتە وانەیەکی پڕ واتا و عیبرەت بۆ منداڵان و دەڵێ:

من گوڵێکی زۆر جوانم
بەهار دەهێنم بۆتان
گوڵی ئاجیلەم ناوە
مەزنی زەمانەم لاوە
پێشڕەوم بۆ بەهاران
***

چیمەن بە من دەڕازێ
شەماڵ دەمخاتە نازێ
بەستەی خۆشی بەهاران
***

کە تۆ دەڕۆی وریا بی
پێم لێ مەنێ قوتابی
خۆشت بوێ گیا و گۆڵ
لەگەڵ گوڵی چیا و چۆڵ
نیشانەن بۆ بەهاران [٤٣]

---

٤٣) زەکی ئەحمەد هەناری، هۆنراوەی منداڵان، د. کمال مەعروف، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ل. ٢٤

**- فەرهەنگی زاراوەی مرۆڤ:**

ژینگـەی مـرۆڤ زۆر پـان و فراوانـە، لـە ژینگـەی مێژوویـی، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی، کولتـووری، دەروونـی و ئابوورییـە بگـرە تـا نـاوی ئەندامانـی خێـزان و ئیـڵ و خێـڵ و نـاوی یەکـە یەکـە ئەندامەکانـی مـرۆڤ و تەمـەن و مەرگـی مرۆڤ...تـاد.

فەرهـاد ئەحمـەد بەرزنجـی (١٩٧٥ــ ) لـە دەقـی (دڵ) دا، بـەم شـێوەیە منـداڵان بـەو ئۆرگانـە گرنگـەی لەشـی مـرۆڤ ئاشـنا دەکات، دەقەکـە پتـر بـۆ خوێنـدەوە و ڕاکێشـانی سـەرنجی منداڵە، نـەک بـۆ ئەزبەرکـردن و چڕیـن، دەقنـووس ڕۆڵـی مامۆسـتای زیندەزانـی دەبینێـت و بـە جوانـی پەیڤـەکان بابەتەکـە ڕاڤـە دەکات و دەبێژێـت:

(دڵ)

دڵم لە لای چەپدایە
تەپ تەپ لە لێدان دایە
خۆشەویستە دڵەکەم
لەگەڵ ئەودا ژین دەکەم
ئەندامێکی بچووکە
پێکهاتووە لە ماسوولکە
ئامێری بێ هاوتایە
هەروەکو ترومپایە
کاتێک خۆی گرژ دەکات
بە خێرایی خوێن دەبات
بۆ ناو بەشەکانی لەش
ڕوومان دەکات ئاڵ و گەش
کاتێکیش خاو دەبێتەوە

پڕ لە خوێن دەبێتەوە
ئەم ئەندامە پڕ سۆزە
بۆ ئێمە زۆر دڵسۆزە
بەخششی خوای گەورەیە
چالاک و لێ بوردەیە [٤٤]

**- فەرهەنگی زاراوە گشتی و تایبەتییەکان:**

وەک نـاوی مزگـەوت و نەخۆشـی و جـۆری نـان و جـۆری نووسـین و جـۆری خـۆراک و جـۆری یـاری و جـۆری ئامێـری مۆزیـک و نـاوی دەنگـەکان و ئامـرازی گواسـتنەوە و بیناسـازی و کشـتوکاڵی پیشـەوەری ...تـاد.

ڕۆسـتەم خامـۆش (١٩٨٠ـ )، بـەم شـێوەیە باسـی پـردی دەلال و وەک شـوێنەوارێکی جـوان و دێرینـی کوردسـتان بـە منـداڵان دەناسـێنێ و دەڵێـت:

(پردی دەلال)
پــردی دەلال لـــە زاخــۆ
ئــای، کــە دێریـن و جوانــە
زۆر دڵگیــرە بــە ڕاســتــی
شوێنی گەشت و سـەیـرانـە

کــە چـــاوم پـێی دەکـەوێ
یـەکســـەر ئـاسـوودە دەبـم
دەزانـم چـەنـد قـەشـەنگـە
لێـو پــڕ لــە خـەنــدە دەبـم

---

٤٤) فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، خەیاڵی کۆترەکان، چاپخانە ؟، ٢٠٢١، ل. ١٥

پێویستە باش بزانین
کەسانێک لە ڕابردوو
درووستیان کرد بە جوانی
ئێستا وا بۆتە مێژوو[٤٥]

***

مەدحەت بێخەو (١٩٣٤ - ) لە دەقێکی تایبەت ئامادەکراو بۆ منداڵان ئاماژە بە ناوی زۆرئامێری مۆزێک و زاراوەکانی دەکات و بایەخی مۆزیکیش هەڵدەسەنگێنێت و لە لای منداڵ خۆشەویستی دەکات و دەڵێ:

مۆسیقا، ئەی مۆسیقا    تۆ ئاوازی ژیانی
تۆ شنەی خەمڕەوێنی    تۆ خۆراکی گیانی
تۆ سۆز و هەست و جۆشی    تۆ شادکاری دڵانی
(دۆ ڕێ می فا سۆ لا سی)ت    کێ بەهایان نازانێ
تۆ خۆش بەزم و شایی    تۆ سروود و گۆرانی
تۆ عوود و دۆڵ و زوڕنای    تۆ سەنتوور و کەمانی
تۆ تەمبوور و قانونی    بلوێر و باڵەبانی
ئەی مۆسیقای بەهادار    تۆ خۆراکی گیانی
تۆ نۆتەی پڕ خرۆشی    تۆ سەدای بولبولانی
تۆ دەنگی بێ سنووری    سۆزیی هەموو جیهانی
تۆ ئەندێشە و سرووشی    تۆ مایەیی کامەڕانی
ئەی مۆسیقای بەهادار    تۆ خۆراکی گیانی [٤٦]

***

---

٤٥) ڕۆستەم خامۆش، هاوڕێی پێنووس، چاپخانە ؟، هەولێر، ٢٠٢١ ، ل. ٤٧
٤٦) مەدحەت بێخەو، دیاری بۆ منداڵانی کوردستان، بڵاوکراوەی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٤. ل. ٣٠ - ٣٢

ئیبراهیم باڵدار(١٠٢٠ – ١٩٩٨)، مامۆستای داهێنەری کتێبی ئەلفوبێ کوردی، لە دەقە شیعرێکی پڕ ئاواز و نەغمە و ڕتم و رزم دەڵێ:

گەلێک دەنگ لای من خۆشن
کە دڵگیر و شادی بەخشن
چریکەی خوێندنی بولبول
لەسەر چڵ دار ڕووە و گوڵ
قاسپە قاسپی نێرە کەو
دەنگی بۆق بە مانگە شەو
باڕە باڕی مەڕ ئێواران
کەناچەی پۆڕ بەرەبەیان
جریوەی چۆلەکەی بێستان
هاژەهاژی ئاوی چەمان
گرمە گرمی هەور بەهاران
تکە تکی ئاو دوای باران
ناڵە ناڵی شمشاڵی شوان
ئاوازی لاوک و حەیران [٤٧]

***

بەڵام بڕوا محەممەدی (١٩٦٤ - )، ڕیزبەندی گەمە و یارییەکانی کوڕانە و کچانە نمایش دەکات و هانیان دەدا، بۆخۆیان ئەو یاریی و گەمانە بکەن. ئەو دەڵێ:

منداڵان خڕبنەوە
هێمن بن، کڕ بنەوە
گۆڕەپانێک بۆ یاری

---

٤٧) ئیبراهیم باڵدار، سەیران، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل. ٢٥

دیاری کەن بە هۆشیاری
کوڕ بە کێلەبەردانێ
بڕوانێ و پەلیکانێ
دەی باوێ و بگرە و هانی
گێم گێمانێ و تۆپانێ
چاوشارکێ و ئەلیاشێنە
گەر ئازای هەڵی بێنە
کیژیش بە ساپساپانێ
ماڵ ماڵۆکە و خان خانێ
کاروان و ئاش و دێم دێم
ئۆی بابە زامدار بوو پێم
ئەمە ڕەنگوز و فات فات
قیژە قیژ و ڕۆیی و هات [٤٨]

فرۆید (١٨٥٦ – ١٩٢٩)، پێی وایە گەمەی منداڵان دوو شت ئەنجام دەدات: یەک: چێژبەخشین بە منداڵ و خافڵاندنی، دوو: فێربوونی دوپاتکردنەوە و سەرلەنوێ ئەنجامدانەوەی گەمەکەی، لەمەشڕا فێرە ئەزموون دەبێ و دەزانێ چۆن باشتر و جوانتر کارەکان جێبەجێ بکات. [٤٩]

---

٤٨) بڕوا محەمەدی، ڕۆڵەکانم، بڵاوکراوەی دەزگای تەفسیر، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ١٩٩٩، ل. ٦٢ - ٦٣

٤٩) حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠٠٥، ل. ٣٦٠

## بونیاتی ژینگەی ڕەفتاری:

تـا ناوەڕاسـتی شەسـتەکان لـە سـەدەی ڕابـرووددا، لـە زۆربـەی قوتابخانەکانـی باشـووری کوردسـتان، دەسـتپێکی دەوامی ڕۆژانە بـە ڕیزبـوون و ئاڵابەرزکردنـەوە بـوو لـە گۆڕەپانـی قوتابخانـەدا. لـەو کۆبوونـەوە، کـە زۆربەیجـاران سـەر لـە بەیانییەکـەی بـوو – ئـەو دەم زۆربـەی قوتابخانـەکان یـەک دەوامیـان تێـدا دەکـرا. لەگـەڵ وتـاری بەڕێوەبـەر و مامۆسـتاکان، چەنـدان وتـار و شـیعر و سـروود و گۆرانـی لـە لایـەن خوێنـدکارەکان پێشـکێش دەکـرا. گوتنـەوەی ڕۆژانـەی سروودە نیشـتیمانییەکان، لە نـاخ و هەسـت و سـۆزی منداڵـەکان هێنـدە کاریگـەر بـوو، کـە تـا دەبـوون بـە پیـاو و پیـر دەبـوون، هـەر دەمایـەوە. بـەم شـێوەیە، وشـەکان دەبـوون بـە ڕەفتـار، لـە دەربڕینـی خۆشەویسـتی بـۆ مـرۆڤ و نیشـتمان و ژینگـە، لـە کۆشـش و خەباتکـردن، لـە بوێـری و سەرڕاسـتی، لـە حەزکـردن لـە کاری جـوان و چـاک... تـاد.

ڕۆژانـە مامۆسـتاکان، لە قۆناغەکانـی خوێنـدن، سروود و شـیعر و گۆرانـی فێـرە قوتابییـەکان دەکـەن و بۆیان دەڵێنـەوە. بەردەوام کتێـب و نامیلکـە و گۆڤـاری تایبـەت بـە شـیعر و چیـرۆک و شـانۆ و ڕۆمان...تـاد بـۆ منـداڵان چـاپ دەکرێـن، بـەڵام چەنـدە ئـەو بەرهەمـە ڕەفتـار و گوفتـاری منداڵەکانیـان جوانتـر و چاکتـر و خۆشـتر و بەهادارتـر کـردوە؟ ئایـە مامۆسـتا و باوانـی منداڵـەکان، هەسـت بـە هیـچ گۆڕانکارییـەک لـە ڕەفتـاری منداڵەکانیـان دەکـەن، کـە دەرهاویشـتە و بەرهەمـی ئـەو شـیعر و سـروود و گۆرانییانـە بـێ؟

من گومانم هەیە!

دەقنووسی ئەدەبی منداڵان، دەبێ باش ئەوە لەبەرچاوی خۆی بگرێ کە:

○ هەر شتێک کە دەخرێتە بەرچاوی منداڵ و فێردەکرێ، دەبێ پەیام و مەبەستێکی لە پشت بێ. کۆتر کە بۆ بێچووەکانی دەگەڕێتەوە ئەو شتانەیان بۆ ڕاو دەکا و بۆ دێنێ کە خۆراکی ئەوانن. کەواتە دەبێ دەقنووس ئەوبەرهەمە بۆ منداڵ ئامادە بکات کە خۆراکی ڕۆح و هزر و دەروونی ئەوانن.

○ پەیام هەر بە دەقی شیعرەکە ناگەیێندرێتە منداڵ. لێرەدا پەیامبەر، پەیامگەیێنەر، کە مامۆستا و باوانی منداڵە، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە، کە تاڕادەیەک سووک نییە. ئایە مامۆستایانی ئێمە مەشق و خوول و ڕاهێنانیان پێکراوە، چۆن شیعر بۆ منداڵ دەخوێندرێتەوە؟ چۆن چیرۆک دەگێڕنەوە؟ شانۆنامە چۆن ئەدا دەکرێ؟ تاد. هەر گوفتار و ڕەفتارێکی مامۆستا و باوان، دژ بەو پەیامە جوانانە بێ کە ڕایدەگەیێنن، ئەوا هەموو کردەکە پووچەڵ دەکاتەوە و دەگەڕێنەوە سەر خاڵی سفر. با هەر شیعری جوان و ناسک دەربارەی پاک و خاوێنی فێرە منداڵەکان بکەن. بەڵام کە دەبینن مامۆستا یان باوانیان، قونچکەجگەرەیەک فڕی دەدەنە سەر ئەرز، هیچمان نەکردا!

○ ڕەفتار، ڕەفتارە، پتر بە کرداری پراکتیکی منداڵ فێردەکرێ نەک هەر بە زار و وشە. ئەو ڕۆژەی باسی نامام ناشتن دەکەن و شیعری بۆ دەخوێننەوە، جوانتر و کاریگەرترە، لەو ڕۆژەدا و لەو بۆنەدا، لە شوێنێک نەمامێک یان چەند نەمامێک بە دەستی قوتابییەکان بڕوێنن. ئەمە دە هێندی خوێندەوەی دەقە شیعرەکە بە هێزترە و کار لە هزر و دەروونی منداڵ

دەکات. زانستی پەروەردەیی هاوچەرخ دەڵێ: یەکەمجار بە بیستن، دووەم بە خوێندنەوە، سێیەم بە نووسین، چوارەم بە دەستلێدان، پێنجەم: هەر هەمووو ئەوانە بەیەکەوە.

لەم دەقە شیعرەی عەزیزی مەلای رەش، بە جوانی ڕەنگدانەوەی بونیاتی ڕەفتاری دەبینین، دەقەکە قەڵاچنە بە کردار و فرمان و ئیش و جوولە و ئەرک جێبەجێکردن، ئەو دەڵێ:

کابانێکی بچکۆلەم
یارمەتی دایکم دەدەم
لە وردە ئیش بێ باکم
زۆر خاوێن و چالاکم
ئەو کارانەی من هەمن
سووک و ئاسان و کەمن
قاپوقاچاغ شووشتنە
چا ئامادەکردنە
نەختێک دەحەسێمەوە
واجیبم دەنووسمەوە
ئارەزووم لە گەمەیە
بۆ لەش و هۆش مایەیە
ساپسانێ و مۆروویانێ
بووکۆکانێ و جۆلانێ
نۆرەی سەعی و خوێندنە
پاش ماندوو بوون نووستنە
کات بە فیڕۆ ناچوێنم

ڕۆژانە دەی نەخشێنم
تا لە دوا ڕۆژ پێبگەم
خزمەتی وڵات بکەم [50]

***

ڕەئوف جەمیل (١٩٦٢ - ) نەمام چاندنی، بە کردار، کردووەتە کرۆکی دەقە شیعرێکی پەیامدار و دەڵێ:

با هەموومان سەرو دار
ببەین بۆ قەراغی شار
چاڵیان بۆ هەڵکەنین
داری بەردار بنێژین
خزمەتی باشیان بکەین
هەتا گەورەیان دەکەین
تێبکۆشین هەموومان
بۆ جوانی شارەکەمان [51]

***

ئەمین محەمەد، بە سایە چۆلەکەیەک، بە کردار، ڕەفتاری یارمەتیدان و کۆمەککردن و دەستگرتنی لیقەوماوان، وێنا دەکات و چۆلەکەیەک دەکاتە مۆدلی کاری خێرخوازی و خۆبەخشی و دەڵێ:

فیلێکی بچکۆلانە
خەپان و خنجیلانە
لووتی درێژ، گوێچکە پان

---

٥٠) عەزیزی مەلای ڕەش، گۆڤاری هەنگ، ژمارە ٣٧، ئاداری ١٩٩٩، ل. ٤
٥١) جەمیل ڕەئوف، پشەسوور، بڵاوەکراوەی کتێبخانەی بەختیاری، ٢٠١٣، ل. ٥٢

ونبووو بوو لە دارستان
دەگریا پەشۆکا بوو
ئاژەڵ دەوریان دابوو
باڵندەی ناو دارستان
کۆبوونەوە هەموویان
وتیان جا ئەم هاوڕێیە
ئێستاماڵیان لە کوێیە؟
چۆلەکەیەک دەستوبرد
خێرا بۆ لای دایکی برد [٥٢]

٥٢) ئەمین محەمەد، ماڵی باران، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل. ٩

## بونیاتی ژینگەی جواناسی:

با ئەم تەوەرەیە بە پرسیارێکی سادە دەستپێبکەین: مەبەست لەو هەموو داهێنان و زانست و ئەدەبە چییە، کە هەزاران ساڵە مرۆڤ خۆی پێ سەرقاڵ کردوە؟ وەڵامەکی وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و ئارامیی ڕۆح و ژیانی خۆشی مرۆڤە. دیسان پرسیارێکی دیکە بە ڕووماندا زەق دەبێتەوە: ئەم خۆشگوزەرانییە، چۆن وەدەست دێ؟

– لە ڕێی جوانییەوە.

با لە پێشدا، ئەو ڕاستییە بخەینەوە بەرچاو، کە هەرچی لەم گەردوونەدا بوونی هەیە جوانە و چەندان جوانی لە شیوەی جیا جیای تێدایە، بە بۆق و قرژاڵ و ژیژک و مار و قالۆنچە و زیکزیکە و خڕنووک و دڕکەزەردە و تووتڕک و لمی بیابان و گەردەلوول و ڕەشەبا و تۆف و ڕەهێڵەوە... تاد.

کەواتە ئەرکە سەرەکی و قورس و پیرۆزەکەی ئەدەبی منداڵان دەبێ لەم خاڵانە – پەیوەست بەم بابەتە، ڕۆشنایی بخرێتە سەر و بایەخی پێبدرێ و داهێنانی تێدا بکرێت:

○ جوانی چییە؟
○ جۆرەکانی جوانی چیین؟
○ سەرچاوە و کانگای جوانی لە کوێیوە هەڵدەقوڵێ؟
○ چۆن جوانی بەرجەستە دەکرێ؟
○ چۆن دەتوانین جوانی بکەینە ئامرازی بەختەوەری مرۆڤ و گیاندار و ژینگە؟
○ چەندە ئەدیب و شاعیرانی ئێمە توانیویانە داهینان لەم هونەرەدا بکەن؟

○ چەنـدە مامۆسـتا و باوانـی منـداڵ جواننـاس و دەتوانـن جوانییـەکان، وەک هەنـە، بخەنـە بـەر چـاو منداڵەکانیـان؟
○ چـۆن منداڵ ئاشـنا دەکرێـت بـە جیهانـی جوانـی و هۆشـیاریی جوانـی و جیهانبینیـی جوانـی؟

دەکـرێ، ئـەم (٣) ڕەهەنـدە، بکەینـە ئامـراز بـۆ باشـتر ناسـینەوە و ئاشـنا بـوون بـە جوانـی لـە ئەدەبـدا:

یـەک: هونـەری جوانـی زمـان: ئامـرازی گەیاندنـی ئـەدەب، زارەکـی بـێ یـان نووسـراوە، بـە پلـەی یەکـەم زمانـە، ئەوجـا چـاو و گـوێ دێ. خۆشـزمانی و ڕەووانـی و دەوڵەمەنـدی فەرهەنگـی و شـارەزایی لـە بنـج و بنەوانـی زمانـی دایـک، یارمەتیـدەرن بـۆ خولقانـدن و داهێنانـی شـیعر و ئەدەبـی ڕەسـەن و بـاڵا و جـوان. پێچەوانەکەشـی درووسـتە.

ئاسـتنزمی و کاڵفامـی لـەو بوارانـەدا، بەرهەمـی ناشـیرین و ئێسـکگران و بێـڕەزا وەبەرهـەم دێنـن، کـە تەمـەن کورتـن و بێبایەخـن.

دوو: هونـەری جوانـی هونـەر: چەنـدە دەقنـووس دەسـتی بـاڵا و ڕەنگینـی لـە سـنعەتی شـیعر و ئەدەبـدا هەیـە. دەکـرێ هەمـان فڵچـە و بۆیـە دەیتـە دەسـت دوو کـەس، یەکیـان هونەرمەندێکـی بەتوانـای شـێوەکار بـێ، ئـەوی دیکەیـان، کەسـێکی کـەم ئەزمـوون بـێ؛ بەرهەمـی کامیـان جوانتـر دەبـێ؟ - لـە کاتێـکا یـەک کەرەسـتە و ئامرازیـان لەبـەر دەسـت بـووە. لێـرەدا، دەبـێ پـەروەردەکار بزانـێ، جوانییـەکان لـە کـوێ حەشـار دراون و بیـان دۆزێتـەوە و بشـزانێ چـۆن ئەدایـان دەکا.

سـی: بـەدەر لـە جوانـی زمـان و جوانـی هونـەری ئەدەبـی، جوانـی

هونـەری پەیـام دێ: بـا ئـەو دوو خاڵـەی سـەرەوە بـەو پـەڕی لـێ زانیـەوە کارییـان پێکرابـێ، بـەڵام ناوئاخـن و پەیامـی دەقەکـە، کووشـتن و بوغـز و تێکـدان و تێکشـکاندنی بەهـا جـوان و پیـرۆزەکان بـێ، نـەک پوولێـک ناهێنـێ، بەڵکـوو زۆر مەترسـیدار و زیـان بەخشیشـە.

عەزیـزی مـەلای ڕەش، لە دەقێکی ناسکدا، پەیامی ڕەنجکێشـان و ماندووبـوون و خەباتکـردن لـە پێنـاو ژیـان، لـە دڵ و دەروونـی منـداڵان دەچینـێ و بـە سـایەی پەپوولەیـەک دەچێتـە جیهانـە پـاک و بـێ غـەل و غەشـەکەی منـداڵ و دەڵـێ:

ئەی پەپوولەی ڕەنگا و ڕەنگ
لەش بالیفۆکەی قەشەنگ
من و تۆ یەک مەبەستین
لە هەوراز و لێژی ژین
شەو و ڕۆژ تێدەکۆشین
لەو ڕێبازە سەرکەوین
تۆ بۆ شیلە پڕ بە دڵ
لەم گوڵ دەفڕی بۆ ئەو گوڵ
منیش زەو ی وەرگێڕم
تۆدەرم هەم ئاودێرم
بە هۆی ئارەق ڕژینم
شیلەی زەوی دەردێنم [٥٣]

---

٥٣) عەزیزی مەلای رەش، پشیلۆکە، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩، ل. ١٥

دەقەکە بە زمانێکی پاراو و هاسان و شیرین داڕێژراوە. لە پاڵ پەیامێکی ژیاندۆستی بەرز، دەسکێک پەیڤی نوێ لە بن گوێی منداڵ دەچرپێنێ، وەك: بالیفۆکە، هەوارز و نشێو، ڕێباز، شیلە، زەوی وەرگێڕان، تۆدەر، ئاودێر.

## بونیاتی ژینگەی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی:

ئەو (٩) تەوەرەی سەرەوە کە
بە ناونیشانی (بونیات) پێشکەشمان کردن، هەر هەموویان، یەک ئامانجیان هەیە ئەوەیش گەیشتن بە جوانترین و شکۆدارترین بونیاتی ژینگەیی بە مەبەستی مرۆڤدۆستی و ژینگەدۆستی.

بەداخەوە، هات و هاواری گۆنگرە فراوانەکانی جیهانی و جارنامەرکان و میدیا زەبەلاحەکانی وڵاتانی باڵا دەست، تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە، شتێکی وا لە واقیعی فیکری و کرداری و ئەخلاقی مرۆڤەکان بگۆڕن بەرامبەر ژینگە. هەموویان هاوار دەکەن؛ هۆ خەڵکینە، ئاگادار و هۆشیار بن، لە نێوان ئەو ملیار ملیار ئەستێرەیی گەردوون، هەر ئەم تاقە ئەستێرەمان هەیە، کە ژیانی تیدا بێ، و هیچ کونجێکی دیکە شک نابەین، کەچی ڕۆژانە بە دەیان ملیۆن بۆشکە نەوت دەسووتێندرێت و دوکەڵ و گەرماییەکەی دەچیتە نێو بەرگی هەوا؛ بە هەزاران تۆن زبڵ و خاشاک، فڕی دەدرێتە سەر ئەو ئەرز و نێو ئەو خاک و خۆڵە جوانە؛ ڕۆژانە بە هەزاران هەزار پەلەوەر و گیاندار

سـەردەبڕێن و ڕاوەدەکرێـن و قـڕ دەکرێـن؛ ڕۆژ نییـە بـە فەرسـەخ جەنگـەڵ و دارسـتان و لێڕسـتانەکان نەبڕنـە و نـە سـووتێنن بـە مەبەسـتی بازرگانـی و سـەرمایەداریی چاوچنۆکـەکان... . دوێنـی ژینگـەی هـەوا و ئـاو و خـاک و خۆراکمـان جوانتـر و پاکتـر و تەندرووسـتتر بـوو لـە چـاو ئەمـڕۆ، کـە نێوانیـان هـەر (٢٤) دەمژمێـرە!

هەگیـز، ناتواندرێـت، ئـەو واقیعـە ناشـیرین و ڕەزاقورسـە، دەرهـەق بـە ژینگـە، بگۆڕیـن، گـەر نەتواندرێـت هۆشـیاریی ژینگـەی لـە دڵ ودەروون و هـزری منداڵـەکان، وەک نـەوەی ئاینـدەی مرۆڤایەتـی، بڕوێنـن و گەشـە پـێ بکەیـن.

تـا ئێسـتا یـەک تاقـە گیانـدار یـان بوونـەوەر، زەڕرەیـەک زیانـی بـە ژینگـە نەگەیانـدووە. ئـەوە هـەر مرۆڤـە، تێکـدەر و ڕوخێنـەر و پیسـکەری ئـەم گەردوونـە جوانەیـە، لـە پێنـاو بەرژەوەندیـی کاتیـی مـاددی خـۆی.

هـەر کاتـێ مرۆڤـەکان هۆشـیاریی ژینگەییـان پەیـدا کـرد و بـە کـردار بەرجەسـتەیان کـرد، ئـەوا ژینگـە دەبووژێتەوە و مەترسـیی لەسـەر کـەم دەبێتـەوە. لێـرەدا شـیعر و ئـەدەب، بـە یەکێـک لـە ئامرازەکانـی ئـەو هۆشـیارییە دادەندرێـن، گـەر لێـی بزانیـن.

ئەحمـەد محەممـەد (چاوشـین) (١٩٥٧- )، زۆر بـە جوانـی خۆشەویسـتیی بـۆ ئـاو دەردەبڕێـت و منـداڵان هـان دەدا کـە ڕێـز و قـەدری ئـەو دیارییـە خوداوەندییـە بەنرخـە بگـرن. ئـەم دەقـە بـۆ هەمـوو شـوێن و سـەردەمێک گونجـاوە لەسـەر ئـەم زەمینـەدا. ئـەو دەڵـێ:

یەک دڵۆپی ئاو وەک زێڕە
بە فیڕۆی مەدە، خێرە
دەست بە ئاو بگرە ڕۆڵە
شوێنێ بێ ئاو بێت چۆڵە
دە ڕاکە، باشە، هەستە
بووریە وسۆندان ببەستە
لەگەڵ تۆمە خوشک و برا
ئاو با نەڕژێ لە خۆڕا [٥٤]

---

٥٤) ئەحمەد محەممەد، جووجەڵە و منداڵەکانم، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل. ٣٩

**شکاندنی تەیمانی ژینگە لە هێندێ شیعری منداڵاندا:**

لـە تـەوەرە و بڕگەکانـی پێشـتری ئـەم کتێبـەدا، ڕۆشـنایمان خستە سـەر دوو چەمکی بنەڕەتـی بابەتەکەمـان: چەمکـی ژینگـە و چەمکـی شـیعر، لـە دوای تاوتوێکـردن و وردەکاریـی ئـەو دوو چەمکە، بـە نموونـە و ڕاڤـە و لێکدانـەوە، (١٠) بـواری بەرفراوانـی ئـەم بابەتەمـان خسـتەڕوو.

بـەڵام، هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەو بـوار و بونیاتـە جیاوازانـەی ئاماژەمـان پێـداون، شـیعری منداڵانـی کـوردی، چەنـدان مـژار و کایـە و سـەکۆی دیکـەی هەیـە کـە پێویسـتە ڕەخنەکارانـە قسـەیان لەسـەر بکرێـت. لـەم تەوەرەمانـدا، قەڵەمـکاری لـەو دەقـە شـیعرانەی منداڵانـدا دەکەیـن کـە سـنووری بـاوی خۆیـان، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان، بەزانـدووە و لـە یاسـا و ڕێسـا پەسـندکراوەکان دەرچـوون.

گوتمـان، شـیعری ڕەسـەن و شـاکار و مـەزن، هەڵگـری پەیامـە، پەیامـەکان ڕووبەرێکـی فراوانـی کایەکانـی ژیـان دادەپۆشـن، وەک بـواری مرۆڤدۆسـتی، بـواری بەهـا و ڕەوشـت بـەرزی، بـواری نیشـتمانپەروەری، بـواری ئاشـتەوایی و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایەتـی، بواری پـەروەردە و پێگەیانـدن، بـواری جوانناسـی و ژینگەپارێـزی، بـواری سـۆز و خۆشەویسـتی، بـواری هاوسـەنگیی دەروونـی و ئارامیـی ڕۆح... تـاد.

بەداخـەوە، کتێبخانـەی شـیعری کـوردی، بەتایبەتـی شـیعری منـداڵان، خاڵـی نییـە لـە هێنـدێ دەق کـە ئـاکام و دەرهاویشـتە دەروونییـە درێژخایەنەکانـی نـەک هـەر نەرێنیـن بەڵکـوو ڕووخێنـەر و خەمهێنـەر و تێکشـکێنەری نـاخ و ئومێـد و ئاینـدە

و خەونە جوانەکانی مرۆڤن. ئەم قسەمان بەو واتایە نا، کە شاعیرمان هەیە ئومێدکوژ و ئایندەڕەشکەر و خەون لەباربەرن. نەخێر، ئەوان هەرگیز، بەو مەبەستانە دەقە شیعرەکانیان دانەڕشتووە، بەڵکوو بارودۆخ و زرووفی سیاسی و سەربازی و ئاسایشیی کوردستان، ئەوانی ناچار کردووە، کە بە جۆرە شیعرێک بنووسن، شێوازێک (ئیمڕۆ) ڕەخنەکاران دەیانخەنە خانەی نەشیاو و پەسند نەکراو. بۆ نموونە، شاعیران چ ئەوانەی لە زیندان و گرتووخانەکانی داگیرکەران بوون، چ ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو جێگایانە بوون، هەمیشە لە ژێر چاودێری دابوون، ڕەقیبیان بە داوە بووە، دەرفەتی ئازادی نووسین و سەربەستی ڕا دەربڕینیان نەبوو، بۆیە هەوڵیان داوە بە جەفەنگ و ڕەمز بیرۆکەکانیان داڕێژن، یان وەک شیعری منداڵان بڵاویان بکەنەوە و بکرێن بە سروود و گۆرانی. بۆ نموونە، بڕوانە (لایەلایە)کەی مام هەژاری شاعیر (١٩٢٠ - ١٩٩١)، بە ڕواڵەت دەقە شاکارەکە لایەلایەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر لە بەیاننامەیەکی سیاسیی ڕێکخستنی جەماوەری دەچێ، چەندان ڕێنمایی و لێکدانەوە و پێشبینی و ئامۆژگاری و بەرنامە و جارنامەی تێدایە، کە نەک منداڵی ساوا بەڵکوو مێردمنداڵێش لێیان حاڵی نابێ و باش تێیان ناگات. شاعیر دەڵێ:

ڕۆڵە رووناکی گلێنەی چاوم
بەندی جەرگ و دڵ هێزی هەناوم
ڕەیحانەی بۆن خۆش سوورە گوڵەکەم
ئاو پڕشکێنی کوڵی دڵەکەم

چۆڵەمەی ئەستۆم، ڕەگی حەیاتم
هەنگوین و قەندم، نوقڵ و نەباتم
خەوی خێرێت بێ بنوە درەنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێدەنگە
هەی لایە لایە، رۆڵە لای لایە
ئەمشەو بەزەت بە من دا نایە
***
ژیر بەوە رۆڵەی ژیر و جوانم
لە داخی لانک دەگری دەزانم
دەڵێی بۆ حەپسم بۆ دەستە بەستەم
بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم
لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نی یە
ئەو بەند و قڵف و قەڕازە چییە
کوڕم من بیرم لە تۆ زیاترە
دەسرازە و لانک بتبێ چاترە
هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
مات بە پێت بڵێم لەبەر چی وایە
***
ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی
نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی
بەڵام چونکە کورد ئەوڕۆ بێکەسە
بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە
بۆیە دەتپێچم تا خوی پێ بگری
نەک تا من ماوم لە بەندا بمری
بەو چارەرەشیەت نەماوە تینم

هەر پێم خۆش نییە مەرگت ببینم
هەی لایە لایە، رۆڵە لای لایە
هەزار تێببینی دوارۆژم لایە
***

بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵی و سوێریت لە سەر دەچێژم
نەمامی باڵات بە فرمێسکی چاو
شەو و نیوە شەو لێی دەنێم شەواو
سەد چاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر گەیشتی دوژمنی زاڵم
دەتبڕێ و بەزەی نایە بە حاڵم
هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
دەک خاک بە سەر خۆم ڕەنجم بە بایە
***

پەشێو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی
سەر بەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی
قەڵەم دەست دەیە و ببە مەکتەبی
وەخت و بێ وەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتەی لەگەڵ کاکت دوو بە دوو
بکەن هاواری هەققی لە دەس چوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕا و بە تەگبیر
یەکتان بە قەڵەم، یەکو بە شمشیر
هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەریی لە قەڵەم دایە

***

یەک نامە ڕەش کا لە داد و هاوار
یەک زەوی سوور کا لە خوێنی بەدکار
یەک لە قوڕنیشێ بڕوا بۆ تکا
یەکێ قوڕ بەسەر دوژمن دا بکا
ئەو پەلەقاژەی ئیستا لە کن من
دەکەی بەند لادەی لە دەست و گەردن
ئەو تەقەلایەت بۆ دوا ڕۆژ باشە
جوچک هەوڵێ دە، بێ ڕوحمە واشە
هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە
دەس لە دەس تەوفیق لە کن خوڵایە
***

ڕۆڵە نیشتمان چاوی لە ڕێتە
دایکمان هەویای دوا ڕۆژی پێتە
بۆیە ئەندامت وەک مینای بێ گەرد
خاوێن ڕادەگرم بە سەد ڕەنج و دەرد
چاکەم دەیەوە بۆ وەتەن وەک کوڕ
تۆش بیگەوزێنی لە ناو خوێن و خوڕ
پێت بڵێم ڕۆڵە سەر سوودی چییە
بۆبەردە بازی ڕێی ئازادی یە
هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
نیشتمان بۆ تۆ دەستە و دوعایە
***

ڕۆڵە ناموست وەک خزمەکانت
نەفرۆشی بە پووڵ دەستم دامانت

شەڕەف گەوهەرە قیمەتی نایە
دەویت ڕووڕەشی هەردوو دنیایە
ئەو کەسە پیاوە بۆ خاک و ئاوی
ڕۆح دانێ و بە چاک بمێنێ ناوی
نەتبیستوە، واتەی زانای سەرزەمین
مەردانە مردن نەک حیزانە ژین
هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
بخۆینە نەزان چی لە دەس نایە [55]

چونکـە بابەتەکەمـان شـیعری منـداڵان و ژینگەیـە، پتـر ئـەم دوو لایەنـە دەخەینـە سـەر دەزگاکەمـان چەکوشـکارییان تیـدا دەکەیـن. مەحمـوود عەبدولکەریـم باجـەلان لەمـەڕ ئەدەبـی منـداڵان دەنووسـێ: «نووسـەر مامۆسـتا نییـە و نابێـت مامۆسـتاش بێـت، بـەڵام دەبێـت لـە کەسـایەتیی منداڵ تێبگات و بزانێـت ئـەم کەسـایەتییە لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی گەشـەکردنیدا لـە ڕووی تێگەیشـتن و هەسـتیاری و کارلێکەکانـەوە چـی دەوێـت، ئـەم کارلێکـە چاوەڕوانکـراوە دەبێـت ئامانجـی پێشـوەختەی دیاریکـراوی هەبێـت، نووسـەر لێکدانـەوەی وردی بـۆ کردبێـت و لـە لێکەوتەکانـی وەئاگابێـت، ناتوانرێـت داهێنانـی ئـازاد و دیـداری لەگـەڵ منداڵانـدا بکرێـت، داهێنـان لێـرەدا دەبێـت لـە جیهانـی منداڵانـەوە دەسـت پێبـکات و هـەر بـۆ منداڵانیـش بگەڕێتـەوە، هـەر لەبنەڕەتـدا لەسـەر کۆکردنـەوەی ئـەو وزە خەیاڵییـەی کـە لـە منداڵانـدا هەیـە، یـان لەسـەر خستنەڕووی واقیـع بـە شـێوەیەکی جوانیناسـانە بـە مەبەسـتی گەیاندنـی کۆمەڵێـک بەهـای مرۆیـی

55) https://allekok.ir/poet:1/book:3/poem:1

بـە منـداڵان دادەمەزرێـت، بـەم پێیـە ئـەو داهێنانـە ئەدەبییـەی ئاڕاسـتەی منـداڵ دەکرێـت، خەمـی هەڵبژاردنـی جوانتریـن بەهاکانـە و خەمـی نزیککردنەوەیانـە لـە عەقڵـی پەیامگـر، بـە شـێوەیەک کـە منـداڵ بتوانێـت وەریبگرێـت و باوەڕیـان پێبکات و لـە خزمـەت گەشـەیەکی دەروونـی و پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی منداڵانـدا بێـت، بـە جۆرێـک بتوانێـت بەرجەسـتەیان بـکات لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەوانـی دیکـەدا و لە داڕشـتنی داهاتووی خۆیـدا.»[56]

بـا ئـەو بڕگەیـە بکەینـە دەسـتپیک کـە دەڵێ:(ئـەو داهێنانـە ئەدەبییـەی ئاڕاسـتەی منـداڵ دەکرێـت، خەمـی هەڵبژاردنـی جوانتریـن بەهاکانـە و خەمـی نزیککردنەوەیانـە لـە عەقڵـی پەیامگـر، بـە شـێوەیەک کـە منـداڵ بتوانێـت وەریبگرێـت و باوەڕیـان پێبـکات و لـە خزمـەت گەشـەیەکی دەروونـی و پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی منداڵانـدا بێـت، بـە جۆرێـک بتوانێت بەرجەسـتەیان بـکات لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەوانـی دیکـەدا و لـە داڕشـتنی داهاتـووی خۆیـدا)، لـە خووردکەنـەوەی ئەمـەدا، ئـەم خاڵانـە دەخوێندرێنـەوە:

○ بەرزڕاگرتنی بەها جوانەکان، خەمی لەپێشینەی دەقنووسە.

○ وەدسـتهێنانی متمانـەی منـداڵ، سـەنگی دەقەکـە قورسـتر و بەنرختـر دەکات. منـداڵ بوونەوەررێکـی بـە هەسـت و توانـای هەڵسـەنگاندی دەورووبـەری خـۆی هەیـە، لـە بازنـەی تەمەنـی خۆیـدا.

○ دەبـێ دەقنـووس خزمەتکردنـی گەشـەی دەروونـی و پەروەردەیـی و کۆمەڵایەتـی منداڵانـدا لەبەرچـاو بگرێـت.

56 ) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٨٩٥١ لە ٤ / ٧ / ٢٠٢٣

○ ڕاگرتنــی هاوســەنگیی پەیوەندییەکانــی منــداڵ لەگــەڵ دەرووبەریــدا لــە دارِشــتنی داهاتــوودا، نابــێ فەرامــۆش بکرێــت.

لــە ڕۆژی ١٧ی تەمــووزی ٢٠٢٣، دامــەزراوەی کەریمــی عەلەکــە بــە هاوکاریــی ئەنجومەنــی ئەدەبــی منــداڵان – ســەر بــە بەڕێوەبەرایەتیــی ڕۆشــنبیری منداڵانــی ســلێمانی، یەکــەم دیــداری (لەتیــف هەڵمــەت بــۆ ئەدەبــی منــداڵان) لــە ســلێمانی ســازکرد. مەحمــوود عەبدولکەریــم باجــەلان، کــە یەکێــک بــوو لــە (١٢) پانیلســتەکان، بابەتێکــی پێشــکەش کــرد بــە ناونیشــانی (ئاڕاســتەیەکی جیــاواز بــۆ خوێندنــەوەی هێنــدێ لــە شــیعرەکانی لەتیــف هەڵمــەت) و ســەرەتا گوتــی:» «بــەو ئومێــدەی بتوانیــن ئاڕاســتەیەکی ڕەخنەیــی نــوێ و هاوچــەرخ بهێنینــە دی بــۆ خوێندنــەوەی ئەدەبــی منــداڵان و دیدێکــی مەعریفیانــە و نــوێ لەبەرچاوبگریــن لــە دانــان و دارِشــتنەوەی شــیعر و چیــرۆک و ئەدەبــی تایبــەت بــە منداڵان بــە جۆرێــک ئــەوەی دەنووســرێت بــۆ منــداڵ بێــت، بــەو واتایــەی بابەتێــک بێــت لــە هــەر قۆنــاغ و تەمەنێکــدا منــداڵ بتوانێــت ئاوێتــەی بێــت و کاریگەریــی پۆزەتیڤانــەی هەبێــت بــۆ گەشــەی قۆناغەکــەی و تێپەڕبــون بــۆ قۆناغێکــی نــوێ، نــەک نووســین ئەوەبێــت کــە شــاعیر دەیەوێــت بــێ ڕەچاوکردنــی ئاســت و تەمــەن و قۆناغــی منــداڵ بئاخێنرێتــە دەروون و هــزری منداڵــەوە و وەک مەعریفەیەکــی درووســت وەریبگرێــت و دواتریــش کاریگــەری نەرێنــی لەســەر منــداڵ جێبهێڵێــت». ڕەخنــەکار (١٤) دەقــە شــیعری (لەتیــف هەڵمــەت) ی، وەک نموونــە تاوتوێکــرد بــوو کــە بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان، ڕەنگبــی دەرهاویشــتەی نەرێنی لەســەر هــزر و هــۆش و دەروونــی منداڵــدا هەبــێ، لەو ســۆنگەوە کــە دەقــەکان لادەرن لــە ناوەڕۆکــی

جارنامـەی مافـی منـداڵ، یـان سـپاردنی ئـەرک و چالاکـی و فرمانێـک کـە لەگـەڵ قۆناغـی سـەردەمی منداڵیـدا وێکنایەتـەوە، یـان ڕەچاونەکردنـی سـنووری ڕێزگرتـن لـە کەسانی دیکـە، خاوەن داپێویسـتییەکان بـە نموونـە.

نامانـەوێ لێـرە، ئـەو ڕەخنەکارییـەی مەحمـوود باجـەلان بنووسـینەوە، چونکـە لـە دەرەوەی سـنووری بابەتەکـەی ئێمـەن، بۆیـە تەنهـا ئـەو دەقانـە بەسـەر دەکەینـەوە کـە پیوەسـتن بـە ژینگـە، کـە مەیدانـی باسـەکەمانە:

باجـەلان ئـەم دەقـە شـیعرەی لەتیـف هەڵمەتـی، کـە بـە نـاوی (تابلۆیـەک) بڵاوکراوەتـەوە، بـە نموونـە هێناوەتـەوە:

لە پۆلەکەمدا تابلۆیەک
هەڵواسراوە
سوورە وەک پشکۆیەک
سوور سوورە
خوێناوە
دووکەڵێکی ڕەش و چڵکن
بە دەوریدا ورووژاوە
بە هەزاران منداڵ و ژن
لە ناوەندی تابلۆکەدا کوژراوە [٥٧]

باجـەلان دەنووسـێ:»ئەم دەقـە شـیعرە، دیمەنێکـی تراژدیایـی سـەخت دەخاتـە پێـش چـاوی منـداڵ، کـە بە هیـچ جۆرێـک تەمەن دەستنیشـان نەکـراوە بـۆ کێـی گوتـراوە؟ بۆچـی ئـەم شـیعرە بـۆ منـداڵ بێـت؟ چـی بەدەسـت دەهێنیـن ئەگـەر ئـەم دیمەنـە تەڵـخ

---

٥٧) دیوانی لەتیف هەڵمەت.

و ڕەش و خوێناوییـە بخەینـە هـزر و خەیاڵـی منداڵـەوە؟ باشـە ئـەم پۆلـە چ پۆلێکـە، حیکمـەت لـە هەڵواسـینی تابلۆیـەک لـەم جـۆرە کـە هەمـوو کات لەپێـش چـاوی قوتابـی بێـت چییـە؟ ئـەم شـیعرە بـە شـێوازێک داڕشـتراوە زۆر نەرێنی و نەگونجـاوە لەگەڵ خەیـاڵ و هەسـتی منـداڵ. بـە وێنەیەکـی سـامناک ئەوەنـدەی تـرس و نیگەرانـی و ڕاڕایـی دەخاتـە دڵ و ئەقڵـی منداڵـەوە، هێنـدە زانیاریـی ناگەێنـێ"[58]

باجـەلان لـە ڕەخنەکاریـی دەقـە شـیعری (کچـی ئـازا)ی لەتیـف هەڵمەتـدا، دەڵـێ:» ئەگـەر سـەرنجێکی ورد لـەم شـیعرە بدەیـن، دووچـاری تێڕامانێکـی قـوڵ دەبیـن، ئایـە چـەک هەڵگرتـن ئەرکـی کچێکـی منداڵـە؟ ئایـا نیشـتیمان پـەروەری و پاراسـتنی نیشـتیمان کاری منداڵـە؟ منـداڵ سـەرەڕای ئـەوەی دەبێـت هەمـوو مەرجەکانـی سـەلامەتی و گەشـەی درووسـتیی دەروونـی بـۆ ئامـادە بکرێـت و خـۆی و ژیانیشـی بپارێزرێـت، چـۆن دەبێـت بەشـداری جەنـگ و شـەوەزەنگ بکرێـت؟ ئایـا بیانوویـەک هەیـە تـا لـە شـیعرێکدا منـداڵ دووچـاری هەسـتێکی خـۆ قوربانیکـردن و خوێنڕشـتنی لـەلا درووسـت بکرێـت؟ منداڵێـک بـۆی هەیـە چـەک بەکاربهێنێـت و دەسـتیشـی لەسـەر پیتکـەی تفەنـگ و ئامادەبێـت بـۆ تەقـە کـردن؟ ئـەم شـیعرە دەکرێـت شـیعرێکی پـڕ لەهەسـتی بەرخـۆدان بێـت، بـەڵام ناکرێـت ئـەم شـیعرە بـۆ منـداڵ بێـت و لـە پڕۆگرامـی خوێندنـی منداڵانـدا بیخوێنێـت."[59]

---

٥٨) یەکـەم دیـداری لەتیـف هەڵمـەت بـۆ ئەدەبـی منـداڵان، مەحمـوود عەبدولکەریـم باجـەلان، سـلێمانی، ٢٠٢٣/٦/١٧
٥٩) سەرچاوەی سەرەوە.

ئەمەش دەقی (کچی ئازا) یە:
بازنگێک و
جووتێ گوارە و
تفەنگێکیان
دا بە کچێکی فەلەستینی
کچەی دڵسۆزی نیشتیمان
بازنگەکە و چووتە گوارەکەی شکان
تفەنگەکەشی کردە شان
دەس لەسەر پیتکەی تفەنگا
لەجەرگەی شەوی جەنگا
بەخوێنی خۆی خاکی فەلەستینی گەش کرد
ناوی خۆیشی لەناو لیستەی نەمرەکاندا
نەخش کرد [60]

بەڵام، لەتیف هەڵمەت، چاک دەزانێ کە تفەنگ هەر خوێن و خەم و فرمێسکی پێیە، ئەوەتا لە دەقە شیعرێکی ناسکدا، تفەنگ ڕسوا دەکات و دەڵێ:

پڕ گوڵی جوانەماڵمان
گوڵی نازدار و نیان
گوڵی سوور و سەوز و زەرد
گوڵی شاری و گوڵی هەرد
گشت گوڵێکم خۆش دەوێ
گوڵ بۆ هەمووومان دەڕوێ
زۆر ڕقم لە تفەنگە

٦٠) دیوانی لەتیف هەڵمەت.

تفەنگ حەزی لە جەنگە
گوڵ هەر گوڵاو دەپژێنێ
تفەنگ خوێناو دەڕژێنێ
بژی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ
بمرێ، با بمرێ تفەنگ [٦١]

***

ئێمە دەزانین کە منداڵ وەک بێچووە کوترەیە، هەمیشە چاوی لە باوان و کەسانی دەوروبەریەتی کە خزمەتی بکەن و ئاگاداری بن. لە هەمان کاتدا، منداڵ هیچ دەستێکی لەوەدا نییە گەر ئاستی بژێوی و گوزەرانی خێزانەکەی خراپ بێت و ئەوان دەستکورت و نەدار و هەژار بن. بێگومان هەژاریی ڕەنگدانەوەی لەسەر پۆشاک و پاک و خاوێنی منداڵ هەیە، باشترە پەروەردەکاران، بە بێ زامدارکردنی هەستی منداڵەکە، ئامۆژگاری بکەن لەو بارەیەوە. بەڵام ناوهێناو و شکاندنەوەی منداڵێک، بە ئەزبەرکردن و گوتنەوەی دەقە شیعرێک کە سەرکۆنە و شکاندنەوەی هاوڕێ و هاوپۆلی خۆیانی تێدابێ، پەسند و شیاو نییە و باشترە نەگوترێت. ئەوەتا ئەحمەد حسێن ئەمین (١٩٤٧ - )، دەیەوێ بەم شێوەیە پاک و خاوێنی بکاتە بابەتی شیعرێکی منداڵانەی و قارەمانەکەشی ناو ناوە (سامە) کە تەنانەت لەوەشدا جۆرە ئەتککردنێکی تێدایە، چ بۆ ئەو قوتابییەی ناوی (سامی، سامان، سامۆ، ساوێن...) بێ و منداڵ فێرە سووکردنی هاوڕێیەکانی دەکات. ئەمەش دەقە شیعرەکەیە کە ژینگەی دەروونی و ڕووخساری منداڵ دەشێوێنێ:

---

٦١) لەتیف هەڵمەت، چۆلەکەی سەردارەکە، ل. ٩

سامە چڵکن دەڵێی چی؟
لە خۆتەوە هەڵدەچی
دە لاچۆ بێ چاو و ڕوو
بەس خۆتم لێ هەڵبسوو
بەرگت پیس و خۆت بۆگەن
هەر دوو شوورەیت دەبەن
بڕۆ بڵێ دایە گیان
لێم وەڕسن هاوڕێیان
بەرگم بشۆ، خۆم دەشۆم
بە پاکی دێم و دەڕۆم
ژیان بەبێ خاوێنی
گوڵێکی تیا ناڕوێنی [٦٢]

***

منداڵ، بوونەوەرێکە نازانێ ترس چییە و ناتوانێ شتەکان لێک جیابکاتەوە لەسەر بنەما و تای تەروازووی خێر و شەڕ و جوانی و ناشیرینی، ئەوان نەرم و نیانی گیاندارێک و دڕندەیی یەکێکی دیکە نازانن. لە لای منداڵ ڕێوی و ئاسک هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەوە ئێمەین ئەو جیاوازییەی دەخەینە مێشکییەوە. وەک پارێزەری ژینگە، دەبێ ئەوە لە دڵ و دەروونی منداڵدا بڕوێنین، کە هەرچی لەو گەردوونەدا هەیە، جوانە و سوودبەخشە و مافی ژیانی هەیە. مرۆڤ و بوونەوەر و ڕووەک هەموویان پیرۆز و بەکەڵک و دڵگیرن.

نەجیبە ڕەحمانی (١٩٧١- )، لەم دەقە شیعرەدا جگە لەوەی

٦٢) ئەحمەد حسێن ئەمین، پلووسک، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢ ل. ١٥

ڕێـوی بەسـتەزمان هێنـدە ناشـیرین و سـتەمکار و بەدفـەڕ بـە منـداڵ دەناسـێنێ، دیمەنـی گیرگرتنـی ددانەکانـی لـە قوڕگـی نێچیرەکـەی، هێنـدەی دی زەندەقـی منـداڵ دەچووێنـێ و دوور نییـە لـە خـەودا ڕایچلەکێنـێ و تووشـی تـرس و خۆفـی بـکات.
ئـەو ژنـە شـاعیرە دەڵـێ:

ڕێوی بە مەکر و فێڵە
بە شوێن نێچیردا وێڵە
دایمە هەوڵە بۆ سکی
بگرێ تیکەی ناسکی
ئەووڵ بەزووانی چەوری
دەیخەڵەتێنێ فەوری
تا کاتێ ڕامیی دەکا
بەم شێوە سەیری دەکا
نەچیر کە زانی
قوڕگی گرتووە بە ددانی
هیوای نامینێ یەکجار
خۆی ئەسپێرێ بە بەدکار
ڕێوی جێی باوەڕ نییە
ڕای چاکی لەسەر نییە [٦٣]

***

گـەردوون، دیارییەکـی خوداوەندییـە، کـە جگـە لـە دیمەنـە جوانەکانـی و ڕەنگـە سەرنجڕاکێشـەکانی کـە بـە (٣١) ملیۆن ڕەنگ

٦٣) نەجیبـەی ڕەحمانـی، پەلکـە، بڵاوکردنـەوەی کتێبـی نیشـتمان، سـنە، ١٣٨٩ ف، ل. ١٩

مەزەنـد کـراوە،  هـەزاران هـەزار جـۆر دەنـگ و ئـاواز و نەغمـە و سـەدای تێدایـە. چ ئـەو دەنگانــەی بوونـەوەرەکان دروسـتی دەکـەن، چ ئـەو دەنگانـەی لـە سرووشـت دێنـە بەرگوێمـان. هیـچ دەنگـێ نییـە ناخـۆش بێـت، لـە کـەش و هـەوای خۆشـدا، بـە زرمـەی تـۆپ و گرمـەی بۆمبیشـەوە، گـەر بۆنەکـە خۆشـیانی بـێ.

کەچـی دەبینیـن، جەمـال گردەسـۆری (١٩٦٦ - )، لـە دەقـە شـیعرێکیدا، هەرچـی وێنـەی هونـەری ناشـیرینە لـە گەردنـی زیکزیکـەی دەسـوێ و تاوانبـاری دەکا بـە نارِحەتکردنـی خەڵـک. لـە کاتێکـدا، کـە مـەرج نییـە، هەمـوو خەڵکان، وەک ئـەم شـاعیرە بـە زیکەزیکەکـەی قەڵـس بـێ. بۆچـی تەیـرو تـوار و گیاندارێـک جوانتـر و خۆشەویسـتتر بخەینـە بـەر دیـدە و دڵ و هـزری منداڵ؟ لـە کاتێکـدا لـە لای ئـەو هەموویـان جوانـن.

شـاعیر بـەم شـیوەیە زیکزیکـە لەبـەر چـاوی منـداڵ ناشـیرین دەکات و دەڵـێ:

من پێت دەڵێم زیکزیکە
دەنگی مەکە چیدیکە
دەنگی تۆ بێزارییە
دوور لە خوێندەوارییە
تۆ نازانی بخوێنی
شادیمان بۆ بهێنی
تۆ لێرە هەستە بفڕە
ماڵەکەشت هەڵگرە
بانگ دەکەین کەو و بولبول
بۆمان دەخوێنن بە دڵ [٦٤]

---

٦٤ ) جەمال گردەسۆری، کۆترەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠، ل. ١٦

مەحموود باجەلان، دەڵێ لەتیف هەڵمەت، لە شیعری(بەفربارین) ڕەوتی یاریکردن لە چێژبەخشینەوە دەگۆڕێت بۆ توووندوتیژی و ئاڕاستەی منداڵان دەکات بۆ دووبەرە کە لەتیف هەڵمەت لە دەقێکدا دەڵێت:

دەی گورج بنە دوو بەرە
هێمن ڕاکە.. هێرش وەرە
هیوا تۆپەڵی تر خڕکە
گوێێ ڕزگاری پێ سڕکە
ڕێی مەدە تێی سرەوێنە
ناوچەوانی بتەزێنە

دەکرا لەم یارییە منداڵان پێکەوە یاری بکەن نەک بە دووبەرە، یاخود ورچ و شێرە بەفرینە درووست بکەن، پێبکەنن و خلیسکانێ بکەن، بەڵام ئەو ئاڕاستەیەی کە هانی منداڵ دەدات کە بۆ پەلاماردانی هاوڕێکەی و ئازاردانی دوورنییە ببێت بەخوویەکی چاسپاو و بەو شێوازە ڕەفتار و کرداری منداڵی لەسەر ڕابێت و وەک حەحیقەتێک وەریبگرێت، ئەگەر ئەمە ئاماژەی شاراوەشی هەبێت بۆ مەبەستی تر لای شاعیر، ئەوا بە تێبینیکردنی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ دەبێت شاعیر ئاگاداری ئەوەبێت منداڵ لەسەرەتاکانی منداڵی و بگرە منداڵی ناوەند و دواتریش بە ئاسانی ناتوانێت لە ئامازە شاراوەکان تێبگات و ئەوەی دەیبینێ و دەیبیستێت وەک خۆی لێی تێدەگات.“

***

کەواتە هەرچەندە شاعیر، هەڵگری هەموو خەسڵەت و بەهرە و توانستە پێویستەکانی نووسینی شیعر بێ، گەر

پەیامـی شـیعرەکانی مرۆڤدۆسـتانە و ژینگەدۆسـتانە نەبـێ، دەکەوێتـە بـەر کوولەچەقـۆی ڕەخنـەکاران و لـە نـرخ و ئەزموونی شـیعری ئـەو دەهێنـە خـوارەوە. ئەمـەش ئەزمـوون و وانەیەکـە بـۆ شـاعیران بـە گشـتی.

## ئاکام:

ژینگـەی کوردسـتان هەمیشـە سـەرچاوە و کەرەسـتە و ئامـراز و پەیامـی شـاعیرانی کـورد بـووە، لـەو دوو دەیـەی دواییـدا، ژینگـە و ژینگەپارێـزی لـە شـیعری منداڵانـدا ڕووبەرێکـی فراوانـی بەرهەمەکانـی داگیـر کـردوە، بەدەگمـەن بڵاوکراوەیەکـی نـوێ دەبینیـن، تایبـەت بـە منـداڵ، لـە پـاڵ لاپـەڕە ڕەنـگاڵ و نەخشـینەکانیاندا، بـە چەنـدان بابەتێکـی ژینگەیـی نەڕازابێتـەوە. بەرهەمـی سـەربەخۆش، تایبـەت بـە ژینگـە و ژینگەپارێـزی بـۆ منداڵان لـە کتێبخانەکانـدا کـەم نین. دەکـرێ خاڵە درەوشـاوەکانی لـە ئاکامـی ئـەم لێکۆڵینـەوە وەدەسـتمان کەوتـوون، بـەم شـێوەیە چـڕ بکەینـەوە.

- بەرهەمـی داهێنەرانـە، تەنانـەت گەردوونیشـمان، لـە شـیعری منـداڵان تایبـەت بـە ژینگـە هەیـە، بـەڵام ژمـارەی شـاعیرە دەقنووسـەکانی ئـەم شـاکارانە کەمـن.
- زۆربـەی دەقنووسـەکانی شـیعری تایبـەت بـە ژینگـە، لـە ئاسـت بایـەخ و گرنگـی ژینگـە نیـن و زۆر بەدەگمـەن دەتوانـن نیشـانە بپێکـن.
- لاسـاییکردنەوە و دووبارکردنـەوەی ناونیشـان و پەیـڤ و ناوەڕۆکـەکان هێنـدە بـێ تامبـووە، لـەم بـاوەڕەدام، منداڵێـش لێیـان دەڕەوێتـەوە، چونکـە زۆر کـەم نوێکارییـان تێـدا دەبینرێـت.
- هیـچ ئاماژەیـەک نییـە، کـە دەقنووسـەکانمان هەوڵـی ئـەوە بـدەن هاوتەریـب بـن لەگـەل گۆڕانـکاری و پێشـکەوتنەکانی تەکنەلۆژیـا و زانیارییـە نوییـەکان دەربـارەی ژینگـە، هەنـگاو بنێـن و هەوڵـدەن داهێنـان بکـەن.

○ چونکە دەقنووسانی کورد، کەمتر مژاری ئەدەبی خەیاڵی زانستی بەسەر دەکەنەوە، لەجێی خۆیەتی، کە پتر ئەدەبەکەمان بەو تەرزە دەقانە دەوڵەمەند بکەن، نەک هەر لە ڕشتەی شیعردا بەڵکوو لە هەموو ڕشتە ئەدەبییەکانی دیکەشدا.

○ ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و مەڵبەندە ئەکادیمی و ئەدەبییەکان کە کۆنفرانسێکی ئەکادیمییانە بۆ ئەو قەیرانەی (ئەدەبی ژینگەیی) بەستن و ڕاسپاردە و ڕێنمایی جددی و بەسوود دەربکەن و سنوورێک بۆ ئەو سەرلێشێواوییە دابنێن.

○ هەر پێشکەوتن و داهێنان و هەنگاوێک لە بواری شیعری منداڵان، تایبەت بە ژینگە نرابێ لە هەرێمدا، لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە دانییە کە ژینگە و ژیانی ئێمە و بوونەوەرەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە. تاق و لۆقە شاعیرمان هەیە سنووری ناوچەگەرایی ژینگەیی بەزاندبێت و لە مەترسییەکە بە ئاگابێت.

○ چوونە نێو جیهانی ژینگە و ژینگەی منداڵ مەحاڵە سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت:

١) ئەگەر دەقنووس (شاعیر یان ئەدیب) گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە فەرهەنگی زمانی منداڵ و فەرهەنگی زمانی نەتەوەکەی نەبێ.

٢) ئەگەر دەقنووس باش ئاشنا و شارەزا نەبێ بە زاستی ژینگە و ژینگەی نیشتمانەکەی خۆی.

٣) ئەگەر دەقنووس شارەزای کەلتوور و مێژوو و جوگرافیا و

بـواری کۆمەڵاتـی و ڕۆشـنبیری و ئایینی...تـاد کۆمەڵگاکـەی خـۆی نەبـێ.

٤) تـا خوێندنـەوەی واقیعیبینانـەی ئێسـتا و پشـبینییەکانی ئاینـدە لـە بازنــەی ڕۆشــنبیریی دەقنووســدا تــۆخ ڕەنگــی نەداتــەوە، وەدەسـتهێنانی شـاکاریی مـەزن لـە شـیعر و ئەدەبـی منداڵانـدا زۆر قــورس و ئەسـتەنگە.

٥) پێویسـتە بـەردەوام خوێندنـەوەی ڕەخنەکارانـە و ئەکادیمییانـە و هاوچەرخانـە بـۆ دەقـی شـیعری منـداڵان و ڕەنگرێـژی ژینگەیـی لـە دەقاکانـدا بکرێـن و پەنجـە لەسـەر زام و برینـەکان داندرێـن و چارەسـەریان، بـە ڕێنمایـی، بـۆ دەستنیشـان بکـرێ.

**سەرچاوەکان - (٥٥) سەرچاوە بە (٣) زمان:**

١. أحمد المنياوي: جمهورية أفلاطون.
٢. أيمن محمد فتحي عامر، أثر الوعي بالعمليات الإبداعية والأسلوب الإبداعي في كفاءة حل المشكلات، مخطوط رسالة دكتوراه، قسم علم النفس، كلية الآداب، جامعة القاهرة، مصر، ٢٠٠٢.
٣. بڕوا محەمەدی، ڕۆڵەکانم، بڵاوکراوەی دەزگای تەفسیر، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ١٩٩٩.
٤. تەها بیلال، بووکە شووشە، بڵاوکراوەی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٥. جەمال گردەسۆری، کۆترەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠.
٦. جەمیل ڕەئوف، پشەسوور، بڵاوەکراوەی کتێبخانەی بەختیاری، ٢٠١٣.
٧. حبيب الشاروني: بين برجسون وسارتر، دار المعاريف، الاسكندرية، ١٩٦٣.
٨. حەمە ساڵح فەرهادی، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، ب٢، چاپخانەی زانکۆ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢١.
٩. حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، کۆڕی زانیاری کورد، ٢٠٠٥.
١٠. حەمەکەریم هەورامی لە کتێبی ئەدەبی منداڵانی کورد، ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروردە.
١١. خالید عەبدل، یاریی شەڕەبەفر، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٦.

١٢. خونچـەی منـداڵان، محەمـەد داریـاس، چاپـی وەزارەتـی کشـتوکاڵ، ٢٠٠٦.
١٣. دایکی سۆلاڤ. قاسپەی کەو، چاپی سلێمانی. ١٩٨٥.
١٤. دیوانی لەتیف هەڵمەت.
١٥. دیوانی گۆران: books.vejin.net/ck/text/7144
١٦. رشـيد الحمـد، محمـد سـعيد صبارينـي: البيئـة ومشـكلاتها، سلسـلة عالـم المعرفـة، المجلـس الوطنـي للثقافة والفنـون والآداب، الكويـت، العـدد ،٢٢ أكتوبـر، ١٩٧٩.
١٧. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٨٩٥١ لە ٤ / ٧ / ٢٠٢٣.
١٨. ڕۆسـتەم خامـۆش، هاوڕێـی پێنـووس، چاپخانـە ؟، هەولێـر، ٢٠٢١.
١٩. زەکـی ئەحمـەد هەنـاری، هۆنـراوەی منـداڵان، د. کمـال مەعـروف، چاپـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان، هەولێـر،٢٠٠٠.
٢٠. ژینگـەی کوردسـتان، هاوبـەش، شـیعر بـۆ منداڵان، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠٢٠.
٢١. سـمير عيدالوهـاب احمـد، ادب الاطفـال، دار المسـيرة للنشـر و التوزيـع، عمـان، ٢٠٠٩.
٢٢. سـيد قطـب: مهمـة الشـاعر فـي الحيـاة وشـعر الجيـل الحاضـر، دار الشـروق، القاهـرة، مصـر.
٢٣. ع.ع. شەونم، دیوانی جریووەکان، ١٩٨٨، چاپخانە.؟
٢٤. عەزیـزی مـەلای رەش، پشـیلۆکە، چاپخانـەی کاکـەی فـەلاح، ١٩٧٩.
٢٥. عەزیزی مەلای ڕەش، گۆڤاری هەنگ، ژمارە ٣٧، ئاداری ١٩٩٩.
٢٦. عەلـی حەمەڕەشید بەرزنجـی، کۆڤیـن و هاوڕێیاکانـی، چاپـی دووەم، چاپخانـە ؟
٢٧. فەرهـاد ئەحمـەد بەرزنجـی، خەیاڵـی کۆتـرەکان، چاپخانـە ؟،

.٢٠٢١
٢٨. فەرهـاد ئەحمـەد بەرزنجـی، ژینـی چۆلەکـە، چاپخانـە؟، سـلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٩. کەمـال ئەسعەد چەرمـەگا، گوڵاڵـەی پـاش مـەرگ، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ٢٠٠٥.
٣٠. گوڵاڵـە سـتاوەند، باغچـەی بـە گـوڵ و ڕەیحـان، بـڵاگا، سـنە، شـەمیم سـنە، ١٣٩٠ ف.
٣١. لەتیف هەڵمەت، چۆلەکەی سەردارەکە.
٣٢. لەتیـف هەڵمـەت، دیوانـی منـداڵان. چ. ٣، چاپخانـەی کاردۆ، سـلێمانی، ٢٠١٣.
٣٣. لەیـلا مسـتەفا خۆشـناو، خونچـە گوڵـەکان، بڵاوکـراوەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٩.
٣٤. محمـود محمد غانـم، التفکیـر عنـد الاطفـال تطـوره و طـرق تعلیمـە، دار الفکـر، عمـان، ١٩٩٥.
٣٥. محەمەد داریاس، خونچەی بەهاران، چاپخانە ؟، ٢٠٠٦.
٣٦. مەدحـەت بێخـەو، دیاری بـۆ منداڵانی کوردستان، بڵاوکراوەی ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣٧. نەجیبـەی ڕەحمانـی، پەلکـە، بڵاوکردنـەوەی کتێبـی نیشـتمان، سـنە، ١٣٨٩ ف.
٣٨. هاوژیـن سـلێوە، تابلـۆی پەپـوولان، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولیـر، ٢٠١٩.
٣٩. هەژار، هەنبانە بۆرینە، تاران.
٤٠. ئـازاد عەبدولعەزیـز مـزووری، سـترانێن ڤارینـێ، بڵاوەکـراوەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٩.
٤١. ئیبراهیـم باڵـدار، سـەیران، بڵاوکـراوەی دەزگای ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٣.

٤٢. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، پێشەکی خەرمانلۆغە، شیعر بۆ منداڵان، ١٩٨٥.
٤٣. ئەحمەد حسێن ئەمین، پلووسک، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٤. ئەحمەد محەممەد، جووجەڵە و منداڵەکانم، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.
٤٥. ئەسعەد لوڕزادە، بەرگی کوردی، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١١.
٤٦. یەکەم دیداری لەتیف هەڵمەت بۆ ئەدەبی منداڵان، مەحموود عەبدولکەریم باجەلان، سلێمانی، ٢٠٢٣/٦/١٧.
٤٧. ئەمین سەپان، شار و لادێ تێکەڵ بوون، چاپخانەی کەکۆن، ٢٠١٤.
٤٨. ئەمین محەمەد، خەیاڵی منداڵان، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، زنجیرە کتێبی منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٩. ئەمین محەمەد، ماڵی باران، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی، ٢٠١٠.

50. education.nationalgeographic.org/resource/ecosystem/

51. http://dengekan.ca/archives/2806

52. https://allekok.ir/poet:1/book:3/poem:1

53. https://ferheng.info/alfba/22998/

54. www.khaktv.net/alldetail.aspx?jimare=2073&type=farhang

55. zzhinga.blogspot.com/p/zhinga-chya.html

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

- (کۆترێك لە ئاگر)، شیعر، ٢٠١١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتیدا)، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٢، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- (هەورازەکانی کاروانی تەمەنم) ـ حەسەن کاکە، بیرەوەری، داڕشتنەوە، ٢٠١٣، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.
- (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٣، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- (ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا)، لێکۆڵینەوە، ٢٠١٤، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- (سەدای شیعر)، بەرهەمی هاوبەشی نۆ شاعیر، ٢٠١٤، خانەی چاپی ئەربیل، هەولێر.
- (ماچەکانی ئێـوارە کازیووە)، شیعر، ٢٠١٤، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- (ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ - ٢٠١٥)، کلتوور، ٢٠١٥، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- (خوێندنەوەیەک بۆ ٢ کتێب لە ١ کتێبدا)، ڕەخنە، ٢٠١٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- (پۆشاکی کۆییان)، کەلتوور ٢٠١٧، چاپخانەی تاران.
- (کەو لە کوردەواریدا)، کلتوور و باڵندەناسی، ٢٠١٧، چاپخانەی تاران.
- (جگەرە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆ بێکەسدا)، هاوبەش لەگەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، ٢٠١٧. ئەکادیمیای کوردی.
- (دایك لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا)، هاوبەش

لەگـەڵ دکتــۆر هاوژیــن ســلێوە ، ٢٠٢٠.
- (ئاگردانێـك بـە قـەد نیشـتیمان)، بیرەوەریـی، هاوبـەش لەگـەڵ دکتــۆر هاوژیــن ســلێوە ، تــاران، ٢٠٢٠.
- (ئەزموونـی پەروەردەیـی لـە پۆلـە و بـۆ پـۆل)، پەروەردەیـی، دەزگای ژیــاری پەروەردەیــی، ٢٠٢٠.
- (گوتـاری شـەوڕۆ)، ڕەخنـەی ئەدەبـی، چاپخانـەی چـوار چـرا، ٢٠٢١.
- (بولبولـی نـاو قەفەزیـش دەخوێنـی)، شـیعر، چاپخانـەی چـوار چـرا، ٢٠٢١.
- (زایەڵـەی شەمشـاڵەکەی سـەرداری بـاب سـەرداری)،هاوبەش لەگـەڵ دکتـۆر هاوژیـن سـلێوە، دکتـۆر هێمـن شـەمس ، سـەنتەری لاس، کۆیــە، ٢٠٢١.
- (ڕێوڕەسمی جـەژن لـە وراتـی کۆیـە ١٩٠٠ - ٢٠٠) چاپـی دووەم، چاپخانــەی چوارچــرا، سـلێمانی، ٢٠٢٣.
- (ڕەنگڕێژیی ژینگە لە شیعری منداڵانی کوردیدا)، ٢٠٢٣.
- ئەم بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپکردن:

- سەحەرە و ئەستێرەکم لێ هەڵنەهات، شیعر.
- بەرگی کەلەپووری، ئینسایکلۆپیدیای کۆیە، ٥٠٠ لاپەڕە.
- دیوانــی بەیــاد، لێکۆڵینــەوە و ڕەخنــە، هاوبــەش، دکتــۆر هاوژیــن صلیــوە.

**سوپاس و پێزانین بۆ ئەم بەڕێزانە:**

- سامان صەمەد-سامانە ڕەش، بۆ خەرجی چاپی کتێبەکە.
- هەمزە عەباس نەقی، بۆ هەڵەبڕی.
- نەوزاد محەمەد کۆیی، بۆ خەتی بەرگ.
- عادل زرار، بۆ دیزاینی سەربەرگ.
- توانا ئەحمەد، بۆ دیزاینی ناوەڕۆکی کتێبەکە.